# دێموکراسی چییه؟

## شارەزایی لەگەڵ دێموکراسی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»
e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: « »
- کتێب: دێموکراسی چییه؟
  شارەزایی لەگەڵ دێموکراسی
- نووسینی: نووسینی: دێڤید بیتهام و کێڤین بویل
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حسامی
- دەرهێنانی هونەری: قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن « »ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

# دێموکراسی چییە؟

## شارەزایی لەگەڵ دێموکراسی

٨٠ پرسیارو وەڵام لەبارەی دێموکراسییەوە

**نووسینی: دێڤید بیتهام و کێڤین بویل**

**لە بڵاوکراوەکانی یونسکۆ**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حسامی

لە دنیای ئێمڕۆدا ئەوەی لە هەموو مەسەلەیەک زیاتر باسی لێوە دەکرێ و بۆتە بنێشتە خۆشەکەی سەر زمانان، دێموکراسی و مافی مرۆڤە.

هەموو کەسیش دان بەوەدا دەنێ کە دێموکراسی باشترین چوار چێوەی ئەنجامدانی مافەکانی مرۆڤە و لە ڕێگای دێموکراسییەوە تاک یا کۆمەڵ دەتوانێ بە ماف و ئاواتەکانی بگات.

دێموکراسی چەندی بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگای شارستانی و گەیشتن بە مافی مرۆڤ گرنگە، ئەوەندەش تێگەیشتنی جەوهەری ڕاستەقینەی دێموکراسی و ناسینی پەیوەندییەکانی لە گەڵ دیاردەو پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستە.

لەم کتێبە لە ٨٠ پرسیار و وەڵامدا، بە زمانێکی ساکار و ڕەوان مەسەلەی دێموکراسی و سیستمی حیزبی و حکوومەتی، بازاڕی ئازاد و دێموکراسی، نەتەوە پەرستی و دێموکراسی، دێموکراسی وپلورالیزم و هەڵبژاردنی پارلمانی، ئایین ودێموکراسی و.....هتد،

ڕوون کراوەتەوە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ تەواوی ئەو کەسانە کە چارەسەری گیروگرفتەکانی ئێمڕۆی کوردستان لە دێموکراسیدا دەبینن، ئەو کەسانەی ویستیاری سەقامگرتوویی دێموکراسین لەکۆمەڵدا، ئەو کەسانەی کە بە سیاسەتەوە خەریکن، بۆ خوێنداکاران و قوتابیان و لاوان و تەنانەت بۆ دەرس گوتنەوەش لە فێرگەکان دەتوانێ جێگای سوود وکەڵک لێ وەرگرتن بێت.

کوردستان پێویستی بە دێموکراسی هەیە و تەنیا لە ڕێگای دێموکراسییەوە دەتوانێ بەرەو ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵبڕێ.

**کەریمی حسامی**



**ئەم کتێبە لە سەر ڕاسپاردەی یونسکۆ بە مەبەستی فێربوونی دێموکراسی و مافی مرۆڤ نووسراوە و لە یەک کاتدا بە چەند زمانی جیاواز بڵاوکراوەتەوە. سەر خەتەکانی بە کار براو و شێوەی نیشاندانی مەتڵەبەکان لە سەرجەم کتێبەکەدا لە بارەی بارودۆخی حقووقی هیچ وڵات و شارو ناوچە یا حاکمەکانی ئەوان، یا دیاریکردنی سنوورو تەنگە بەر کردنیان، بە هیچ جۆر دەربڕینی بیروڕای یونسکۆ نییە. بەرپرسیەتی هەڵبژاردن و نیشاندانی مەتڵەبەکانی کتێب و هەر وەها بیروڕای گەڵاڵە کراو لە ستۆی نووسەرانی کتێبەو ڕەنگدەرەوەی بیروڕای یونسکۆ نییە و بۆ ئەو ڕێکخراوەیە هیچ بەڵێنێک پێک ناهێنێ.**

# بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ

## مادەی ٢١

١– هەموو کەس مافی هەیە کە ڕاستەوخۆ یا لە ڕێگای ئەو نوێنەرانەی کە بە ئازادی هەڵبژێراون لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتی خۆیدا، بەشداری بکات.

٢– هەموو کەس مافی هەیە بە مەرجی هاوسانی دەستی بە کارە گشتییەکانی وڵاتی خۆی ڕابگات.

٣– بناخە و سەرچاوەی دەسەڵاتی حکوومەت، ئیرادەی خەڵکە. ئەم ئیرادەیە دەبێ بە هۆی هەڵبژاردنێکەوە نیشان بدرێ کە بە ڕاستی و بە شکڵی ناوبەناو بەڕێوە دەچێ. هەڵبژاردن پێویستە گشتی و بە لە بەرچاوگرتنی هاوسانی و بە دەنگی نهێنی، یا بە شێوەیەک بەڕێوە بچێ کە ئازادی دەنگ دابین بکات.

# ناوەڕۆك


پێشـەکی وەرگێڕ 17

پێشـەکی دانەران 19

**١-چەمکەکان و پرەنسیپەکان** 23

١ – دیموکراسـی چییـە؟ 23

٢ – بۆ دەبێ نرخ بۆ دیموکراسـی دانێین. 26

٣ – بیری دیموکراسـی ڕیشـەی لە کوێ وەرگرتووە؟ 29

٤ – داخوا نیزامی دامـەزراو لەسـەرهـەڵبژاردن دەتوانرێ بەڕاسـتی دیموکرات بێ: 33

٥ – ڕۆڵی حیزبە سیاسـییەکان لە سیسـتێمە دیموکراتیەکاندا؟ 36

٦ – بۆچی ڕاگەیێنەرە گشـتییـەکان(میـدیا) بۆ دیموکراسـی گرنگن؟ 39

٧ – ئەو دیموکراسـییانەی لەسـەر هـەڵبژاردن دامـەزراون، بۆ... 42

٨ – ئایا دیموکراسـی لیبرالی تاقە شـکلی گونجاوی دیموکراسـییـە؟ 45

٩ – داخوا ئابووری بازاڕی ئازاد بۆ دیموکراسـی پێویسـتە؟ 50

١٠ – داخوا بڕیاردانی زۆرینـە هـەمیشـە دیموکراتییە؟ 53

١١ – داخوا لـە سیسـتمێکی دیموکراسیکدا، تاک... 57

١٢ – داخوا لـە نێوان نەتەوەپەرسـتی و دیموکراسـیدا، پەیوەندییـەک هـەیە؟ 60

١٣ – داخوا هـەر وڵاتێـک دەتوانێ بگاتە حکوومـەتێکی دیموکراسـی؟ 63

١٤ – دیموکراسـی، وەدەسـتهاتوو چۆن دەکرێ بپارێزرێ؟ 65

١٥ – ماکە سـەرەکییەکانی پێکهێنەری سیسـتمێکی... 68

**٢- هەڵبژاردنی ئازاد و دادوەرانە** 73

١٦ – گرنگی هـەڵبژاردن لە چیدایە؟ (بۆچی هـەڵبژاردن گرنگە؟) 73

١٧ – داخوا سـەرۆکی حکوومـەت دەبێ لە لایەن خەڵکەوە هـەڵبژێردرێ؟ 74

١٨ – کام لەکار بەدەسـتانی تری دەوڵەتی دەبێ خەڵک هـەڵیانبژێرێ؟ 76

١٩ – داخوا دەبێ زیاتر لە یەک مـەجلیسـی هـەڵبژێردراوی یاسـادانان هـەبێ؟ 78

٢٠ – مـەودای کاتی هـەڵبژاردنەکان دەبێ چەند بێت؟ 79

٢١ – داخوا دەبێ مافی دەنگدان لە تاکەکەس بسـتێنرێتەوە؟ 80

٢٢ – ڕەوتی ناونووسـینی دەنگدەران دەبێ چۆن بێ؟ 83

٢٣ – داخوا دەنگدان دەبێ بە زۆرەملێ ( ئیجباری) بێت؟ 84

٢٤ – بۆ دەنگدان دەبێ بە نهێنی بێت؟ 87

٢٥ – کێ ماف و سـەڵاحیەتی کاندیدابوونی هـەیە؟ 87

٢٦ – بۆچی ژنان بۆ کارە گشـتییەکان کەم هـەڵدەبژێردرێن؟ 90

٢٧ – مافی نوێنەرایەتی نوێنەرانی پارلمان لەلایەن دەنگدەرانەوە، بە چ مانایەکە؟ 94

٢٨ – جیاوازیی نێوان سیستێمەکانی هەڵبژاردن کامانەن؟ 97

٢٩ – باشی و خەراپی ئەو سیستمانە لە چیدایە؟ 100

٣٠ – داخوا حکوومەتە هاوگرەکان نا دێموکراتین؟ 103

٣١ – چۆن دەکرێ ڕەوابوونی ڕەوتی هەڵبژاردن
دەستەبەر بکرێ؟ 105

٣٢ – داخوا دەوڵەت دەبێ یارمەتی ماڵی بە حیزبە
سیاسییەکان بکات؟ 108

٣٣ – داخوا نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆیان هەیە لە... 110

٣٤ – داخوا دەنگدەران لە ماوەی دوو خولی
هەڵبژاردندا دەسەڵاتێکیان هەیە؟ 111

٣٥ – لە سیستمە دێموکراتییەکاندا کەی دەبێ
ڕیفراندۆم بکرێ؟ 112

**٣- حکوومەتی کراوە و وەڵامدەرەوە** 115

٣٦ – بۆچی حکوومەتی کراوە بۆ دابینکردنی
دێموکراسی گرنگە؟ 115

٣٧ – حکووومەتی کراوە چۆن دەکرێ بپارێزرێ؟ 118

٣٨ – مەبەست لە حکوومەتی بەرپرسیار چییە؟ 122

٣٩ – بۆچی بەشکردنی دەسەڵات گرنگە؟ 125

٤٠ – دەسەڵاتی یاسا چییە وچۆن مانەوەی دەستەبەر دەکرێ؟ 129

٤١ – پارلمان یا دەسەڵاتی یاسادانەر
چ یارمەتییەک بە حکوومەتی وەڵامدەرەوە دەکات؟ 132

٤٢ – داخوا هەر کەسێک دەتوانێ ببێتە نوێنەری پارلمان؟ 135

٤٣ – داخوانوێنەرانی هەڵبژێردراوبۆیان
هەیە کارومووچەی دیکەیان هەبێ؟ 137

٤٤ – چۆن دەکرێ فەسادی سیاسی بنەبڕ بکرێ؟ 139

٤٥ – دام و دەزگای کیشوەری چ ڕۆڵێکی لە سیستێمە
دێموکراسییەکانداهەیە؟ 141

٤٦ – هەر تاکێکی هاووڵاتی چۆن دەتوانێ
یارمەتی بە حکوومەتی وەڵامدەرەوە بکات؟ 145

٤٧ – چۆن دەکرێ هێزە چەکدارەکان بخرێنە
ژێر کۆنترۆڵی هاووڵاتیانەوە؟ 147

٤٨ – داخوا لە سیستمی دێموکراتیدا
بۆ سازمانی ئەمنیەت جێگا هەیە؟ 151

٤٩ – بۆ چی هەبوونی حکوومەتی ناوچەیی بۆ
دێموکراسی گرنگە؟ 152

٥٠ – لە چ کاتێکدا فیدرالیزم پەسندە؟ 155

**٤- مافەکانی تاک و بەرگری لەو .....** 157

٥١ – مافەکانی مرۆڤ چییە؟ 157

٥٢ – چۆن مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی گرنگی دابەشدەکرێن؟ 159

٥٣ – داخوا هێندێ لە مافەکان لە هێندێکیان گرنگترن؟ 161

٥٤ – داخوا مافی مرۆڤ واتەیەکی جیهانین؟ 162

٥٥ – داخوا دەربڕینی نیگەرانی نێونەتەوەیی لە بارەی 167

٥٦ – پەیوەندیی لە نێوان دێموکراسی و مافی مرۆڤدا، چییە؟ 168

٥٧ – پەیوەندی لە نێوان دێموکراسی و مافە مەدەنی و

سیاسییەکاندا چییە؟ 170

٥٨– داخوامافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە
گەڵ دیموکراسی پەیوەندییان هەیە؟ 175

٥٩ – داخوا حکوومەتێکی دیموکرات دەتوانێ لە 176

٦٠– داخوا لە هەلومەرجی زەروریدا
دەکرێ مافەکانی مرۆڤ ڕابگیرێن؟ 178

٦١– داخوا حکوومەتێکی دیموکراتی دەتوانێ بە شێوەی 180

٦٢– داخوا کەمایەتییەکان هیچ مافێکیان
لە دیموکراسیدا هەیە؟ 181

٦٣– چۆن دەکرێ بە کردەوە لە مافەکانی مرۆڤ
بەرگری بکرێ؟ 182

**٥– کۆمەڵگای دیموکراتی و مەدەنی** 185

٦٤– کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟ 185

٦٥– داخوا کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکان دەتوانن
نادیموکراتی بن؟ 187

٦٦– داخوا لە بنیاتە ئابوورییەکاندا،
دەبێ دیموکراسی حاکم بێت؟ 188

٦٧– داخوا دیموکراسی پێویستی بە خاوەنداریەتی
تایبەتی هەیە؟ 190

٦٨– داخوا دیموکراسی لەگەڵ نابەرانبەری ئابووریداڕێکە؟ 192

٦٩– داخوا دیموکراسی بەستراوەتەوە بە
پەرەگرتنی ئابووری؟ 193

٧٠– داخوا دین یارمەتیدەری دیموکراسییە یا کۆسپییەتی؟. 195

٧١– داخوا لە وڵاتێکدا کە کێشەی ئایینی و قەومی. 198

٧٢– چ پەیوەندییەک لە نێوان
بنیاتی بنەماڵە و دیموکراسیدا هەیە؟ 200

٧٣– مەدرەسەکان لە فێرکردنی دیموکراسیدا
دەتوانن چ ڕۆڵێک یاری بکەن؟ 202

٧٤– کلتوری دیموکراسی چۆن پەرەپێدەدرێ؟ 204

**٦– داهاتووی دیموکراسی.** 207

٧٥– ئەم گیروگرفتە سەرەکیانەی کە ئیمڕۆ دیموکراسی 207

٧٦– داخوا کۆمەڵگا فەقیرەکان بە ڕاستی دەتوانن 210

٧٧– دیموکراسییە پەرە گرتووەکان چۆن دەتوانن یارمەتی بە
دیموکراسییەکانی تازە پەرە گرتوو بکەن؟ 215

٧٨– داخوا بنیاتە نێونەتەوەییەکاندەتوانن دیموکراتیزە بکرێن؟. 220

٧٩– داخوا کۆمەڵی جیهانی (global society)
ناسنامەی نەتەوەیی لەناودەبا؟ 222

٨٠ – چۆن دەکرێ دیموکراسی لەگەڵ ژیانی
خەڵکی ئاسایی موتوربە بکەی؟ 224

بۆ زانیاری زیاتر 228

## پێشەکی وەرگێڕ

نووسین یا وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە کە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نیشان دەدەن، بۆ پەرەگرتنی سیاسی کۆمەڵ و بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری خەڵک دەتوانێ یارمەتییەکی کاریگەر بێت. لە نێو ئەم جۆرە کتێبانەدا ئەو کتێبەی کە بە زمانێکی ساکار و گشت فام ئەسڵەکانی حاکم لەسەر کۆمەڵگا شیدەکاتەوە، بە هۆی پێوەندییەکی کە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی دادەمەزرێنێ، نەخشی کاریگەر یاری دەکات.

کتێبی بەردەست یەک لەو کتێبانەیە کە بە زمانێکی غەیرە فەننی، تێگەیشتنی دێموکراسی و چۆنیەتی بەرقەراری و پاراستنی ئەو لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ڕوون دەکاتەوە. خاڵێکی کە لە سەرانسەری کتێبەکەدا بە ئاشکرا یا لە لاوە ئاماژەی پێدەکرێ ئەوەیە کە تا ئەو دەمەی خەڵک بە تەواوی فێرنەکرێ و هوشیار نەکرێتەوە، هۆگری و هەستیاری وان سەبارەت بە چارەنووسی کۆمەڵ و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان هان نەدرێ، چاوەڕوانی هەنگاو هاویشتن بەرەو کۆمەڵی ئارمانیی و نیزیک بوونەوە لەو، چاوەڕوانییەی بێهودەیە. ئامانجێکی کە نووسەرانی کتێب بە ئاشکرا ئاماژەی پێدەکەن، هەر فێرکردنی خەڵکە.

دیارە پێویستە وەبیری خەینەوە کە ئەسڵی ئازاد بیرکردنەوە – کە



نووسەرانی کتێبەکەش لەسەریەک پێی لە سەر دادەگرن – بۆیە دەبێ کە هیچ شێوە فیکر و ئیدەیەک بە چەشنی ڕەها(موتڵەق) و بێ بیرلێکردنەوە قبووڵ نەکرێ و هەمیشە جێگایەک بۆ سەنگ و سووکی وی ڕابگیرێ. بەم جۆرە پێویستە لە بیرمان بێ کە هێندێ بیروڕای گەڵاڵە کراویش لەم کتێبەدا بێگومان لەم قایدەیە بەدەرنین و کاتی موتاڵایان دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و گیانی پرسیاریی لە گەڵیان ڕووبەڕوو بی.

ئەم کتێبە لە ئەسڵدا هەشتا پرسیار و وەڵام بووە لە بارەی دێموکراسییەوە. لەو ژمارانە دوو پرسیار زیاتر پەیوەندیان بە سیستەمی هەڵبژاردنی ڕۆژئاواو چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەران لە وڵاتانی وەک ئاڵمان، مەجەرستان، مالت، زلاندی نوێ، ئەمریکا، ئوسترالیا، فەرانسە. ئینگلستان و ئیرلەند بووە کە دەکرێ بێژین تا ڕادەیەک باری پسپۆڕی و فەننی هەیە و لە وڵاتی ئێمەش نایەتە دی. لە بەر ئەوە وەرگێڕانی ئەم دوو پرسیارەمان* وەلانا و حەفتا و هەشت پرسیاری دیکە کە بۆ خوێنەرانی ئێرانی سەرنج ڕاکێش و زیاتر پێویست بێ، وەرگەڕاون.

**شهرام نخشی تەبریزی خەرمانانی ١٣٧٦**

***– ئەم دوو پرسیارەی وەرگێڕی فارسی پەڕاندوونی، لێرەدا کراون بە کوردی و لە پرسیاری ٢٨و٢٩ دا هاتوون.**

## پێشەکی دانەران

زۆر جار باسی دێموکراسی دەکرێ، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم وشەیە بۆ خەڵکی جۆربەجۆ مانای جیاوازی هەیە و لە بارەی ناسینی سروشتی ڕاستەقینەی ویش، هەڵەی زۆر ڕوودەدەن. بە ڕاستی دێموکراسی چییە؟ ئازادی تاکی؟ ئەژماری حیزبەکان؟ حکوومەتی زۆرینە؟ دابینکردنی مافی کەمایەتی؟ یا شتێکی جگە لە گشتی ئەوانە؟ داخوا پێوانەیەکی جێگای ڕێککەوتن هەیە کە بکرێ لەسەر بناخەی ئەو، وڵاتێکی تایبەت بە دێموکرات دابنرێ یا ڕادەی پێشکەوتنی وی بەرەو دێموکراسی بقەبڵێنرێ؟ داخوا دەبێ بنیاتگەل یا کردەوەی تایبەت لە وڵاتێکدا هەبێ تا بتوانی ئەم وڵاتە بە دێموکرات بزانرێ؟ یا دێموکراسی دەتوانێ بە ڕەوشت وشێوەی جیاواز خۆ بنوێنێ.؟

ئێمە لەم کتێبەدا خەریکین وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەینەوە. هێندێ وەڵامی ئێمە بە پرسیارە گەلاڵەکراوەکان، لە هێندێکیان ڕوونترو لێبڕاوترن. ئەشێ بزانین وڵاتێکی کە لەوێدا شوێنەواری ڕکەبەری لەهەڵبژاردندا و مافی دەنگدانی گشتی تێدا نەبێ، وڵاتێکی کە لە وێدا سیاسەتمەدارانی هەڵبژێردراو هیچ کۆنترۆلێکیان لەسەر کاربەدەستانی دەوڵەتی هەڵنەبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە نەبێ، وڵاتێکی کە لەوێدا بۆ مافی ژیانی ئەنجوومەن و کۆبوونەوە و ئازادی دەربڕین



هیچ دەستەبەرێک نەبێ، وڵاتی ئاوا بە دێموکرات ناژمێردرێت. لەبارەی هێندێ لەو مەسەلانە،بۆ نموونە پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان یا دروستی ڕەوەندی هەڵبژاردن، پێوانەی نێو نەتەوەیی قبووڵکراو هەیە کە دەکرێ پشت بەوان ببەسترێ. بنیاتەکانی نێو نەتەوەیی لە گەڵ ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکان لە ماوەی سالانی درێژ و بە لێکدانەوەی وردی کارکردی جیاواز، ئەم پێوانانەیان لە وڵاتانی تایبەت دا داناوە. بەڵام لە مەسەلەکانی تردا، لە سەر پێوانەکان ڕێککەوتنی تەواو نییە. وڵاتەکان لە هێندێ مەسەلە دا کارکردی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە لە بارەی سیستێمی هەڵبژاردن، سەرۆکی دەوڵەت(سەر کۆمار یا سەرەک وەزیر)، سیستێمی دادوەری و هتد. بەڵام ناتوانی هیچ کام لەو وڵاتانە لەویتر بە دێموکراتیتر بزانی. تێگەیشتنی ڕاستی دێموکراسی، بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی فرە چەشنی و جیاوازی لە کردەوەکان لە بواری دێموکراسی وناسینی پێویستییەکانیدا.

لە جیهاندا دوای شەڕی سارد، دێموکراسی بۆتە ئارمانێکی جیهانی کە نیزیکەی تەواوی وڵاتەکان هەوڵی بۆ دەدەن. لەبەر ئەوە، بوونی کتێبێک کە سروشتی دێموکراسی ڕوونبکاتەوە، تەواو بەجێ و پێویستە. ئەم کتێبە لە پلەی یەکەمدا ڕووی لە تەواوی ئەو کەسانەیە کە لە سیستێمە تازە پێگرتووەکان، و خەریک بوژانەوەدا دەژین، وەکو خەڵکی ئەم وڵاتانە، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک و کاربەدەستانی دەوڵەت– واتە گشت ئەو کەسانەی بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕوون بە

پرسیاره قورسەکان لە بارەی تەمرینی دیموکراسی پێویستیان به کتێبێکی باوەڕ پێکراو هەیە. لە پلەی دووەمدا ڕووی ئەم کتێبە لە خەڵکی ئەو وڵاتانەیە کە دیموکراسی لەوێدا پەرەیگرتووە بەڵام شکلێکی ڕوونیان لە ڕەوەندی دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا لە زەیندا نییە. چونکە نیازی هەرە گرنگ بۆ پاراستن و قووڵکردنی دیموکراسی ئەوەیە ئاگاداری بدرێ بە خەڵک. ئێمە هیوادارین کە ئەم کتێبە بتوانێ هەنگاوێک بێ بۆ گەیاندنی ئاگاداری و فێر کردنی خەڵک.

ئێمە ناڵێین کە هیچ گیرو گرفتێک لەسەر ڕێگای دیموکراسی نییە. دیموکراسییەکان لەگەڵ کێشەی زۆر بەرەوڕوون: کەمایەتییەکانی قەومی وئایینی، بێکاری، وەستان و ئاڵۆزیی ئابووری، نەبوونی توانای بنیات و ڕەوەندە نێونەتەوەییەکان و هەبوونی هەستی بەربڵاوی بێتوانایی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا.

هەر چەند ئێمە ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتانە نیشان نادەین، بەڵام دان بە گرنگیی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی مانەوەی دیموکراسی دادەنێین لە دنیای ئیمڕۆدا، بەڵام بۆچی دەبێ گرنگی دەرەجە یەک بۆ دیموکراسی قایل بین؟ ئێستا نۆرەی خوێنەرانە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزنەوە. بەم هیوایە کە ئێوە لەم کتێبە کەڵک وەربگرن.

**دێڤید بیتهام**

**کێڤین بویل**

# ١ – چەمکەکان و پرنسیپەکان

## ١ – دێموکراسی چییە؟

هەموو کەس لە ماوەی ژیانی خۆیدا، هەبێ و نەبێ سەر بە تاقم و ئەنجوومەنە جیاوازەکانە، لە بنەماڵەو گەڕەک و یانە و یەکێتی پیشەییەوە بگرە تا دەگاتە نەتەوەو وڵات. بۆ تەواوی ئەم کۆمەڵانە، گەورە یا بچووک، وەک کۆیەک هێندێ بڕیار دەدرێن. بۆ نموونە لە بارەی ئەو ئامانجانە کە دەبێ وەدوایان بکەون، ئەو قانوونانە کە بە گوێرەی وان کار ئەنجام بدرێ و هەر وەها دابەشکردنی بەر پرسییەکان و قازانجی وەگیرکەوتوو لە تێکۆشانەکان لە نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدا. ئەم جۆرە بڕیارانە بە بڕیاری بە کۆمەڵ ناو دەبەین، لە بەرانبەردا جۆرە بڕیارێکی دیکە هەن بە ناوی « بڕیاری تاکی» کە هێندێ کەسی تایبەت بە تەنیا لە جیاتی ئەوانیتر بڕیار دەدەن. دێموکراسی پەیوەندی بە چەشنی بڕیاردانی بە کۆمەڵ هەیە. دێموکراسی لە چەمکی خۆیدا، نیشاندەری ئەم ئامانجەیە کە ئەو بڕیارانەی وەک کۆ کار دەکەنە سەر کۆمەڵگا، دەبێ بە بیرو ڕای



تەواوی تاکی ئەو کۆمەڵگایە بدرێن و هەر وەها تەواوی ئەندامان بۆ بەشداری لە بڕیاردانیدا مافی بەرانبەریان هەبێ. بە واتایەکی تر بوونی دێموکراسی پێویستی بە دوو ئەسڵی گشتی هەیە، چاوەدێری گشتی بە سەربڕیاردانی تێکڕایی و هەبوونی مافی بەرانبەر بۆ بەکارهێنانی ئەم چاوەدێرییە. هەر چەندی ئەم دوو ئەسڵە لە بڕیاردانی کۆمەڵگایەکدا زیاتر بەڕێوە بچن، ئەو کۆمەڵگایە دێموکراتی تر دەبێ.

## دێموکراسی لە کۆمەڵ و دەوڵەت دا

ئەم شێوە تاریفەی دێموکراسی هەر لە سەرەتاوە دوو مەتڵەبان ڕوون دەکاتەوە. یەکەم ئەوەیە بە پێچەوانەی خەیاڵی باو، دێموکراسی تەنیا پەیوەندی بە حکوومەت و دەوڵەتەوە نییە. ئەسڵەکانی دێموکراسی لە هەموو چەشنە کۆمەڵگایەکدا پەیوەندی نیزیکیان بە بڕیاردانی بە کۆمەڵەوە هەیە. لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ دێموکراسی لە دەوڵەت دا، پەیوەندییەکی پتەوی بە دێموکراسی بنیاتەکانی تری کۆمەڵگاوە هەیە. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت لە بەر ئەوەی دەوڵەت هەموو کۆمەڵەکانی تریش دەگرێتەوە و مافی ڕێک و پێک کردنی کاروباری کۆمەڵ و توانای زیاد کردنی باجی زۆرەملێ هەیە و هەر وەها بەسەر مان و نەمانی تاکی کۆمەڵدا دەسەڵاتدارە، دێموکراسی لە دەوڵەت دا، گرنگیی ژیانی هەیە. بەم پێیە کاتێ قسە لە دێموکراسی دەکرێ. لە زۆر بارەوە مەبەست حکوومەتی دێموکراتە.

## دێموکراسی چەمکێکی ڕێژەییە

خاڵی دووەم لە بارەی تاریفی ئێمە لە دێموکراسی ئەوەیە کە دێموکراسی چەمکێکی ڕەهاو موتڵەق نییە کە کۆمەڵگایەک بە تەواوی هەیبێ و یا بە تەواوی لێی بێ بەش بێت. بەڵکو لێرەدا باسی دەرەجە و بەربڵاوی و قووڵی و بە ئەنجام گەیشتنی ئەسڵی چاوەدێری گشتی و بەرانبەری لە بەشداری لە کارو باری سیاسی و دووری یا نیزیکی کۆمەڵ سەبارەت بە حاڵەتی ئامانجیی، واتە بەشداریی لە بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە گۆڕێدایە. بە وڵاتێک دەڵێن « دێموکراتی » کە حکوومەتی وی لە ڕێگای ڕکەبەری هەڵبژاردن بە دەسەڵات گەیشتبێ و بەر پرسی وەڵامدانەوە بێت بە خەڵک و تەواوی گەورە ساڵانی ئەو وڵاتە لە مافی بەرانبەری هەڵبژاردن و کاندیدا بوون کەڵک وەر بگرن و قانوون لە وێدا دەستە بەری پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بێت.

بەڵام بە کردەوە لە هیچ وڵاتێکدا دوو ئەسڵی سەرەکی چاوەدێری گشتی و بەرانبەری بەشدار بوون لە کاروباری سیاسیدا بە تەواوی و بەو جۆرەی پێویستە بە ئەنجام ناگات. لەم ڕوانگەوە، هەوڵدان بۆ دێموکراتی کردنی کۆمەڵ، هیچ کاتێ کۆتایی نایە و دێموکراتەکانی هەموو شوێنی جیهان – لە گەڵ هەر ڕێژیمێک و نیزامێکی سیاسی کە لە وڵاتەکەیاندا هەبێ– بۆ پتەو کردن و پەرە پێدانی ڕێوشوێنی دێموکراسی لە کێشەدان.



## ٢– بۆ دەبێ نرخ بۆ دێموکراسی دانێین؟

بەهۆی ژمارەیەک بەڵگەوە، پێویستە نرخ بۆ دێموکراسی دانێین.

## بەرانبەری لە مافەکانی هاو وڵاتیدا

ڕەفتاری هاوسانی لە گەڵ هەموو خەڵک، ئامانجی دێموکراسییە. جیرمی بینتهام بیروانی حقوقیی ئینگلیزی لە یەکێ لە نووسینەکانی خۆیدا ئەم بیروڕا ئەشرافیانە پەلامار دەدا کە گۆیا ژیانی هێندێ کەس لە نەفسی خۆیدا لە ژیانی ئینسانەکانی تر بەرزترە و دەڵێ :« هەر تاکێکی کۆمەڵ دەبێ وەک تاکێک حیساب بکرێ و نابێ هیچ کەس لە تاکێک زیاتر بزانرێ.» لە سەر بنەمای ئەسڵی بەرانبەری، حکوومەت نەک هەر دەبێ بە چەشنی هاوسانی گرنگی بە بەرژەوەندی خەڵک بدات، بەڵکو دەبێ بە چەشنی بەرانبەریش ڕێز لە بیروباوەڕیان بگرێ. لە یەکێ لە نومایشنامەکانی ئوریپید یەک لە ئاتینیەکان دەڵێ :« لای ئێمە سامان نابێتە هۆی پێکهاتنی دەسەڵاتی تایبەتی، بیروڕای هەژارانیش هەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە.» ڕەخنە گرانی بیری دێموکراسی، هەمیشە ئەم بیرەیان ڕەت کردۆتەوە و گوتوویانە کۆمەڵانی خەڵک زۆر لەوە نا ئاگاتر و نەخوێندەوارتر و کورت بینترن کەلە دیاریکردنی ڕێبازی دەوڵەت دا بەشداری بکەن. وەڵامی دێموکراتەکان بەم ڕەخنەیە ئەوەیە کە بێگومان خەڵک بۆ تێگەیشتنی چەمکی دێموکراسی پێویستیان بە ئاگاداری تەواو و بە کاتیش هەیە.

بەڵام کاتێکی پێویست بێ بە تەواوی توانای ئەوەیان هەیە کە

بەرپرسانە بێنە مەیدانی کردەوە. هەر وەک کە گەورە سالان بەرپرسیەتی بەڕێوە بردنی ژیانی خۆیان وەستۆ دەگرن، لێهاتوویی ئەوەشیان هەیە کە لەو بڕیارانەشدا بەشداری بکەن کە کار دەکاتە سەر کۆمەڵگایان.

## دابینکردنی نیازە گشتییەکانی خەڵک

دیارە حکوومەتە دێموکراتییەکان زیاتر لە حکوومەتە جۆرا و جۆرەکانیتر لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە نیازەکانی خەڵکی ئاسایی دابین کەن. هەر چەندەی خەڵک لە دانانی سیاسەت دا دەسەڵاتی زیاتریان هەبێ، گریمانەی ڕەنگدانەوەی ویست و ئاواتەکانی ئەوانیش زیاتر دەبێ. مەتەڵێکی ئاتێنی هەیە دەڵێ : « کەوش دروو کەوش دەدروێ. بەڵام تەنیا ئەو کەسەی دەپێی دەکات دەتوانێ بێژێ کوێی کەوشەکە پێی دەگرێ.» ئەوە خەڵکی ئاسایین کە نەتیجەی سیاسەتەکانی دەوڵەت بە کردەوە هەست پێدەکەن، و تەنیا ئەگەر کەناڵێکی کاربڕ و ڕێک و پێک بۆ فشار و تەئسیر دانان لە خوارەوەڕا هەبێ، دەوڵەتیش نەتیجەی ڕاستە قینەی کارکردەکانی خۆی نیشان دەدات. دەوڵەتمەردان هەرچەندە نیەتی باشیشیان هەبێ، ئەگەر لە نفوز وکۆنترۆڵی خەڵک ئەمین بن، لە حاڵەتی هەرە خۆش بینی دا، سیاسەتێک بە ڕێوە دەبن کە لە گەڵ نیازی خەڵک ڕێک ناکەوێ و لە حاڵەتی هەرە خەرابدا، توشی فەساد و خۆ پەرستی دەبن.



## پلورالیزم وسازان (کثرت گرایی ومصالحه)

دێموکراسی لە سەر بناخەی باسی ئازاد، قانیعکردن و سازان ڕاوەستاوە. پێداگرتنی دێموکراسی لە سەر وتو وێژ نەک تەنیا نیشاندەری قبوڵکردنی ناکۆکی بیروڕا و ناتەبایی بەرژەوەندە لە زۆربەی مەسەلە سیاسیەکاندا، بەڵکو نیشانی دەدا کە بۆ دەرخستنی ئەم ناکۆکیانە و گوێدان بە وانیش دەبێ هەقێک قایل بی. کە وابوو پێش خەیاڵی دێموکراسی، قبوڵکردنی بوونی زۆرینە و جۆراجۆری نێو کۆمەڵ و بەرانبەری هاونیشتمانیی ئەو کۆمەڵگایەیە، و کاتێکی ئەم جۆراوجۆرییە ئاشکرا دەبێ، باسی قانیعکردن و سازان و ڕەوشتی دێموکراتیکی چارەی ناکۆکییەکانە نەک سەپاندنی دەسەلاتدارانەی بیروباوەڕ یا نیشاندانی دەسەڵات. لە بەر ئەوە زۆر جار دێموکراسی وەک بیانوویەک بۆ ئاخافتن دەزانن، لە کاتێکا واقیعیەت ئەوەیە کە لێهاتوویی دێموکراسی بۆ قبوڵکردنی باسی گشتی، زێدەیی ئەوە نەک عەیب و لاوازی وی. چونکە لێهاتوویی ئەوتۆ باشترین هۆیە بۆ پاراستنی ڕازیبوون لە سیاسەتەکان و لە گەڵ بڕیار دانی لێبڕاوانە، ناتەباییەکی نییە.

## دەستەبەر کردنی ئازادییە سەرەتاییەکان

دێموکراسی دەستەبەری پارێزگاری ئازادییە سەرەتاییەکانە. باسی ئازاد، وەک ڕەوشتێک بۆ نیشاندان و چارەی ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتی، ناتوانێ بە بێ بوونی ئەو ئازادییانەی کە لە دابی

مافەکانی مەدەنی و سیاسیدا دەبینرێن، بە جێبگات.

ئەم مافانە بریتین لە: مافی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە، ئەمنیەتی تاک و ئازادی سەفەر وکۆچکردن. . دێموکراسی دەتوانێ پشتیوانەی پاراستنی ئەو مافانە بێت. چونکە بوونی ئەوان بۆ پاراستنی مانەوەی دێموکراسی پێویستە. ئەم مافانە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا، دەستەبەری هەڵدانی تاکی کەسانن و دەبنە هۆی پێکهێنانی گیانی بڕیاردانی بە کۆمەڵ کە خۆی پێوانەیەکە بۆ دیاریکردنی بەڵگە و دەلیلی بەنرخی جۆربەجۆر.

## نوێسازی کۆمەڵایەتی

نوێسازی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە بەر چاوی دێموکراسییە. لە نیزامە دێموکراتیەکاندا، سیاسەتەکان یا سیاسەتمەدارەکانی کە چالاکیەکیان نەبووە یا سەر دەمی کارو تێکۆشانیان تێپەڕاندوە، لەگەڵ گەریانی قانوونی و هێمنانە وەلا دەنرێن و بەم چەشنە نوێسازی کۆمەڵایەتی بەبێ سەر هەڵدانی ئاژاوە یا ڕوخانی دەوڵەت کە بۆ وەلانانی مۆرە سەرەکییەکان لە ڕێژیمەکانی نا دێموکراتی دا پێویستە، دەستە بەر دەکرێ.

## ٣- بیری دێموکراسی ڕیشەی لە کوێ وەرگرتووە؟

بیری ڕەوا بوونی بەشداری خەڵکی ئاسایی لەو بڕیارانە دا کە



کار دەکەنە سەر ژیانیان لە زۆر کۆمەڵگای مێژوویيدا بە شکڵی ئاواتێک خۆی نیشانداوە. ئەم بیرە لە سەدەکانی چوارو پێنجی پێش زایین لە ئاتێن(ئەثینا) شکلی کلاسیکی گرت. لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەم لاوە، واتە کاتێ کە مەرجی هەبوونی سامان بۆ وەدەستهێنانی شوێنی دەوڵەتی هەڵوەشایەوە، هەموو تاکێکی ئاتێنی لە پارلماندا بوو بە خاوەنی مافی بەرانبەر بۆ بەشداری ڕاستەو خۆ لە باس و دەنگدان لە بارەی قانوون و سیاسەتەکانی کۆمەڵ و هەر وەها بەشدار بون لە ڕاپەراندنی وان لە ڕێگای دادوەری و ئەندامەتی لە شوورای ڕاپەڕاندندا . ئەندامانی ئەم شوورایانە بە چەشنی ناوبەناو لە ڕێگای پشک هاویشتنەوە دەگۆڕدران و لە قەوارەی ویدا گۆڕان پێک دەهات. ئەمە هەوەڵین دێموکراسی بوو کە بە ئەنجام گەیشت و پاشان بوو بە خاڵی سپاردنی کار بە تاک و کانگای ئیلهام بۆ لایەنگرانی دێموکراسی. ئەم واقعیەتە، کە ئەم دەورەیە سەر دەمی زێدەیی ئابووری و بازرگانی دەریایی خەڵکی ئاتێن و سەردەمی پشکووتنی مەزنی هونەری داهێنان و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی وان بووە کە خەتی ڕەشی بە سەر بیروڕای ڕەخنەگرانی دێموکراسیدا کێشاوە کە لایان وابوو دانی دەسەڵاتی بڕیاردان لە بارەی مەسەلەکانەوە بە خەڵکی ئاسایی دەبێتە هۆی هاوسانیی بێ گیان و شەکەتیی لە کۆمەڵدا و یا دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەوڵەتێکی نە بەرپرس.

## دێموکراسی ڕاستەوخۆ

دێموکراسی ئاتێنی لەو دێموکراسییەی کە ئیمڕۆ دەیناسین لە لایەک دێموکراتیتر و لەلایەکی دیکەش نادێموکراتیتربوو.

لەم بارەوە دێموکراتیتر بوو کە هاو وڵاتیان خۆیان لە بڕیاردانی گرنگی کۆمەڵدا بەشدار دەبوون.( ئەم حاڵەتە ئیمڕۆ بە دێموکراسی ڕاستە وخۆ ناو دەبرێت.) لە کاتێکا ئیمڕۆ دێموکراسییەکانی دامەزراو بە گوێرەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆن و هاو وڵاتیان هەمیشە لە گەڵ کاری بڕیاردانی دەوڵەت و پارلمان مەودایان هەیە. ئەنجامی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ پێویستی بە کەم بوونی حەشیمەت هەیە تا دەرەتانی کۆبوونەوەیان لە هۆڵی پارلماندا هەبێ. هەروەها هاو وڵاتیان کاتی تەواویان هەبێ تا بە دوور لە بەرپرسایەتی دیکە بتوانن بەڵگە و دۆکۆمێنت و باسێکی کە بۆ بڕیارەکانی وریایانەی سیاسی پێویستە وەدەست بێنن. لە کۆمەڵگای ئیمڕۆدا هەرچەندە کە دەرەتانی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە بڕیارداندا لە بارەی هەڵبژاردن و پرسی گشتی لە پانتایی نەتەوەیی و بەشداریی شێلگیرتر لە بڕیارداندا لە مەیدانی بچوکتری ناوچەیی دا هەیە. بەڵام بوونی هیچ کام لەم دوو مەرجەی باسکراو ( کەمی حەشیمەت و دەرەتانی هاووڵاتیان) بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دێموکراسی ڕاستەو خۆ لە گۆڕێدا نییە.

## مافی پاوانی هاووڵاتیان

بەڵام دێموکراسی ئاتێنی لەم بارەوە لە دێموکراسییەکانی ئیمڕۆ



نادێموکراتیتر بوو کە مافی هاووڵاتی لەوێدا تەنیا لە پاوانی پیاوانی ئازاددا بوو. مافی ژنان و کۆیلە و بێگانانی دانیشتووی وێندەرێ، لەگەڵ ئەوەش کە ئەوان دەستەبەری درێژە پێدانی بەرهەمهێنانی ناوەوە بوون و هەرئەو بەرهەمهێنانی ناوەوەش بوو کە توانای هاووڵاتیانی نێرینەی بۆ بەشداری لە تێکۆشانی سیاسیدا دابین دەکرد، لەبەرچاو نەدەگیرا . کە وابوو هۆی چالاکی لەو دێموکراسییەی ڕاستەوخۆدا کەمی ئەژماری هاووڵاتیانی خاوەن مافی دەنگدان بوو. بێگومان حکوومەت ئی« خەڵک» بوو، بەڵام حکوومەتکردنیان لەگەڵ فەرق و جیاوازی تێکەڵ بوو.

## پاوانخوازیی نوێ

پێویستە وەبیری خەینەوە کە سەپاندنی ئەم تەنگەبەرییە بەسەر هاووڵاتیاندا، تا نیزیکەی سەدەی بیستەمیش لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا کە نیزامی پارلمانیان هەیە، درێژەی هەبووە. ئەم ئەسڵە کە « دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی لە خەڵکەوە سەر چاوە دەگرێ» و لەگەڵ شۆڕشی فەرانسەوە کەوتە سەر زمانان، هەموو خەڵکی نەدەگرتەوە. بەڕاستی تەنیا لە سەدەی ئێستادایە کە پیاوانی بێسامان و ژنانیش لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا مافی دەنگدانیان دراوەتێ. تەنانەت ئیمڕۆش تەواوی گەورە ساڵانی دانیشتووی هێندێ وڵات، هەرچەندەش بە هەڵسوڕانی چەرخی ئابووری ئەو وڵاتە کۆمەک دەکەن، مافی دەنگدانیان نییە.

## ٤– داخوا نیزامی دامەزراو لەسەر هەڵبژاردن دەتوانێ بە ڕاستی دێموکرات بێ؟

وەڵامی ڕۆسۆ بیروانی «هزرڤان» سیاسی سەدەی هەژدەهەم بەم پرسیارە «نا» یە. بەڵگەی وی ئەوەیە: کە لە نیزامە پارلمانیەکاندا خەڵک هەر چەند ساڵ جارێک و تەنیا لە کاتی هەڵبژاردندا لە ئازادی کەڵک وەردەگرن و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ هەڵکەوتی بەستراوەیی و پێڕەوی لە قانوونەکان کە شتێک نییە لە کۆیلەتی باشتر. ئەم بیروڕایە شکڵی هەڵەشەو بیری چەپاژۆیی و ڕەخنەی توند بوو لەنیزامە پارلمانییەکان. بە گوێرەی ئەو، ئەم نیزامانە ئەوەندەش دێموکراتی حیساب نەدەکران. لە بەرانبەر ئەم بیروڕایەدا، ڕاست ئاژۆیانیش ئیرادیان لە نیزامی پارلمانی هەیە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نیزامە دێموکراتەکان دەسەڵاتی لە پێویست زیاتر بە بڕیاردان دەدەن بە خەڵک.

## کۆنترۆڵ لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە

وەڵامی هەرە ساکار بە پرسیاری سەرەوە ئەوەیە کە نیزامی پارلمانی باشترین نیزامێکە کە تا ئێستا بۆ پاراستنی کۆنترۆڵ بە سەر دەوڵەت دا گەڵاڵە کراوە. لە هەلومەرجێکدا کە حەشیمەتی وڵات دەگاتە چەند میلیۆن کەس و خەڵکیش دەرەتانی ئەوەیان نییە تەواوی کاتی خۆیان بەردەوام بۆ مەسەلە سیاسییەکان تەرخان بکەن. ئەم بیروڕایە لای وایە کە لەو نیزامەدا خەڵک بە هەڵبژاردنی سەرۆکی حکوومەت( سەر کۆمار یا سەرەک وەزیر)و بە هەڵبژاردنی هێزی



قانوون دانان دەتوانن بەسەر حکوومەتدا چاودێری بکەن. چونکە پارلمان بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی لەلایەن خەڵکەوە بۆ پەسند کردن یا ڕەتکردنەوەی قانوونەکان و شێوەی باج دانان، دەتوانێ بەسەر کارەکانی دەوڵەتدا چاودێری بکات. دیارە ئەم چاوەدێرییەی خەڵکی تەنیا کاتێ مانای هەیە کە هەڵبژاردن« ئازادو دادوەرانە» و دەوڵەتیش دەوڵەتێکی شەفاف بێت و پارلمان بە کردەوە بۆ کۆنترۆڵکردن و چاوەدێری ورد بەسەر کردەوەکانی دەوڵەتدا، توانای تەواوی هەبێت.

## بیروڕای گشتی

هەر چەندە هەڵبژاردن گرنگترین ئامرازە کە خەڵک لەڕێگای وییەوە لە نیزامێکی پارلمانیدا دەسەڵاتی بڕیاردان لە بارەی سیاسەتەکانی دەوڵەت وەردەگرن. بەڵام تەنیا ئامرازیش نییە. بۆ نموونە لە نیزامە دێموکراتییەکاندا خەڵک دەتوانن بۆ خەبات دژ یا لەگەڵ گۆڕینی قانوونەکان ڕەگەڵ ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان بکەون، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزبە سیاسییەکان و دەشتوانن خۆیان بەسەر نوێنەرەکانی خۆیاندا دەسەڵات بنوێنن. حکوومەتەکانیش بە نۆرەی خۆیان لەسەریانە لە گەڵ ئەو کەسانەی کار دەکەنە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت، یا لەگەڵ هێندێ خەڵک بۆ نموونە کەسانی دەنگدەر ڕاوێژ بکەن.

بە کردەوە جگە لە ژمارەیەکی کەم لە حکوومەتەکانی هەڵبژێردراو،

ئەوانیتر لە دەربڕینی بیروڕای گشتی لە ئەماندا نین. بیروڕای گشتی بە چەشنی ڕێکوپێک لە ڕێگای ڕاگەیاندنی نەتیجەی ڕاپرسی یا لە ڕێگای چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە بە دەوڵەت نیشان دەدرێ. بەڵام کاربڕیی تەواوی ئەم ڕێگایانەی کارکردی خەڵک لە ئاخریدا بەستراوەتەوە بە کاربڕیی ئازادی هەڵبژاردن. دەوڵەتەکان تەنیا کاتێ بە جیددی گوێدەدەنە بیروڕای گشتی کە بزانن گوێنەدان بەم بیروڕایە لە وانەیە لەسەر کاریان وەلا بنێت.

## کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ

بەم پێیە لە نیزامی پارلمانیدا بەردەوامی چاودێری گشتی لە ڕێگای کارکردی ڕاستەوخۆ کە خەڵک لە کاتی هەڵبژاردندا بە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت و ئەندامانی ئەودا دەیسەپێنن، و چاوەدێری بەردەوامی نوێنەرانی پارلمان بەسەر دەوڵەتدا، ئەویش لە ڕێگای ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوەی بیروڕای گشتی لە کەناڵەکانی جیاوازەوە– کە دەوڵەت ناچارە بە جیدییان وەربگرێ– دەپارێزرێن و دەستەبەر دەکرێن.

## بەرانبەریی سیاسی

ئێستا دێینە سەر ئەسڵی دووەمی دێموکراسی، واتا بەرانبەریی سیاسی. (سەیری پرسیاری ١بکە) سیستێمە پارلمانییەکان لانی کەم لە بەرئەوە کە مافی بڕیاردانی سیاسی لە لایەن تەواوی خەڵکەوە



دەدەن بە ژمارەیەکی کەم، جۆرە نابەرانبەرێکیان تێدا هەیە. بەڵام هەر لە نێو ئەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر تەواوی هاو وڵاتیان بۆ کاندیدابوون و ئەنجامی تێکۆشانی کۆمەلایەتی و دەرەتانی قەرەبۆ کردنەوەی مودیرییەتی خەراپی ڕابردوو، مافی بەرانبەر و هاوسانیان هەبێ و دەنگی خەڵک خاوەنی نرخی بەرانبەر بێت، دەکرێ بەرانبەری سیاسی وەدەست بێت. لە زۆربەی سیستێمە دێموکراتیەکانی پارلمانیدا ئەم پێوانانە بە کردەوە بە تەواوی لە بەرچاو ناگیرێن. چونکە لە بناخەوە هێندێ جیاوازی وەک جیاوازی لە سەروەت و سامان، کات و دەرەتانی دەست پێڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی جۆراوجۆر، بەرانبەریی سیاسی تەنگە بەر دەکەن. یەکێ لە ئەرکی لایەنگرانی دێموکراسیش هەر ئەوەیە کە بۆ کەمکردنەوەی کارتێکەریی ئەم جۆرە جیاوازییە لە مەیدانی سیاسەت دا، ڕێگای جۆراو جۆر بدۆزنەوە و میکانیزمی جۆر بە جۆری سەپاندنی چاوەدێری خەڵک بە سەر حکوومەت دا شێلگیرتر بکەن.

## ٥ – حیزبە سیاسییەکان لە سیستێمە دێموکراتیەکاندا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟

لە کۆمەڵگا گەورەکاندا خەڵک بە چەشنی تاکی توانای کارتێکردنی زۆریان لە سەر مەسەلەکانی حکوومەتیدا نییە. بەڵام کاتێکی یەکبگرن دەتوانن ئەم کارە ڕاپەڕێنن. حیزبە سیاسییەکان ئەو کەسانە کۆ دەکەنەوە کە خاوەنی ڕوانگە و بەرژەوەندی هاوبەشن، ئەوان بۆ

نفووزی سیاسی و وەدەستهێنانی شوێنی دەوڵەتی، ئامادەی خەبات دەکەن. حیزبەکان، کارکردی جۆربەجۆریان هەیە: لە بارەی دەنگدەرانەوە بە نیشاندانی ڕێباز و بەرنامەی وردی کاندیدەکان هەڵبژاردنیان بۆ هاسان دەکەن، لە بارەی دەوڵەتەکانەوە تاقمێک لایەنگریان بۆ ئامادە دەکەن تا دوای هەڵبژاردن بتوانن بەرنامە دیاریکراوەکان وەدەست بێنن، لە بارەی ئەو کەسانەی کە زیاتر هەست بەبەرپرسیەتی سیاسی زیاتر دەکەن، دەرفەتیان بۆ پێک دێنن کە بتوانن لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداربن ئەمەش خۆی هۆکارێکە بۆ فێر کردنی سیاسی و ڕێگایەکیشە بۆ کار تێکردن لە سەر سیاسەتکارییەکانی دەوڵەت.

## پێشبڕکەی دادوەرانە

لە نیزامەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادگەرانەدا، سەرکەوتنی حیزبێکی سیاسی بەستراوەتەوە بەڕادەی پشتیوانی خەڵک لەو حیزبە. ئەم وتەیە بەو مانایەیە کە حیزب دەبێ لە ماوەی دانانی بەرنامەکانی و بڕیاردان لە بارەی ناساندنی کاندیداکانی، پێوەندی خۆی لە گەڵ بیروڕای گشتی بپارێزێ. لەکاتی سەرنەکەوتن لەم کارەدا، خەبات بە حیزبەکانیتر دەدۆڕێنێ و یا بۆ پڕکردنەوە بۆشایی پێکهاتوو، حیزبی دیکە دادەمەزرێن. بەم چەشنە حیزبە سیاسییەکان بناخە دانەری گەریانی بنەڕەتین کە لەو ڕێگایەوە هۆگریی و بیروڕای خەڵک لە حکوومەتەکاندا کاریگەر دەبێ. بەڵام حیزبەکان کاتێ دەتوانن ئەم



نەخشەیە پیادە بکەن کە کێبەرکێی هەڵبژاردن لە نێوانیاندا( لە بارودۆخێکی هاوسانی)دا بەڕێوە بچێ نەک هێندێ حیزب لە سەر چاوەی دەوڵەتی و یائامرازی پێوەندی لە گەڵ دەنگدەران کەڵک وەر بگرن و هێندێکی دیکەش لەم دەرەتانە بێبەش بن. پێکهاتنی حاڵەتێکی ئەوتۆ بە تایبەت پێویستی بەوە هەیە کە حیزبەکانی دەوڵەتی ئەم ئەسڵە قبوڵ بکەن کە دەبێ لە نێوان دەوڵەت و تێکۆشانی حیزبی، لە نێوان ڕێکخراوەی دەوڵەتی و ڕێکخراوەی حیزبیدا جیاوازی دابنێن.

## درزی کۆمەڵایەتی

هەر چەند خەباتی ئازادی هەڵبژاردنی نێوان حیزبە سیاسییەکان، تایبەتمەندیی حەتمی دێموکراسییەکان و نیزامە پارلمانییەکانە، بەڵام دەبێ بڵێین هەر ئەو تایبەتمەندییە بە جۆرە خاڵێکی لاوازیش حیساب دەکرێ. ڕکەبەری ئازاد بۆ وەدەستهێنانی شوێنی دەوڵەتی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی پێکهاتنی کەلێن و جیاوازی و ئەوانەی توشی ئەو مەسەلانە دەبن، قورساییەکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان. کە وابوو یەکێ لە مەرجەکانی پاراستنی دێموکراسی ئەوەیە کە بارو دۆخێک پێک بێت کە نەگەیشتنی حیزبە دۆڕاوەکان ولایەنگرانیان بە شوێنی دەوڵەتی نەبێتە زەبرێکی لە تاقەت بەدەربوو. لایەنە دۆڕاوەکان بە تایبەت دەبێ بۆ خەباتی سەر کەوتوانەی دەورەکانی دوایی هەڵبژاردن بڕوایان بە توانای خۆیان هەبێ و بزانن کە مافی ئەوان بۆ ڕێکخستنی خەبات و ڕەخنە لە دەوڵەت، سەرەڕای

سەرنەکەوتنیشیان هەروا پارێزراو دەمێنێتەوە.

## ٦– بۆچی ڕاگەیێنەرە گشتییەکان بۆ دێموکراسی گرنگن؟

تەواوی دەوڵەتەکان لە گشت سیستمە سیاسییەکاندا، بە دوای ئەوەدان کە پشتیوانی خەڵک لە سیاسەتەکانیان وەدەست بێنن و یالانی کەم سیاسەتەکانیان قبووڵ بکەن. لە بەرئەوەش کە دەست پێڕاگەیشتن بە کۆمەڵانی خەڵک تەنیا لە ڕێگای ئامرازە پەیوەندییە گشتییەکان، وەک چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەرەتانی هەیە، ئەم ڕاگەیێنەرانە لە کۆمەڵگای ئیمڕۆدا نەخشی سەرەکی ئەنجام دەدەن. بەڵام لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا، ڕاگەیێنەرەکان ئەرکێکی گرنگتریان لە ستۆیە لەوەی کە ببنە ئامرازێکی ڕەها بۆ تەبلیغاتی دەوڵەتی. ئەرکی ئەم ئامرازانە ئەوەیە کە کردەوەکانی دەوڵەت بەرنە ژێر پرسیار، دانی ئاگاداری بەخەڵک و دابین کردنی تریبۆنی ئازاد بۆ باسە سیاسییەکان و تێکۆشان وەک کەناڵێک بۆ ڕاگەیاندنی بیرورای گشتی بە دەوڵەت و فشاری گشتی بۆ سەردەوڵەت.

## ڕۆژنامە نووس، پارێزەری بەرژەوەندی گشتی

کارکردی ڕاگەیێنەرەکان بۆ بردنە ژێر پرسیاری دەوڵەت و گەیاندنی ئاگاداری بە خەڵک بۆ خەبات لە گەڵ هۆگری دەوڵەت بە نهێنی کاری و لەنگەری بارستایی ماشێنی پەیوەندە گشتییەکان،



پێویستە. دەوڵەت تەنیا کاتێ دەتوانێ بە دەوڵەتێکی وەڵامدەرەوە حیساب بکرێ کە خەڵک لە کردەوەکانی ئاگادار بن و ئامرازێکی سەربە خۆ و نە بەستراوەیان هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئیدیعاکانی ڕەسمی دەوڵەت لە بارەی سیاسەتەکانییەوە.

ڕاگەیێنەرەکان لەو کاتەدا کە نابێ بچنە نێو چوار چێوەی ژیانی تایبەتی خەڵک، لەستۆیانە کە ئاگاداری تەواو و شکلێکی گشتی لە بەرژەوەندی گشتی بخەنە بەردەستی خەڵک و خەڵکیش مافی ئەوەیان هەیە کە دەستیان بەوانە ڕابگات. ئەگەر وانەبێ ناتوانن نەخشی گرنگی خۆیان وەک« پارەێزەری بەرژەوەندی گشتی» بەجێ بگەیێنن.

## باس و وتووێژی گشتی

ڕاگەیێنەرەکان جگە لە گواستنەوەی ئاگاداری لە ڕێگای غەیرە دەوڵەتی، زەمینەی پێکهێنانی تریبۆنی ئازادیش بۆ باس و گفتگۆی گشتی ئامادە دەکەن کە وەزیرو کەسایەتییەکانی دەوڵەتی دەبێ لەو ڕێگایەوە وەڵامدەری پرسیارەکان بن بە جۆرێک کە ئەم وەڵامانە بکەونە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک کە پرسیاریان کردووە. لە تەواوی ئەم حاڵەتانەدا ڕاگەیێنەرەکان بە هێنانی خەڵک بۆ مەیدان، وەک تەواوکەر و بەهێزکەری پارلمان لە بە جێگەیاندنی ئەرکی لێکۆڵینەوە وپێداچوونەوەی کارکرد دەردەکەون.





## سەربەخۆیی میدیا (ڕاگەیێنەرەکان)

دەبێ لە بیرمان بێ کە ڕاگەیێنەرەکان تەنیا کاتێ دەتوانن لە بەرانبەر دێموکراسیدا ئەم ئەرکە بە جێبگەیێنن کە تەواو سەربە خۆ بن و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت یا بەرژەوەندی شەخسیدا نەبن. دەسەڵاتی دەوڵەت بە سەر ڕاگەیێنەرەکاندا دەتوانێ ئەم دەستە لە ڕاگەیێنەرەکانی کە بە بودجەی دەڵەتی کۆنترۆڵ دەکرێن، والێبکات کە لە بەرانبەر دەستەیەکی بێلایەن یا نوێنەرانی توێژی جیاوازی خەڵکدا وەڵام بدەنەوە و دەرەتانی پێکهێنانی کێبەرکێ لە گەڵ ڕاگەیێنەرەکانی بەشی تایبەتی تەنگە بەر بکەن. دەسەڵاتی بەرژەوەندی شەخسی بە سەر چاپەمەنیش دا دەکرێ بە تەنگە بەرکردنی مافی ئیمتیاز و بەکار هێنانی هێندێ قەراراتی دیکە بەر بەست بکرێ. بەڵام هیچ یەک لەم هەنگاوانە لە خۆوە ئەنجامی نەخشی بێ لایەن و کاریگەری ڕاگەیێنەرەکان لە بەرانبەر دێموکراسیدا دەستە بەر ناکەن. ئەنجامدانی ئەم نەخشە لە ئاخریدا بەستراوەتەوە بە سەربەخۆیی و ژیری پیشەیی ڕۆژنامە نووسان، سەرنووسەران و مودیرانی بڵاو کەرەوەکان و ئاگاداری بەربڵاوی خەڵک لە یارمەتی حەیاتی ڕاگەیێنەرەکان بە بردنە پێشی ڕەوتی دێموکراسییە.

## ٧- بۆ دێموکراسییەکانی دامەزراو لەسەر هەڵبژاردن بە دێموکراسی لیبرال ناودەبرێن؟

هەوەڵین بەڵگە، بەڵگەی مێژووییە. زۆربەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی

بەر لەوەی ببنە دێموکرات، ببوونە ڵیبرال. بەو مانایە کە لە سەر بنچینەی قانوونی ئەساسی نەزمی ڵیبرالیان دامەزراند. پاشان مافی دەنگدان درا بە هاو وڵاتیان و حیزبگەلی سیاسی پێکهاتن. تایبەتمەندی هەرە گرنگی نەزمێکی وا بریتی بوو لە پەیڕەوی دەوڵەت یا هێزی ڕاپەڕاندن لە قانوونە پەسند کراوەکان لە لایەن پارلمانی پێکهاتوو کە کەسانی هەڵبژێردراو (حکوومەتی قانوون)، دەستە بەرکردنی مافی تاکی لە سەر بناخەی قانوون و دەستە بەرکردنی ئازادی ڕا دەربڕین، پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵ، نیشتەجێبوون، و سەربەخۆیی تەواوی هێزی قەزایی لە هێزی قانوون دانان و هێزی ڕاپەڕاندنی وڵات بە مەبەستی پارێزگاری لە قانوون و مافی تاکی پێش گوتراو.

مێژوو نیشانی دەدا ئەو دێموکراسییانەی کە بە بێ پتەوبوونی تایبەتمەندییەکانی قانوون سالارانەی ڵیبرالی لە واندا مافی دەنگدانی گشتی پەرەی گرت و حیزبی سیاسی پێگەیشتبن، زۆر سست و لەرزۆک بوون.

## حکوومەتی قانوون

ئێستا دەگەینە بەڵگەی دووەم: هاوپێوەندیی دوولایەنەی مەشروتەی لیبرالی و دێموکراسی. لە کۆمەڵگا تازەکاندا، دەوڵەتەکان توانایەکی زۆریان هەیە و هەر چەندەی پشتیوانی خەڵکیان هەبێ، ئەگەر وەک هەر کەسێکی دیکە لە بەرانبەر قانووندا بەر پرس نەبن، یا ئەگەر



داوایان لێ نەکرێ کە بۆ بەکار هێنانی قانوونەکان بە گوێرەی ئایین نامە رەسمییەکان موافەقەتی پارلمان وەدەست بێنن، یائەگەر ڕێز لە ئازادی هاو وڵاتیان نەگرن، ئەو دەم خەڵک بە خێرایی توانای کۆنترۆلی خۆیان بە سەر دەوڵەتەکاندا لە دەست دەدەن. دێموکراسی نیزامێک نییە کە ئەوەی خەڵک داوای دەکا هەر دەست لەجێ و یا لە ماوەیەکی کورت دا ئەنجامی بدات، بەڵکوو نیزامێکە کە دەرەتانی نفووزی دەنگی خەڵک و کۆنترۆلی ئەوان بە سەر دەوڵەت دا دەپارێزێ و ئەم دەرەتانە بۆ لای پێشکەوتن پاڵ پێوە دەنێ. بێگومان یەک لەو دەرەتانانە بنەما سەرەکییەکانی مەشروتەی لیبرالییە کە گەڵاڵەی گشتی وی لە سەرەوە نیشان درا. واتە: حکوومەتی قانوون، جیاکردنەوەی هێزەکانی ڕاپەڕاندن و قانوون دانان و دادوەریە لە یەکتر و دەستە بەر کردنی مافە ئازادییەکانی تاکی.

## دێموکراسی و پابەندی بە قانوونی ئەساسی

هەروەک لە سەرخەتی«پابەندیی بە قانوونی ئەساسی» دەر دەکەوێ، باشترین هۆکار بۆ پاراستنی ئەم تایبەتمەندییانە و هەروەها توخمی تری پێکهێنەری دێموکراسی، بریتییە لە تۆمار کردنی ئەوان لە قانوونێکی ئەساسی نووسراودا کە لە وێدا ماف و ئەرکی هاو وڵاتیان و بنیاتە جۆر بە جۆرەکانی وڵات بە ڕوونی ڕوون کرابێتەوە و بە ئاگاداری گشتی گەیەنرابێت. شوێنی تایبەتی قانوونی ئەساسی لێرەوە دەردەکەوێ کە کار بەدەستانی دەوڵەتی دەبێ لە

ئاست وی سوێندی وەفاداری بخۆن و لە بان بەرژەوەندی دەستەیی بزانن، و ئەم نوکتەیەش کە چاککردنی ئەو دەبێ بە هەنگاوی تایبەتی وەک پشت ئەستووری دەنگدەرانی خاوەن مەرج و پرسی گشتی بە ئەنجام بگات، نیشانەیەکی دیکە لە گرنگی وی ئەوەیە کە قانوونی ئەساسی نووسراو تەنیا کاتێ دەپارێزرێ کە هێزێکی دادوەری سەربەخۆ، توانای بە کارهێنانی وی هەبێ و خەڵکیش بە یەکگرتوویی بەرگری لێبکەن.

## ٨– داخوا دێموکراسی لیبرالی تاقە شکڵی گونجاوی دێموکراسییە؟

سەدەی بیستەم بۆ پێکهێنانی دێموکراسی لە وڵات دا، بە بێ کەڵک وەرگرتن لە پێشینەی لیبرالی تێکۆشانی زۆری بە خۆوە دیوە و ڕێژیمی تاک حیزبیشی تێدا دامەزراون کە بەر بڵاو تریان نیزامە کۆمونیستەکان بوون. بەڵگەی ئەو نیزامانە بۆ ئیسباتی زێدەیی سیستێمی تاک حیزبی ئەوە بوو کە ئەو سیستێمە بۆ پارێزگاری دەستکەوتەکانی شۆڕشی خەڵکی و نەهێشتنی کارکردی سامان و سەروەتی شەخسی و بەرژەوەندییەکانی دەستەیی بە سەر ڕەوەندە سیاسییەکاندا کاربڕترە. حیزبی دەسەڵاتدار هەم وەک ڕێگای گواستنەوەی بیروڕای گشتی لە خوارەوە و هەم وەک ئامرازی ئامادە کردنی کۆمەڵانی خەڵک لە سەرەوە بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت کاری دەکرد.



## نەبوونی بەرپرسییەتی

هەر چەند ئێستا ئیتر پێویست بە گوتنی ئەم مەتلەبە نییە، بەڵام بێگومان لە پشتی تەواوی ئەو هەنگاوانەوە ئەنگیزەگەلێکی سەرەکی بۆ پێکهێنانی دێموکراسی هەبووە. لە گەڵ ئەوە نەبوونی هەموو چەشنە ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوەیەک بەو مانایە بوو کە تەنیا ئەو ڕوانگانە دەیانتوانی دەربکەون و تەنیا ئەو ڕێکخراوانە ڕێگای دامەزرانیان هەبوو کە زنجیرە پایەی حیزبی ئەوانی پشت ئەستوور کردبایە و نەتیجەی ئەوە بوو کە کارکردی هاو وڵاتیان لە سیاسەتەکان و وەڵامدانەوەی کار بەدەستانی دەوڵەتی لە بەرانبەر ئەواندا بە توندی تەنگەبەر بێت. نیزامە کۆمۆنیستییەکان، سەرەڕای دەستکەوتی بەرچاوی ئابووری، مۆری حکوومەتێکی سەرکوتگەر، قانوون شکێن و سەرەڕۆیان بە نێوچاوانەوە هەیە و تەنیا بە هۆی دەزگاگەلی پان وبەرینی ئەمنیەتی توانیویانە خۆیان بپارێزن.

## حکوومەتی تاک حیزبی

ئەنجامی وڵاتانی ئەفریقاییش کە بۆ دامەزرانی دێموکراسییەکانی تەک حیزبی لە سەر بناخەی ڕێبازی غەیرەکۆمونیستی هەوڵیان داوە، وەک وڵاتانی کۆمونیستی – دیارە نەک ئەوەندە توند – بووە. سیاسەتمەدارانی بناخەدانەری ئەم گەریانەش نیەتێکی باشیان هەبووە. ئەوان بەڵگەیان ئەوە بوو کە سیستێمی تەک حیزبی، بە تایبەت لە کۆمەڵگای چەند ڕەگەزی، لە پەیدابوونی ناکۆکی و درزی

نێوان حیزبەکان پێشگری دەکات و ڕەنگدانەوەی سوننەتی کۆنی لێک حاڵیبوونە کە لەگەڵ چەمکی «بەرهەڵستکاری ڕاستەکی» تەواو بێگانەیە. جگە لەوە لە کاتی هەڵبژاردندا، ئەو مافە دەدرێ بە دەنگدەران کە کاندیدای ویستیاری خۆیان هەڵبژێرن و دەرەتانی ئەوەیان دەدرێتێ کە ئەو وەزیرانەی کردەوەیان دژی خەڵکی بووە وەلا بنێن، هەر چەندە کە لە تەواوی ئەو گەریانەدا، ڕکەبەری لەڕادەی حیزبی و بەرنامەی پەسندکراوی ئەو تێناپەڕن. بەڵام بێ توانایی خەڵک لە ڕێکخستنی سەربەخۆی حیزبی حاکم و دژایەتی لە گەڵ ئەو لە سەر دەمی هەڵبژاردندا، دیسان بەو مانایە بوو کە دەوڵەتان و ڕێبەرانی ئەوان دەبن بە حاکمی سەرە ڕۆو وەلامنەدەرەوە، و نەبوونی جیا نەکردنەوەی هێزەکانیش بەو مانایە بوو کە بۆ حکوومەتی قانوون، پاراستنی ئازادییە مەدەنیەکان و وەڵامدانەوەی دەوڵەت بە خەڵک لە ڕێگای پارلمانەوە دەستەبەرییەک وجودی نییە.





## ڵیبرالیزم و دیموکراسی

تاقە نەتیجەیەکی لە گێڕانەوەی ئەم کورتە مێژووانە دەتوانێ وەربگیرێ ئەوەیە کە هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی بێ لیبرالیزم مەحکووم بە تێشکانە. بە کردەوە دەرکەوتووە کە ئازادی کۆبوونەوە و ملبەملەی ئازادی هەڵبژاردن، هەر ئەنجامێکی نالەباریشی هەبێ، ئامرازێکی پێویستە بۆ دەستەبەری درێژەی نفوز و چاودێری خەڵک بە سەر دەوڵەت دا، و حکوومەتی قانوون و جیاکردنەوەی هێزەکانیش دەستە بەری سەپاندنی سنووردانانی ئاییننامەیە لە سەر دەوڵەت و خۆشکردنی ڕێگای چاوەدێری کاریگەرە بە سەر ئەودا. بێگومان هەمیشە لە چوارچێوەی نیزامەکانی ڵیبرال – دیموکراتی و ڕێکخستنی لە گەڵ بار و دۆخی ناوچەیی شوێنێک هەیە. بەڵام ئەم خەیاڵەش کە شکلێک لە دیموکراسی لە ئاقارێکی بچووکتر یا لە قەوارەیەکی کۆمەڵگای سوننەتی دا، بەڕێوە دەچێ، بە هاسانی بگوێزرێتەوە بۆ پانتایی وڵات، هەڵەیە.

دەوڵەتەکانی سەدەکانی تازە، دامەزراوەی فرە بە هێزیان هەیە و خەباتی مێژوویی ڵیبرالەکان و مەشرووتەخوازانی ڕۆژ ئاوا بۆ ناچار کردنی دەوڵەتانی سەرەڕۆی سەرەتای سەردەمی تازە بۆ مل ڕاکێشان بە چاوەدێری خەڵک و وەڵامدانەوە بەوان، ئەزموون و دەرسێکی گرنگە بۆ دیموکراتەکانی ئیمڕۆ.



## ٩ – داخوا ئابووریی بازاڕی ئازاد بۆ دیموکراسی پێویستە؟

ئەم پرسیارە زۆر پێچەڵپێچە و ناکرێ وەڵامی ڕونی بدرێتەوە. دەبێ بێژین لە لایەکەوە سیستێمێکی بەرهەم هێنەر و دابەشکەری دامەزراو لە سەر ئەسڵی ئاڵوگۆڕی ئازاد، دەتوانێ ڕێگا بۆ دیموکراسی بکاتەوە. ئابووری بازاڕیش ڕاست وەک دیموکراسی باوک سالارانە لە گەڵ ئەفراد ناجولێتەوە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی بەرژەوەند و بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی خۆی، ئەوان بە باشترین دادوەر دەزانێ. هەر وەک لە سیستێمی دیموکراتیدا دەنگدەرەکان سەربەخۆ بڕیار دەدەن و سەرکەوتنی حیزبە سیاسییەکان بەستراوەتەوە بە ڕادەی پشتیوانیەک کە دەنگدەران لێیان دەکەن، لە سیستێمی ئابووری بازاڕیشدا ئەوانەی خەرجیان بە دەستە سەربەخۆ بڕیار دەدەن و سەرکەوتنی شیرکەتەکان بەستراوەتەوە بە ڕادەی پشتیوانییەک کە لێیان دەکرێ. جگە لەوە ئابووری بازاڕ بە تێکدانی ناوەند لە بڕیارەکانی ئابووری و دابەشکردنی زانیاری و ئاگاداری و دەرەتان لە نێو کۆمەڵگای مەدەنی دا، مەیدانی دەسەڵاتی دەوڵەت تەنگە بەر دەکات. ئەم سیستێمە پێشی ئەوە دەگرێ کە خەڵک بۆ دابینکردنی چارەنووسی خۆی، یا سەرمایە وەکارخستن بۆ هەموو چەشنە تێکۆشانی سەربەخۆی کلتووری و سیاسی، چاویان لە دەوڵەت بێ. لەبەر ئەوەیە کە ئابووریی بازاری ئازاد دەتوانێ بۆ دیموکراسی بە پشتیوانە بزانرێت.

## خاڵە لاوازەکانی ئابووری بازاڕ

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر چاودێرییەک لە سەر بازار نەکرێ، هەڵدان و وەستان لە کاری بەرهەمهێناندا پێک دێنێ کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگ و چەڵەمە و ئاژاوەی زۆری ئابووری. ئەم جۆرە ئابوورییە لە بەر هەڵکشان و داکشانی قیمەت و سەوداکانی نێونەتەوەیی وڵات توشی زیان دەکات و لە بڕیاردانی سەربەخۆ لە بارەی سیاسەتەکانی ئابووری بێبەشی دەکات. لە بواری خۆجێیشەوە، ئابووریی بازار بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە دەرەتان و سەرچاوەکانی کە هۆکاری جۆربەجۆری ئابووری پێکی دێنن، فەرق و جیاوازی پێک دێنێ بە چەشنێک کە لە بەرانبەریی سیاسی کە بۆ دێموکراسی پێویستە، بادەداتەوە. لە گەڵ کرێکارانیش جۆرێک ڕەفتار دەکا، دەڵێی ئەوانیش کوتاڵێکن وەک شتومەکی دیکە وەبەر قانوونی دان و سەندن دەکەون ، و کاتێ کە کاریان پێ نەمان وەلا دەنرێن. ئەم ڕەفتارە لە گەڵ مافی هاو وڵاتیان یەک ناگرێتەوە. کەوابوو زۆر سەیر نییە کە هەوەڵین وڵاتە سەنعەتییەکانی ئەورووپا بازاری ئازادیان لە گەڵ مافی دەنگی دێموکراتی ناتەبا دەزانی و لە زۆربەی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا لە بەرانبەریدا بەربەرەکانییان دەکرد و لەو بڕوایە دابوون کە بەڕێوە بردنی ئابووری ئازاد بۆ پێشگرتنی نارەزاییەتی خەڵک پێویستی بە هەبوونی حکوومەتە سەرەڕۆییەکان هەیە. لە شەڕی دووهەمی جیهانەوە بەملاوە، دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ویستوویانە لە ڕێگای چاودێری و دەست تێوەردانی بنچینەیی و سەنگ و سووکی داهاتەکان



و پێکهێنانی سیستێمێک بۆ ئاسایشی گشتی بۆ پارێزگاری لە زیانی لەرزۆکی بازاڕ ، دێموکراسی و ئابووری بازاڕ ڕێک بخەن.

## پەیوەندیی ناڕوونە

ئەوانەی کە فریوی ساکاریی ئابووریی بازاڕیان خواردووە، بە جوانی لە وە ئاگادارن کە لە نێوان دێموکراسی و ئابووریی بازاردا پەیوەندی ناڕوون هەیە. هەر لەو کاتەشدا ئابووری بە بەرنامەی داڕێژراوی ناوەندی کە لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا بەڕێوە دەچوو، بۆ کۆنترول پێویستی بە هەبونی دەزگایەکی ئیداری هەبوو، و ئەو مافەی دەدا بە دەوڵەت کە تەواوی هێزە داهێنەرەکانی کۆمەڵ ڕابکێشێ. هەروەها دەبوو بە هۆی نابەرانبەری و فەرق و جیاوازی بەربڵاوی سیاسی لە کاتێکا هیچ یەک لەم حاڵەتانە لە گەڵ ڕوحی دێموکراسی سازگار نین. ئەوە، کە داخوا سیستێمێکی لامەرکەزی کە بنیات و بنگا بازرگانییەکانی بازرگانی وی لە خاوەندارییەتی دەوڵەت دابێ لە نێو سیستێمی ئابووری بازار دا دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە بگونجێ و یا لە گەڵ دێموکراسی چەند حیزبی بێتەوە، پرسیارێکە تا ئێستا وەڵامی نەدراوەتەوە. تەنیا شکلێک لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە کاربڕی وی تا ئێستا ئیسبات کراوە، سۆسیال دێموکراسی وڵاتانی ئەورووپای باکور و ڕۆژئاوا بووە لە ساڵی ١٩٤٥ بەملاوە و ئەویش زیاتر لەوەی جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، بەجۆرێک لەگەڵ وی هاوسان بووە.( بەرانبەری وی بووە)

## ١٠ – داخوا بڕیاردانی زۆرینە، هەمیشە دێموکراتییە؟

بەگشتی ئەم فیکرە چەوتە لە نێو خەڵکدا هەیە کە دێموکراسی لە گەڵ حکوومەتی زۆرینە وەک یەک دەزانن. ئەگەر دێموکراسی بە مانای وردی وشە، بە حکوومەتی خەڵک بزانین، دەبێ ماناکەی حکوومەتی تەواوی خەڵک بێت نەک حکوومەتی بەشێکی خەڵک بە سەر بەشێکی تردا. بە واتایەکی تر دەتوانێ بگوترێ تایبەتمەندی گرنگی دێموکراسی مافی بڕیاردانێکە کە هەموو وەک یەک کەڵکی لێ وەر بگرن. لە کاتێکا کە بڕیار دانی زۆرینە تەنیا ئامادە کردنی ئاییننامەیە کە بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی لە زەمانێکدایە کە ئیتر ڕەوشتەکانی( وەک وتووێژ، پێداچوونەوە و سازان) نەگەیشتبنە یەک. بێگومان مل ڕاکێشان بۆ بڕیاری زۆرینە لەوە دێموکراتیترە کە دەرەتان بدرێ بە کەمایەتی کە لە بارەی ویستەکانی زۆرینە حوکم بکات یا نەهێڵێ بەجێبگەن.

بەڵام حکوومەتی زۆرینە لە بەر ئەوە کە دەبێتە هۆی بێهێزی کەمایەتی و هیچ مافێک بۆ بەشداری لە بڕیاردانەدا بۆ وان قایل نابێ، دەبێ وەک ئامادەییەکی سەرەتایی و خێرا بۆ بڕیاردان حیساب بکرێ نەک ئەوپەڕی بەرزی، ئەوەی دێموکراسی گەرەکیەتی.



## ئەسڵی بەرانبەری

لایەنگرانی حکوومەتی زۆرینە ئاماژە بەم نوکتەیە دەکەن کە ئەو کەسانەی لە هەڵکەوتێکی تایبەتدا دەکەونە کەمایەتی، لە هەڵکەوتێکی دیکەدا دەبنە زۆرینە. نەبوونی توانای کارکردی ئەوان لە بڕیاردانی تایبەتی و یا دۆڕاندنیان لە خولێکی هەڵبژاردندا، بە « بردنەوەیان» لە داهاتوو دا، قەرەبۆ دەکرێتەوە. بە واتایەکی تر ڕازیبوون و تەسلیم بوونی کەمایەتی لە بەرانبەر ڕوانگەی زۆرینەدا، پشت بە ئەسڵی بەرانبەری دەبەستێ. بەو مانایە کە نۆرەی ئەوانیش دێت ببن بە زۆرینە و هەر وەک ئەوان ملیان بۆ ویستی زۆرینە ڕاکێشاوە، ویستی ئەوانیش لە داهاتوودا ڕێزی لێدەگیرێ. بەڵام لە هەل و مەرجێکدا ئەسڵی بەرانبەریش کارکردی خۆی لە دەست دەدا ئەوەش ئەم کاتەیە کە بڕیارەکانی زۆرینە، توانای کەمایەتی بۆ ڕاگەیاندنی ڕوانگەکانیان لە داهاتوودا کەم دەکاتەوە. یا ئەم کاتە کە کەمایەتی دەبێتە کەمایەتی دایمی و هەرگیز ناکەوێتە هەڵکەوتی زۆرینە. یا لە هەل و مەرجێکدا کە مەسەلەی شوێنی بڕیاردان بۆ کەمایەتی ئەوەندە گرنگ و حەیاتییە تەنانەت بە سەرکەوتنیش لە داهاتوودا قەرەبۆ ناکرێتەوە. لە خوارەوە بە جیا لەم مەسەلانە دەکۆڵینەوە.

## زۆرینەو مافی تاک

حاڵەتێکی کە لەوێدا بڕیاری زۆربەی خەڵک« یا دەوڵەتێکی بە پشتیوانی زۆربەی خەڵک کار دەکات» مافی سەرەتایی تاک یا دەستە

له ژێر پێ دەنێ، بە گوێرەی تاریف، بە حاڵەتی نادێموکراتی ناو دەبرێت. ئەم مافە سەرەتاییانەی کە بۆ بەشداری خەڵک لە ژیانی سیاسی وڵاتدا پێویستن، بریتین لە: مافی ئازادی ڕادەربڕین، کۆچ و سەفەر، کۆڕوکۆبوونەوەو مافی دەنگدان و کاندیدا بوون بۆ وەدەستهێنانی شوێنی دەوڵەتی. دەستەبەر بوون و بەرچاوگرتنی ئەو مافانە و دانی وان بە چەشنی یەکسانی بە گشت هاووڵاتیان، بناخەی سیستێمێکی دێموکراتی پێک دێنن و باشترین کار ئەوەیە کە بە تۆمار کردنی ئەوانە لە پێرەو یا بەیاننامەیەکی مافدا پارێزگاری تایبەتی بکرێن تا لە پەلامارداني زۆرینە بپارێزرێن. وەڵامی ئەو پرسیارە گرانە کە لە چ کاتێکدا ڕاگرتن و مەرج بۆ دانانی ئەو مافانە بۆ هەموان ڕەوایە، بۆ دوایە ڕادەگیرێ.(سەیری پرسیارەکانی ٥٧و٥٩ بکە).

## کەمایەتییە هەمیشەییەکان

ئەسڵی بەرانبەری کاتێ کە کەمایەتی مەوجود، لە سەر بنەمای دابەشبوونی قەومی، ئایینی، زمانی،ڕەگەزی و شتی وا بێت، جارێکی دیکەش بێ نیشان و شوێن دەبێ. کاتێکی سیستێمی ڕکەبەری حیزبایەتیش لەجیاتی نەهێشتنی ئەم فەرق و جیاوازییە، پەسندی دەکات، ئەم کەمایەتییانە بە چەشنی دایمی لە شوێنەکانی دەوڵەتی و هەموو چەشنە کارکردی سیاسی بەلاوە دەمێننەوە. هێندێ بڕگەی قانوون سالارانە بۆ پێشگری لە ژێر دەستی دایمی کەمایەتییەکان



هەیە. هێندێ ئامرازی وەک بەشداریکردنی کەمایەتیەکان لە شوێنی دەوڵەتیدا بە گوێرەی بوونی حەشیمەتیان، قایل بوونی مافی ڤیتۆ بۆیان لە ئاست ئەو قانوونانە کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییان دەکەن و دانی خود موختاری ڕاستە قینە بۆ چارە سەرکردنی مەسەلەکانی پێوەندیدار بە خۆیانەوە. دیاریکردنی ئەوە کە کام یەک لەم ڕەوشتانە لە بارترە، بەستراوەتەوە بە بارودۆخی مەوجوود. بەڵام جگە لەوە کە کام یەک لە وانە بە کار دەهێنرێن، دەبێ لە بیرمان بێت کە مافی ژیانی خەڵک بە گوێرەی کلتوور و داب و نەریتی خۆی، وەک یەکێ لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ناسراوە و پێویستی بە شێوەی قانوونی هەیە.( سەیری پرسیاری ٦١ بکە).

## کەمایەتییە خۆینگەرمەکان

گیروگرفتی ئاخری لەم بەستێنەدا ئەوەیە کە هێندێ جار کەمایەتی خوێن گەرم لە کۆمەڵگادا هەن. مەسەلە ئەوەیە کە ئەو دەستەی لە کەمایەتی دان هێندێ جار وا هەست دەکەن کە مەسەلەی جێگای باس ئەوەندە گرنگە بێتوانایی ئێستایان بۆ بەکار هێنانی نفووز هەرگیز بەوەش قەرەبۆ ناکرێتەوە ئەگەر جێگای زۆرینەش بگرنەوە. دەبێ بێژین بە داخەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە ناکرێ هیچ قانوونێک دابنرێت. بەڵام زۆرینەیەکی کە ئاگایە و دەیەوێ دێموکراسی بەرێوە بچێ لە کۆمەڵگادا، لە باتی کەڵک وەرگرتن لە زێدەیی هەڵکەوتی خۆی وەک زۆرینە، ئەگەر بکرێ هەنگاوێکیش بۆ

بەجێگەیاندنی ویستی کەمایەتی هەڵێنێتەوە. دێموکراسی تەنیا کاتێ سەقامگرتوو دەبێ کە بۆ درێژە پێدانی هاوژیانی خەڵک بتوانن پێکەوە ڕێک کەون. حاڵەتێکی ئاواش کاتێ بە ئەنجام دەگات کە زۆرینە و دەوڵەتەکەی نوێنەری ئەو هەمیشە ئامادە بن سەبر و خۆگری لە خۆ نیشان بدەن و بە قازانجی بیروڕا و بۆچوونی خۆیان لە زۆرینەیی خۆیان کەڵک وەرنەگرن.

## ١١- داخوا تاک لە سیستێمێکی دێموکراتیدادەتوانێ بە شێوەی ڕەوا سەرپێچی لە قانوون بکات؟

نافەرمانی مەدەنی- یاسەربادانی هێمنانە لە قانوون بۆ بەرگری لە هێندێ ئەسڵی گرنگ یا بەرژەوەندی حەیاتی- لە مێژووی دێموکراسیدا شوێنی تایبەتی هەیە. ئەم سەربادانە دەبێ لە قانوون شکاندنی خیلافکاران جیا بکرێتەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە سەربادانە بریتین لە: ئاشکرابوونی ئەو، هەبوونی ئامانجی سیاسی و گوێ نەدان بە لێپرسین و سزادان. مەبەست لەم شێوە خەباتە ئەوەیە کە سەرنجی گشتی بۆ زۆرەملی و بێدادی کاربەدەستانی دەوڵەت یا بنیاتە دەسەڵاتدارەکانی تایبەتی ڕابکێشرێ و ئەوان مەجبوور بکرێن بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە. تەنیا کاتێ پەنا بردن بۆ ئەم شێوەیە ڕەوایە کە ڕەوشتی تەبلیغاتی و ڕازیکردن بێهودە بێت. هێندێ جاریش مەبەست ئەوەیە کە لە ڕێگای ڕێکخستنی خەڵکەوە پێشی



ئەنجامدانی سیاسەتی بێدادی بگیرێت. بەڵام لە بە رئەوەی کە ئەم شێوەیە ئەسڵی بەرانبەری کە تەسلیم و ڕازیبوونە لە بەرانبەر قانوون لە نیزامی دێموکراسی لە سەر دامەزراوە، پێشێل دەکات، دەبێ تەنیا لە هەل و مەرجی تایبەتیدا ئەویش وەک ئاخرین شێوە بیری لێ بکرێتەوە و بە کار ببرێت.( نموونەی هەرە ئاشکرای سەرکەوتن بۆ وەدەستهێنانی ماف لە ڕێگای نافەرمانی مەدەنی، وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هندستانە بە ڕێبەرایەتی مەهاتما گاندی.)

## تەواویەت و ڕاستی قانوون

نەیاران و ڕەخنەگرانی نافەرمانی مەدەنی، بەڵگەیان ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ناکرێ قانوون شکاندن بە ڕەوا بزانرێ. قانوون، بناخەی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە گوێ پێنەدانی تاکی و دەستەیی بە قانوون دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکی دیکە بۆ ئەو کارە. ئەگەر قەرار بێ هەموو تەنیا قانوونێک هەڵبژێرن کە خۆیان گەرەکیانە، ئەودەم بناخەی قانوون کە ژیانی گشتمانی لەسەر دامەزراوە، بە خێرایی لاواز و لەرزۆک دەبێ. جگە لەوە، لە کۆمەڵگا دێموکراتیەکاندا بۆ گۆڕینی قانوون، ڕێگای قانوونی لە بەر دەم خەڵک ئاواڵەیە. ڕێگاگەلی وەک بەشداری لە هەڵبژاردن، بەکار هێنانی نفووز لەسەر نوێنەران، خەباتی قانوونی بۆ ڕازیکردنی هاو وڵاتیان و دەوڵەت بۆ پێویستی گۆڕانکاری لە سیاسەت و قانوونەکانی نادادگەرانە دا . لە ڕاستیدا هەر ئەو بەشدارییە لە هەڵبژاردندا نیشانەی رازیبوون وتەسلیم بوونە

لە بەرانبەر ئەنجامی هەڵبژاردن و قبووڵکردنی ئەو سیاسەتانەیە کە لایەنی سەر کەوتوو خەباتی بۆ کردووە. بەم جۆرە ئاشکرا دەبێ کە نافەرمانی مەدەنی جۆرە سوکایەتیەکە بە دێموکراسی و حکوومەتی قانوون.

## قانوون و داد

لە لایەکی دیکەوە پارێزەرانی مافی پەنابردن بۆ نافەرمانی مەدەنی وەبیر دەخەنەوە کە قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، تاک مەجبوور ناکات کە مل بۆ هەموو قانوونێک ڕابکێشێ و یا هاوکاری لە گەڵ ئەو سیاسەتەی دەوڵەت بکا کە لەوانەیە بێداد بێت. هێندێ جار ڕێگای قانوونی خەبات و ناڕەزایی دەربڕین کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدا، لە کاتێکا دەنگی خەڵکی ئاسایی بەکردەوە لە نێو تەبلیغاتی دەوڵەتی و دەسەلاتدارانەی خاوەن بەرژەوەندا بزر دەبێ. لە بەر ئەوەیە کە نافەرمانی مەدەنی دەتوانێ بە سەرنجڕاکێشانی خەڵک بە بێدادییەکان، نەک وەک ڕەوشتێکی لە بەرانبەر دێموکراسیدا، بەڵکوو وەک یارمەتییەک بۆ تەواو کردنی ئەو بەکار بێت.

هەرچۆنێک بێت دوا دادگا بۆ بڕیاردان لە بارەی ڕاستی و ناڕاستی، هەر دەبێ ویژدانی تاک بێت و هیچ کەس ناتوانێ لە بەرانبەر بەردەوامی قانوونی بێداد دا، بەرپرسیەتی لە سەر شانی خۆی لابدا و هیچ کارێک نەکات. ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدا کە تەسلیمی شەرماوی لە بەرانبەر قانوونە زاڵمانەکاندا هەمیشە زیانی



لە نافەرمانی ئوسوڵی زیاتر بووە.

## ویژدانی تاکی

ئەم جیاوازییەی بۆچوونەکان ناکرێ بە پەنابردن بۆ نموونە گشتییەکان چاربکرێ. بڕیار لەم بوارانەدا زیاتر بەستراوەتەوە بە هەل و مەرجی تایبەت لە هە ربەستێنێکدا، بە پارسەنگی نێوان ئەسڵە ناتەباکان وبە لێکدانەوەی ئەنجامێک لەوانە بەرهەم دێت.

لە ئاخریدا هەر مەسەلەیەک تاک دەبێ خۆی چاری بکات. یەکێ لەم بوارانە کە گرنگی ویژدانی تاک لەوێدا بە ڕەسمی دانی پێدا هاتووە، مافی دژایەتیە لە گەڵ خزمەتی نیزام وەزیفە لە وەڵام بە بانگەوازی ویژداندا. زۆر لە دەوڵەتەکانیش کارکردی ئەخلاقی ئەو دژایەتییە ئیقرار پێدەکەن و بە شکلی تازە بۆ جێنشینکردنی خزمەتی نیزام بیر دەکەنەوە.

## ١٢- داخوا لە نێوان نەتەوە پەرستی و دێموکراسیدا پەیوەندییەک هەیە؟

زۆرجاردەگوترێ کە دێموکراسی و نەتەوەگەری. لە دنیای ئیمڕۆدا دوو ئیدیۆلۆژی گرنگی دژ بە یەکترن. ئەوەی لەم ئیدیعایەدا نایەتە بەر چاو ئەوەیە کە ئەم دوو شێوە بیروڕایە، خاوەنی ڕیشەی مێژوویی و ئیدیۆلۆژی هاوبەشن وهەرتکیان بەم ئەسلەی شۆڕشی فەرانسەوە پابەندن کە تەواوی دەسەڵاتە سیاسیەکان لە خەڵکەوە سەرچاوە

دەگرن. بڕوای نەتەوە گەرییەکان بە مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی خەڵک لە چوار چێوەی سنووری وڵاتیاندا لە گەڵ ئەم ئەسڵەی دێموکراسی پەیوەندی پتەوی هەیە کە خەڵکی هەر وڵاتێک دەبێ خۆیان لە بارەی مەسەلەی خۆیانەوە سەر بەخۆ بڕیار بدەن. بەڵام ئێستاکە حکوومەت دەبێ لە ژێر نفوزی خەڵک دابێ، ئەم پرسیارە گرنگە دێتە پێش کە کۆمەڵانی خەڵک کامانەن؟ کێن ئەوانەی کۆمەڵانی خەڵک پێکدێنن.؟

## نەتەوە پەرستی و پاوانخوازی

بەڵام مەسەلە هەر بەوە کۆتایی نایە. لە کاتێکا کە دێموکراسی بە بیرو باوەڕێکی دنیاگر حیساب دەکرێ و لە سەر لێهاتوویی خەڵک بۆ بڕیاردانی سەربەخۆ و بێ لەبەر چاوگرتنی فەرق و جیاوازی نێوان خەڵک پێدادەگرێ، نەتەوەگەری بیروباوەڕێکە لە سەر فەرق و جیاوازی نێوان خەڵک و نرخی تاک و کلتوور و داب و نەریت و ژیانی نەتەوەیەک پێدادەگرێ. بەم چەشنە دەتوانێ بگوترێ کە نەتەوەگەری بیروباوەرێکی پاوانخواز و دێموکراسی بۆچوونێکی بەربڵاوی گشتیگرە. ئەم نەتەوەگەرییە کاتێکی دەگاتە حاشاکردن لە مافی هاو وڵاتیی بێگانان و تەنیا بەڵگەشی ئەوەیە کە زمان و دین و ڕەگەزی وان لە گەڵ زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە هاوسانی نییە، ئەودەم باری نادێموکراتی بەخۆوە دەگرێ. ئەگەر دانیشتوانی هەموو وڵاتان خەڵکێکی یەک نەتەوەو ڕەگەزێکی خالیس بان، ئیتر گیروگرفتێک پێک



نەدەهات. بەڵام بەکردەوە ئاوارەیی خەڵک و داگیرکردنی وڵاتان لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو، قەومە جیاوازەکانی دنیای وەها پێکەوە تێکەڵ کردووە کە فیکری بوونی دەوڵەتی میللی( وڵاتێک کە حەشیمەتی وێ لە قەوم و نەتەوەیەک پێکهاتبێ و خاوەنی یەک ڕەگەز و داب و زمان بن) وەک نیشتمانی خەڵکێک بە یەک ڕەگەز و نەتەوە، لە هیچ کوێ وەڕاست ناگەڕێ.

## نەتەوە پەرستی و مافە دێموکراسیەکان

هەر چەندە ئیرادەی میللی بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی بڕیاردان لە گەڵ ئەسڵی دێموکراسی سازگارە، بەڵام قایل نەبوونی مافی بەرانبەری سیاسی بۆ دانیشتوانی بێگانە و یا خۆ بواردن لە دانی هەموو چەشنە خودموختارییەک بە کەمایەتیەکانی کە لە وڵاتێکدا دەژین، بە ڕەوشتێکی نادێموکراتی حیساب دەکرێ. جگە لەوە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە ئاشکرایە کە ئەم بۆ چونانە لە نێو خۆ و لە دەرەوە زیان بە ئاشتی دەگەیێنن، ناکرێ ئەم مەسلەیە تەنیا بە مەسەلەیەکی خۆجێیی حیساب بکرێ کە دەبێ هەر ئەم وڵاتە خۆی چاری بکات. مافە سەرەتاییەکانی دێموکراسی، وەک بەشێک لە مافی مرۆڤ، ئێستا بە مافی گشتی و ئارمانی ڕەوای هەموو ئینسانان دەژمێردرێ و بادانەوە لە وان دەبێتە هۆی باس و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ دەبێتە هۆی بەکار هێنانی گەمارۆ لە لایەن کۆمەڵی نێو نەتەوییەوە. بە واتایەکی تر، ئێستا تەنیا لە کاتی بە ڕەسمی ناسینی

مافەکانی ئینسانی دەکرێ نەتەوەگەری و قەومیگەری بە ڕەوا بزانرێت نەک بە نرخی لە بەر چاو نەگرتنی ئەو مافانە.

## ١٣ – داخوا هەر وڵاتێک دەتوانێ بگاتە حکوومەتی دێموکراتیی؟

جی.اس. میل (J.s.mill) فەیلسوۆفی لیبرالی سەدەی نۆزدەهەم،لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بوونی حکوومەتی دێموکراسی بەستراوەتەوە بە بوونی شارستانیەتی پێشکەوتوو لە کۆمەڵدا. بە بڕوای وی وڵاتانی غەیری ڕۆژئاوا لێهاتوویی ئەوەیان نیە کە حکوومەتێکی لە خۆیان هەبێ و پێویستیان بە حکوومەتێکی سەرەڕۆیە کە بە نیەتی خێرخوازانە حکوومەتیان بەسەردا بکات و باشتریش وایە کە ئەو حکوومەتە بە دەستی ڕۆژئاوا بەڕێوە بچێ. لەو سەردەمەدا تەنانەت خاوەن ڕایانی هەرە ڕووناکبیریش بیروباوەڕێکی ڕەگەزپەرستانەی ئاوایان دەهێنا گۆڕێ. دیارە گومان لەوەدانیە بوونی خەڵکێکی خاوەن کلتور بۆ دێموکراسی بە زێدەیی حیساب دەکرێ، چونکە دەبێتە هۆی کەمی ناکۆکی لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەراندا. بەڵام هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە بە گوێرەی وی ئیدیعابکەین کە نەبوونی خوێندەواریی ڕەسمی دەبێتە هۆی بێتوانایی خەڵک لە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی شوێندانان لە سەر ژیانیان، یا نە توانن کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن. لە پێشینەی دیکتاتۆرەکانیشدا. چ لە ئیمپراتورییەکانی جیهان و چ لە نێو خۆی



وڵاتەکاندا هەموو شت گیر دەکەوێ جگە لە نیەتی خێر خوازانە.

## خەباتی جەماوەری

ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدا کە دێموکراسی بەبێ خەبات و ئامادەیی بەر بڵاوی خەڵک بەدەگمەن دامەزراوە. بە زۆرینە پاش ماوەی درێژ و بە نرخی لە دەست دانی هێزی زۆری مرۆڤ وەدەست هاتووە. بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، دەبێ خەڵکی ئاسایی بۆ گەیشتن بە ئامانجە بنچینەییەکانیان بڕوایان بە بوونی ئەو هەبێ وبۆ دابینکردنی دێمووکراسی خۆ ڕێکبخەن. بە واتایەکی تر، دێموکراسی لە بانەوە پێشکێش بە خەڵک ناکەن. فەرمانڕەوا سوننەتیەکان، دیکتاتۆرە نیزامییەکان، دەزگا حیزبییەکان، سەر کۆمارەکانی هەتا دەژین و داگیرکەرانی بێگانە، هیچیان بە داخواز واز لە دەسەڵات ناهێنن و تەنیا کاتێ واز دێنن کە ڕێژیمەکەیان بە پانی بێ ئیعتیباربێت و ئامادەیی خەڵک ئەوانی قانیع کردبێ کە مانەوەی وان لە بان دەسەڵات و حکوومەت تەنیا دەبێتە هۆی قوولتر بوونی شپرزەیی و نەبوونی دەرەتانی درێژە پێدانی حکوومەتەکەیان.

## پشتیوانی نێو نەتەوەیی

پشتیوانی دێموکراسییەکانی دیکە بێگومان دەتوانێ بە سەرکەوتنی هێزەکانی لایەنگری دێموکراسی و گەیشتن بە ساختاری دێموکراتی یارمەتی بکات. بەڵام بە درێژایی شەڕی سارد. ڕێژیمە

دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا زیاتر لە هەوڵی ئەوەدابوون کە پەرەگرتنی کۆمونیزم بۆ وڵاتانی دیکە تەنگەبەر بکەن نەک هاندانی وڵاتەکان بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی. بەم کارە یارمەتییان دەکرد بە مانەوەی هێندێ ڕێژیمی تەواو نادیموکراتی. بەڵام پاش کۆتایی شەڕی سارد، گرنگترین تێکۆشانی نێو نەتەوەیی ڕووی کردۆتە پشتیوانی لە دەوڵەت و بزووتنەوە دیموکراتییەکان. هەرچەند ئەم پشتیوانیانە گرنگن، بەڵام هەرگیز ناتوانن جێگای خەباتی خەڵک دژی حکوومەتە سەرەڕۆییەکان بگرنەوە. جگە لەوش، سەپاندنی حکوومەتی سەربەخۆ بەسەر خەڵکدا لە دەرەوە، جۆرە ناتەباییەکی لە نێو خۆدا هەیە، و هەر چۆنێک بێ گریمانی مانەوەی ڕێژیمێکی ئاوا بۆ ماوەیەکی درێژ زۆر کەمە.

## ١٤ – دیمووکراسیی وەدەستهاتوو چۆن دەکرێ بپارێزرێ؟

بۆ ئەم مەبەستە نوسخەی ئامادە کراو نییە. دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکانیش لە ماوەیەکی درێژ و دوای تێپەڕاندنی هەل و مەرجێک سەقامگرتوو بوون کە تەواو دژی ڕوحی دیموکراسی بوو. دژکردەوەکانی ئەشرافزادە و دیکتاتۆری نیزامی و فاشیزم ئەو هەل ومەرجەیان پێکهێنا بوو. لە هێندێ وڵاتی کە لەم دواییەدا دیموکراسیان وەدەستهێناوە، بارو دۆخی لەبار بۆ پاراستنی وی نیە.

چەند دەستەیی کۆمەڵایەتی هێندێ جارلەوە قووڵترە کە بکرێ لە نێو نەزمێکی ئازادی سیاسیدا پێکەوە بسازێن. هێندێ جار ئابووری



ئەوەندە لاوازە کە ناتوانی ویستی ڕەوای خەڵک بە جێ بگەیێنێ. جاری واش هەیە ئەرتەش لەوە بەهێزترە کە ڕازی بێت بەو نەخشەیە کە غەیرە نیزامی بۆیان داناوە.

## پتەو کردنی دیموکراسی

لەگەڵ هەموو ئەم شتانە دا، ئەو بۆچوونەش هەڵەیە کە خەڵک توانای ئەوەیان نیە لەگەڵ هەل و مەرجی نالەبار بەربەرەکانی بکەن.

دەکرێ بۆ پتەوکردنی بنیاتەکانی دیموکراتی بە مەبەستی بەربەرەکانی لە بەرانبەر ئەو گوشارانەدا کە دیموکراسی دەخەنە مەترسییەوە، هێندێ هەنگاو باوێژرێن. سەرکەوتن لەم کارەدا زیاتر بەستراوەتەوە بە کاربڕی و فێربوونی کەسانی پیشەیی کە شوێنی سەرەکییان لە دەست دایە. کەسانی وەک مافپارێزان، قانووندانەران، سکرتێرانی پارلمان، کاربەدەستانی چاودێر بەسەر هەڵبژاردندا و زیاتر لە گشتیان کاربەدەستانی دەوڵەت. دامەزرانی حیزبە سیاسیەکانیش بەشێکن لە پێویستیەکان. لە گەڵ ئەوانە بنیاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵی مەدەنی – واتە ماسمێدیا، کاسبکارانی ئازاد، یەکێتییە پیشەییەکان و بە گشتی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان – پێویستە لە کاری تێکۆشانی کە سەر بە دەوڵەت نەبێ و لە دەرەوەی سەر پەرشتی ئەودابێ.، شارەزاو قاڵ بن. پاراستن و پتەو بوونی دیموکراسی هەر وەها بەستراوەتەوە بە توانایی و هاودەنگی ڕێبەرانی پلەی بالای حیزبی و بەڵێن وپابەندی وان بە ڕێبازی دیموکراتی و



قـــانوونی و هـەر وەهـا پـابەنـدی بـە دۆزینـەوەی ڕێگاچـارە بـۆ تەنـگ و چەڵەمـەکـانی حـەیاتی و درێژە پێدانـی خـەبات بۆپاراسـتنی نفـووزی خۆیی.



## خەباتی دوو لایەنە

ڕەنگە باشترین تەعبیرێک کە لە خەبات بۆ پاراستنی دێموکراسی بکرێ، خەباتی هاوکاتە لە دوو جەبهەدا. ئەم خەباتە  لە لایەک لە گەڵ هێزەکانی دژی دێموکراسییە کە هیچ کاتێ هەبوونی بنیاتە ئازادەکان و یا کارکردنی خەڵکی ئاسایی بە سەر گەریانە سیاسییەکاندا بەهەند ناگرن. لە لایەکی تر خـەباتێکی بۆ ڕاگرتنی چەند دەستـەیی کـە لە سـیـاسـەتەکـانی دێمـوکـراسی پەیدا دەبن وەک ڕکـەبەری بۆ وەدەستـهێنانی حکوومەت و  خـەیاڵی ئەوە لە سیاسـەت کە پێی وایە وەک کێبەرکێ خـەڵاتەکان هـەموو بەوی دەبڕێن. سەرکەوتن لـە خەباتی هەوەڵیـانـدا بەسـتـراوەتەوە بە ڕادەی پەرەگـرتنی بنیـاتـەکـان و دەستـەکانی نێو کۆمـەڵ کە بەرژەوەندییان لە مـانەوەی دێموکراسیدایە و ئامـادەشـن بەرگـری لێـبکەن. سـەر کـەوتن لە خـەباتی دووەمـدا بەسـتراوەتـەوە بە ڕادەی بە خـۆوەسـتـان کـاتی کـەڵک وەرگـرتن لە دەسـەڵات و هـۆگـری بە بـاس و وتو وێژ لە گـەڵ بـەرهـەڵسـتکارانی سیاسی و ڕێز گرتن لە مافە سیاسییەکانی خەڵک.

## ١٥- توخـمـە سـەرەکـیـیـەکـانـی پێکهـێنەری سیستێمێکی دێموکراتیی ڕێکوپێک کامانەن؟

سـیـسـتـێـمێکی دێمـوکـراتیی ڕێکوپێک، چوار پایە و یا توخـمی سەرەکی هەنە. کە بریتین لە : هەڵبژاردنی ئازاد و دادوەرانە، هەبوونی دەوڵەتـی کـراوە و وەڵامـدەرەوە، لەبەر چاوگـرتنی مـافـە مـەدەنی و

سیاسییەکان و هەبوونی کۆمەڵگایەکی دێموکرتی یا « شارستانی». لە پرسیارەکانی پێشوودا بۆ ئەم چوار توخمە ئاماژە کراوە و ئێستا دەمانەوێ ڕوونتر باسیان بکەین، چونکە ئەم چوار تێرمە، چوار پرسیاری دوایی ئێمە پێکدێنن.

ئەم چوار چێوەیە دەکرێ بە شکلی ئاشکرا وەک « هەرەمی دێموکراسی» کە لەوێدا هەرتوخمەی کە بۆ هەموان پێویستە شکڵ بکێشی. « شکلی١»

## هەڵبژاردنی ئازاد و دادوەرانە

ڕکەبەری لە هەڵبژاردندا،گرنگترین ئامرازە کە کار بەدەستانی دەوڵەتی ناچار دەکات وەڵامی خەڵک بدەنەوە و مل بۆ چاوەدێری ئەوان ڕابکێشن. خاسیەتەکانی دیکەی هەڵبژاردنی ئازاد دەستەبەرکردنی بەرانبەریی سیاسی نێوان هاو وڵاتیانە. هەم لە بواری گەیشتن بە کاری دەوڵەتی و هەم لە بواری نرخی دەنگی ئەوانەوە. پێکهێنانی« هەڵبژاردنی ئازاد و دادگەرانە» لە پلەی یەکەمدا بەستراوەتەوە بە هەبوونی سیستێمی هەڵبژاردن. مەبەست لە سیستێمی هەڵبژاردن، کۆمەڵە قانوونێکە کە دیاری دەکات کامە بەر پرسانی دەوڵەتی دەبێ لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێن. چ کەسانێک مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بۆ ئەم بەرپرسییە کاندید بکەن، چ کەسانێک مافی دەنگدانیان هەیە، کۆزیلەی هەڵبژاردن چۆن دیاریی دەکرێن، و دەنگەکانی خەڵک چۆن دەستە بەندی دەکرێن و سەرکەوتووەکان چۆن دیاریی دەکرێن.





وێنەی ژمارە «١»

لە پلەی دووەمدا« دادگەرانە وئازاد» بوونی هەڵبژاردن بەستراوەتەوەبە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی، بەو مانایەکە هەر دەورەیەکی هەڵبژاردن بە کردەوە چۆن بەڕێوە دەچێ: لە قۆناخی تۆمار کردنی ناوی دەنگدەران و دەستەبەرکردنی بێلایەنی و بە هەند گرتنی قانوون و دووری لە فرۆفێڵێک کە ڕاستی ئەنجامی هەڵبژاردن نەخاتە شک و گومانەوە.

## حکوومەتی کراوەوە و بەرپرس

لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا وەڵامدانەوەی دەوڵەت بە خەڵک دوو لایەنی هەیە. یەکیان وەڵامی حقوقی. واتە وەڵامدانەوە بە دادگاکان لە بواری پابەندیی بەرپرسانی نیزام بە قانوونەکان « حکوومەتی قانوون». ئەوی دیکەیان وەڵامدانەوەی سیاسی، واتە وەڵامدانەوە بە

پارلمان و خەڵک لە بارەی کردەوە و سیاسەتەکانی دەوڵەت. بوونی ئەم دوو جۆرە وەڵامدانەوە، بەستراوەتەوە بەوە کە دادگاکان لە بەرگری لە قانوونی ئەساسی و دۆزینەوەی تاوان و تەمبێی تاوانباران سەر بە دەوڵەت نەبن (یا نەبەسترابنەوە بە دەوڵەت). هەروەها بەستراوەتەوە بە سەربەخۆیی پارلمان لە قانووندانان و باجدانان و چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی دەوڵەت دا. دەوڵەتی دێموکراتی جگە لەوانەی سەرەوە، پێویستە بە ڕاوێژ و بیستنی بۆچوونی خەڵک و بیروڕای گشتی وەڵامی کۆمەڵ بداتەوە.

## مافە مەدەنی و سیاسییەکان

مافەکانی مەدەنی و سیاسی، ئازادی ڕا دەربڕین و کۆڕوکۆمەڵ و سەفەر دەگرێتەوە کە مەرجی بنەڕەتی کردەوەی سیاسی خەڵکە، چ بە شکڵی خۆڕێکخستن لە کۆمەڵدا وچ پەیداکردنی نفوز و کارکرد لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت. ڕاستە کە ئەم مافانە وەک بەشێک لە مافە گشتییەکانی مرۆڤ، بۆ تاکەکان پارێزراوە، بەڵام نرخیان لە کاری بە کۆمەڵدایە. واتە یەکگرتن و هەوڵدان بۆ ئامانجی هاوبەش، خەباتی گرویی، کاربڕی لەسەر بیروڕای گشتی و هتد. کەوابوو نابێ وابزانرێ کە مافی تاک لەگەڵ بریاردانی بە کۆمەڵ و چاوەدێری خەڵک بەسەر دەوڵت دا، ناتەبایی هەیە، چونکە ئەم مافە، پایەی بنەڕەتی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵ سازدەکات.



## کۆمەڵی دێموکراتی یا شارستانی»

چەمکی کۆمەڵی « شارستانی» نیشاندەری ئەم واقعیەتەیە کە کۆمەڵ دەبێ بۆ پاراستنی دێموکراسی، خاوەنی ڕێکخستن وئەنجومەنی جۆر بە جۆری ئەوتۆ بێت کە بەبێ پاڵپشتی دەوڵەت بتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی دەوڵەت تەنگە بە ردەکرێ. بیروڕای گشتی لە جیاتی ئەوەی لە بانەوە ڕێکبخرێ، لە ژێرەوە دەگاتە گوێچکەی کاربەدەستانی دەوڵەت و کۆمەڵ دەگاتە بڕوا بە خۆبوونێک کە بۆ بەربەرەکانی لە بەرانبەر ملهوڕیدا پێویستیەتی. ئەم ئەسڵە کە ئەو ڕێکخراوانە نەک هەر دەبێ سەربەخۆ بن، بەڵکوو پێویستە کە ڕێکخستنی نێو خۆشیان دێموکراسی بێت، ئەم نوکتەیە پشت ئەستور دەکات کە ئەگەر بەشەکانی گشتیی کۆمەڵ لە سەر ڕێبازی دیکتاتوری بەڕێوە بچن، دێموکراسی لە پلەی دەوڵەتیشدا سەقامگرتوو نابێت.

ئەگەر خەڵک لە ماڵ و مەدرەسەو مزگەوتەکاندا بە دەسەلات سەپاندن ڕابێن و ئەگەر هیچ ئەزمون و ڕابردوێکیان لە ڕێکخستن و هاوکاری لە بڕیاردان لە شوێنی کار و لە گەڕەک و شوێنی ژیان و کۆڕوکۆمەڵی خۆ سازدا نەبێ، بە دوورە کە ببنە هاو وڵاتی تێکۆشەر و لە بەرانبەر وەزعی کۆمەڵی خۆیاندا هەست بە بەر پرسی بکەن.

## ٢- هەڵبژاردنی ئازاد و دادوەرانە

### ١٦- گرنگی هەڵبژاردن لە چیدایە؟

لە ڕادەی نەتەویی دا هەڵبژاردن دوو ئامانجی هەیە. یەکەم بریتییە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت یا ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی هێزی ڕاپەڕاندن و دیارە هەڵبژاردنی ئەم سیاسەتانەی کە دەوڵەت بەڕێوەیان دەبات.

ئامانجی دووەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمانە کە ئەرکی قانووندانان و دیاریکردنی باج و چاوەدێری بە سەر کردەوەکانی دەوڵەتیان لە لایەن خەڵکەوە لەستۆیە. لە سیستێمەکانی سەر کۆماریدا، کە سەر کۆمار، سەرۆکی دەوڵەتیشە، ئەم دوو ئامانجە تەواو لە یەکتر جیاوازن و بۆ هەر یەکیان هەڵبژاردنی جیاواز بە ڕێوە دەچێ. دەتوانێ پێکەوە و یا لە کاتی جیاوازدا ئەنجام بدرێت. لەو سیستێمانەدا کە سەرەک وەزیر بە کردەوە سەرۆکی هێزی ڕاپەڕاندنە، هەرتک ئامانج لە یەک خولی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێن.



چونکە لەم سیستێمانەدا ئەوە نوێنەرانی پارلمانن کە ڕێبەری کام لەو حیزبانەی دەنگی زۆری هێناوەتەوە، دەیکەنە سەرۆکی دەوڵەت.

### هەڵبژاردن و چاوەدێری خەڵک

هەڵبژاردنی ڕێکوپێک و دایمی ئەوکاربەدەستە دەوڵەتییانە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد وملبەملەیی دا، نیشانەی سەرەتای کۆنترۆڵ و چاوەدێری خەڵکە لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا. بەڕێوە چوونی هەڵبژاردن نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆ وانیش دەپارێزرێ و نیشانەی ئەم مەتڵەبەشە کە ئەوە خەڵکن کە سیاسەتمەدار دەبێ لە بەرانبەریاندا وەڵامدەرەوە بن. تەنیا گریمانی وەلانان لە پۆستی دەوڵەتییە کە وەک ئاخرین چەک دەتوانێ ئەم دڵنیاییە پێک بێنێ کە هەڵبژێراوانی خەڵک بەرپرسیەتی خۆیان بە ڕاستی ئەنجام دەدەن و دۆسیەی بەرپرسیەتی دەوڵەتیش لە بەرچاو دەگرن. ئەگەر وانەبێ کادری دەوڵەت و سیاسەتەکانی گۆڕانیان بەسەر دا دێت؟.

### ١٧- داخوا سەرۆکی حکوومەت پێویستە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ؟

شوێنی سەرۆکی حکوومەت دەبێ شوێنێکی تەشریفاتی و نیشانەیی بێت. شوێنێکە کە نیشاندەری یەکێتی میللەت، لە سەرووی ملبەملەی حیزبایەتییە، بەردەوامی حکوومەت لە سەرووی گۆڕانی

دەوڵەتەکانە و سەقامگرتوویی قانوونی ئەساسی، لە سەرووی کاتیبوونی هێندێ قانوونی دیکەوەیە. گرنگی ئەم نەخشەی ڕواڵەتی لە کاتی قەیرانی میللی یا ناکۆکی لە بارەی قانوونی ئەساسیدا دەردەکەوێ. لەم بەستێنەدا سەرۆکی حکوومەت دەتوانێ دەسەڵاتی بەرچاو لە خۆی بەکار بێنێ.

## سیستەمە جیاوازەکان

لەسیستێمی سەرکۆماریدا، سەر کۆماری هەڵبژێردراو نەخشی تەشریفاتی سەرۆکی حکوومەت لە گەڵ نەخشی ڕاپەڕاندنی سەرۆکی دەوڵەت تێکەل دەبن.(وەک وڵاتەکانی ڕووسیا، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین) لە کۆمارە پارلمانیەکانداسەرکۆمار،سەرۆکی حکوومەتە کە دەسەڵاتی ئیجرایی (ڕاپەڕاندن) نییە و لەوانەیە ڕاستەو خۆ لە لایەن خەڵک یا لە لایەن پارلمانەوە هەڵبژێردرێ وەک ( وڵاتەکانی ئاڵمان، ئیرلەند، هندستان و...هتد) لە وڵاتەکانی مەشرووتەی پاشایەتیدا حکوومەت میراتییەو سەرۆکی حکوومەت تا کۆتایی ژیانی هەر لەم شوێنەدا دەمێنێتەوە( وەک وڵاتەکانی بەلژیک، ئەسپانیا و بەریتانیا.)

## سیستێمی هەرە باش نییە

لەم سیستێمانە کامیان باشترە؟ بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی ساکار نییە. چونکە هەر یەک لەوانە لە نێو سیستێمی قانوونی



خۆیاندا ئەشێ وەک کۆیەک هەڵسەنگێندرێن. سەرکۆماری بە بەرپرسیەتی ڕاپەڕاندنەوە ئەم گرفتەی هەیە کە لەوێدا سەرۆکی حکوومەت لە باس و کێشەی ڕۆژانە و یا ناڕازی بوون لە سیاسەتی سەرنەکەوتوو دژی گەلی لە ئەماندا نییە. لە لایەکی دیکەوە سیستێمێکی کە لەوێدا پاشا بەبێ هەڵبژاردنی خەڵک حکوومەت دەکا، بە زەحمەت دەکرێ بە دێموکراتی ناوببرێت. بە تایبەت کاتێ کە پاشا بۆتە سەرۆکی سیستێمێکی دەرەبەگی و ئەشرافی. سیستێمی پاشایەتی لانی کەم دەبێ بە دەنگی گشتی خەڵک پشت ئەستوور کرابێت ودەسەڵاتی وی بە دانانی قانونێکی ئەساسی نووسراو بە وردی دیاری کرابێت.

## ١٨- کام لەکاربەدەستانی دیکەی دەوڵەتی دەبێ خەڵک هەڵیانبژێرێ؟

لەوەڕا کە بەرپرسی ( ڕاپەڕاندنی) وڵات ( سەرکۆمار یا سەرەک وەزیران) لە بەرانبەر خەڵک و پارلماندا بەرپرسی کارکردی تەواوی کاربەدەستانی خوارووی دەوڵەتییە، هێندێ لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەم کاربەدەستانە لە جیاتی هەڵبژاردنی خەڵک دەبێ لە لایەن کاربەدەستە بەرزەکانی دەوڵەتییەوە دیاری بکرێن. بەو مەرجە کە هەمووی ئەو کەسانە توانای ئەوەیان هەبێ بۆ ئەم کارەی پێیان دەسپێردرێ. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە بوونی دێموکراسی پێویستی بەوە هەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی وەڵامی نیازەکانی

ناوچەیی خەڵک و مەرجە جۆراوجۆرەکانی ناوچەیی بدەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە پێویستە هەڵبژاردنێ هێندێ شورا بۆ چاوەدێری بە سەر ئیدارەی خزمەتەکانی ناوچەیی( وەک لەشساخی، فێر کردن، پۆلیس و...هیتر) بەچەشنی گشتی بۆ وەستۆ گرتنی بەرپرسیەتی کارەکانی دەوڵەتی ناوچەیی بەڕەوا بزانرێت.

## هەڵبژاردن و هێزی قەزایی(دادوەری)

داخوا ئەندامانی هێزی دادوەریش پێویستە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن؟ لە هەوەڵ ڕوانیندا وادێتە بەر چاو کە ئەسڵی هاو سانی واحوکم دەکات کە ئەندامانی هێزی دادوەریش هەر وەک ئەندامانی هێزی ڕاپەڕاندن و قانوون دانان لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی هێزی دادوەری نەخشی حقوقی هەیە نەک سیاسی ، ڕەسەنی ئەو بەستراوەتەوە بە بێلایەنی، ئەندامانی وی دەبێ لە نەبوونی پشت ئەستووری خەڵک و مەترسی نیزیکبوونەوە لە باڵێکی تایبەت لە کۆمەڵدا، لە ئەمان دابن. ئەمە ئەرکی پارلمانە کە خەڵک لە ڕەوەندی چۆنیەتی دانانی قانوونەکان ئاگادار بکات، هێزی دادوەری ئەرکێکی ئەوتۆی نییە.

بەڵام هەر لەو کاتەشدا ئەندام گیری هێزی دادوەریش مەسەلەیەکە کە سیستێمی دێموکراسی مافی سەرنجدان و دڵەڕاوکەی لە بەرانبەردا هەیە. بەتایبەت کە هێزی دادوەری بە زیانی هێندێ توێژی گرنگی کۆمەڵ وەک ژنان، کەمایەتیە ڕەگەزییەکان و



کەمایەتییەکانی تر کار دەکات.

## ١٩- داخوا دەبێ زیاتر لە یەک پارلمانی هەڵبژێردراوی یاسادانەر هەبێ؟

باسی هەبوونی پارلمانی دووەم کە پایەی هەڵبژاردنی ئەندامانی وی لە گەڵ ئەمەی هەوەڵێان تەفاوەتی هەبێ، سەبارەت بە پێویستیی دەستەبەر کردنی چاوەدێری تەواوی قانوونەکان و پشتیوانی لەوان، هاتۆتە پێش. بەتایبەت لەم وڵاتانەدا کە لە سەر بناخەی فیدرالی بەڕێوە دەچن. بوونی پارلمانی دووەم کە لە جیاتی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی تەواوی وڵات، ببێتە ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندی هەرێمە جیاوازەکان، پێویستە. ئەو پارلمانە هەروەها دەتوانێ وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆلی قانوون دانان لەو وڵاتانەدا کە بۆچاوەدێری مافەکانی تاک. دەستەبەری قانوونی نیە، بەکار بهێنرێت.

## هەڵبژاردنی جیاواز

ڕەوشتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەم دوو پارلمانە لە گەڵ یەک فەرقیان هەیە. هێندێ لە نوێنەرانی مەجلیسی سەنا دادەنرێن و ئەوانیتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە سەر بنەمای کۆزیلەی هەڵبژاردن و لە بەرنامەکانی کات دیاریکراوی جیاواز هەڵدەبژێردرێن. لە سیستێمەکانی پارلمانیدا، هەڵبژاردنی ڕاستەو خۆو هاوکاتی تەواوی نوێنەرانی پارلمان لە لایەن خەڵکەوە، گرنگتری هۆیەکە کە ڕەوایەتی

پێدەبەخشێ و مافێکی زیاتر بۆ قانوون دانانی پێدەدا. دەسەلاتی مەجلیسی سەنا لە وەدواخستن و یا ڤێتو کردنی قانوونەکان تێناپەڕێت.

## ٢٠- مەودای کاتی هەڵبژاردنەکان دەبێ چەند بێت؟

دیموکراتە توند ئاژۆییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بۆ بەردەوامیی کۆنترۆلی کاریگەر بە سەر نوێنەراندا، ویستیاری بەڕێوە بردنی سالانەی هەڵبژاردنی پارلمان بوون. بەلام ئیمڕۆ ئەرک و کارەکانی پارلمان و دەوڵەت بۆ مودیریەتی کاری ئابووری وڵات و بە ئەنجام گەیاندنی سیاسەتەکانی دەوڵەت ماوەی زیاتر لە ساڵێکیان گەرەکە. ئیمڕۆ خولێکی چوار ساڵەی ئاسایی وەک مەودای ناونجی بۆ پێکهاتنی نیازی دەوڵەت بۆ بەردەوامی سیاسەتەکانی لە لایەک و پێویستی وەلامدانەوە بە خەڵک لە لایەکی ترەوە قبوڵکراوە.

## دانانی ماوەی هەڵبژاردن

ماوەی کاتی لەبار بۆ لە سەر دەسەلاتبوونی کاربەدەستانی هەڵبژێراو هەر چەندی بێ، گرنگ ئەوەیە کە دیاریکردنی سەردەمی هەڵبژاردن لە ئەستۆی دەوڵەت نەبێت. هەروەک پاشان باسی دەکەین( لە پرسیاری ٢٩) نەبوونی دەسەلاتی حیزب و یا ئەو حیزبانەی کە دەسەلاتیان بە دەستە بە سەر ڕەوەندی هەڵبژاردندا و قایل نەبوونی



زێدەیی و سەرپشکی بۆ ئەوان، لە ئەسڵە بنەماکانی هەڵبژاردنی« ئازاد و دادگەرانە»یە. ئەم ئەسڵە جگە لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، لە بارەی دانانی کاتیش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

## ٢١- داخوا دەبێ مافی دەنگدان لە تاکە کەسی کۆمەڵ بستێنرێتەوە؟

لە زۆربەی سیستێمە دیموکراتیەکاندا، هێندێ کەس مافی دەنگدانیان نیە. لەوانە. منداڵان، تاوانباران و دانیشتوانی بێگانە. لە بەر ئەوی لە نێوان ئەم گرۆیانەدا هاوسانییەک نییە، بەڵگەی جیاواز بۆ نەدانی مافی دەنگدان بەوانە بەجیا باسدەکەین. دەنگ نەدانی منداڵانی کەمتر لە تەمەنی پێویست لە باری ئەقڵی و پسیکۆلۆژی ڕەوایە. زۆربەی منداڵانی کە تەمەنیان کەمترە ئەزموون و مەنتیقی تەواویان بۆ پێشبینی نەتیجەی ماوە درێژی هەڵبژاردنی خۆیان نییە. لە بەرئەوە ناکرێ جگە لە باوک سالاری جۆرێکی تر رەفتاریان لەگەڵ نەکرێ. لە زۆر کۆمەڵگایاندا منداڵ هێندێ ماف وەر دەگرن کە نیشانەی گەورە ساڵیی تەمەنیانە. وەک مافی ژنهێنان، مافی خاوەن ماڵی، مافی داواکردنی حقوقی و هەقی دەنگدان. وەدەستهێنانی ئەم مافانە ئاسایی لە گەڵ تەمەنی ١٨ ساڵە. واتە تەمەنێک کە پۆلی دواناونجی تەواو دەکات و کاتی ئەوەی دێت بچێتە سەربازی.

## دیاریکردنی ڕادەی تەمەن

دیارە ناکرێ تەمەنێکی تایبەت وەک فۆرمۆڵێکی نەگۆڕ بۆمافی دەنگدانی تاکی کۆمەڵ لەبەر چاوبگیرێ بەڵگەکان نیشانی دەدەن کە ئیمڕۆ مندالآن زووتر لە ڕابردوو پێدەگەن و بەر لەوەی بگەنە تەمەنی ١٨ساڵە هێندێ ماف وەردەگرن. وەک وەرگرتنی مزەی کاری تەواو وەخت. هەروەها وەک حەقیقەتێکی داخدار دەبێ قبوولی بکەین کە هێندێ لە مندالآن لە بەرانبەر ئەو گەورە سالآنەی کە بەرپرسیانن، پێویستیان بە پارێزگاری هەیە و بە زانینی ئەم واقعیەتە پێویستیی دانی مافی بڕیاردان بەوانیش لە تەمەنی کەم ساڵیدا دێتە گۆڕێ. هەر چۆنێک بێ ڕەوەندی پێگەیشتنی مندالآن ڕەوەندێکی بەر دەوامە و ئامادە کردنی وان بۆ ئەنجامدانی نەخشی هاوولاتی لە کۆمەڵگای دێموکراتیدا، پێویستی بە بەشداری وان هەیە لە بڕیاردانی بە کۆمەڵ لە ماڵ و مەدرەسە لە تەمەنی خوارەوەدا.

بەڵام هەر لەوکاتەشدا هیچ کام لەم بۆچوونانە نابنە بەڵگەی تەواو بۆ هێنانە خوارێ ڕادەی تەمەنی دەنگدان بۆ ژێر ١٨ ساڵ و کەمکردنەوەی ئەم گرنگییە کە کۆمەڵ کەسێک وەک خاوەن هەڵکەوت و مافی گەورەسالآن بێنێتە حیساب.

## تاوانباران و مافی دەنگدان

نەدانی مافی دەنگدان بە تاوانباران کە ماوەی مەحکومیەتی خۆیان لە زیندان بە سەر دەبەن، بەوە پینە دەکرێ کە کەسێکی حورمەتی



قانوونی شکاندووە مافی ئەوەی نییە بۆ دانانی قانوون دەنگ بدات. بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەکرێ وای بۆ بچی کە نەبوونی ئازادی نابێ ببێتە هۆی نەبوونی مافی دەنگدانی هاو وڵاتیانی دیکە. بە تایبەت کە گیراوەکان بۆ پارێزگاری لە خۆیان لە بەرانبەر هەل و مەرج و بۆچونەکانی غەیرە قانوونی و نائینسانی، پێویستیان بە دەست پێڕاگەیشتنی نوێنەرانی هەڵبژێڕاو، و یارمەتی وان هەیە.

## دانیشتوانی بێگانە

مەسەلەی ئاخری و لە هەمووی باس هەڵگیرسێنەرتر، مەسەلەی ڕێگانەدانی دانیشتوانی بێگانەیە لە هەڵبژاردندا. لەم بارەوە بوونی مافی دەنگدان، پێویستی بە چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دیکە هەیە، یانی بوونی سەڵاحیەت بۆ وەدەستهێنانی مافی هاو وڵاتی. ئەگەر قبووڵ بکەین کە دێموکراسی لە سەدەی ١٨دا لە گەڵ ئەسڵی قایل بوون بە لە دایکبوون و میراتگری وەک تاقە بنەمای کەڵک وەرگرتن لە مافی سیاسی پێکهات، ئەودەم ئەشێ ئەم واقعیەتەش قبوڵ بکەین کە وەرگرتنی ئەم ئەسڵە وەک تەنیا پێوانە بۆ وەدەستهێنانی مافی هاو وڵاتی و لە بەر چاو نەگرتنی مافی ئەو دانیشتوانەی کە لە ڕێگای قانوونیەوە لە وڵاتێکدا نیشتە جێن، لەگەڵ ڕۆحی دێموکراسی نایەتەوە. ئەوە جێگای باس نییە کە چ ماوەیەک بۆ « نیشتەجێبوونی» حیساب بکرێ، بەڵام پێنج ساڵ نیشتە جێبوون لە وڵاتێک بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان مەنتیقی دێتە بەر چاو.

## ٢٢– ڕەوتی ناونووسینی دەنگدەران دەبێ چۆن بێت؟

تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بە ڕواڵەت وەک مەسەلەیەکی فەننی دێتە بەرچاو. بەڵام بەکردەوە شێوەیەکی کە بۆ ئەم کارە دیاری دەکرێ، بۆ پاراستنی مافی دەنگدەران گرنگی زۆری هەیە. فایدەی بەجێگەیاندنی ئەم کارە بۆ بەرێوە بردنی هەڵبژاردن بە تەواوی ڕوونە. لەم ڕێگایەوە دەنگدەرەکان دەناسرێن تا لە ئەنجامدانی کاری ناقانوونی، وەک دوو جار دەنگدان، دەنگدان لە جیاتی کەسێکی دیکە، دەنگدان بێ ئەوەی مافی قانوونی دەنگدانی هەبێ، پێشگری بکرێ. بەڵام ڕەوەندی ناونووسی دەنگدەران هێندێ جار هاو وڵاتیان بە دەلیلی جیاواز، لە تۆمار کردنی هەڵکەوت ومافی خۆیان واز دێنن.

بۆ نمونە، هێندێ جار ناو نووسی بە دڵخواز بەرێوە دەچێ و هاو وڵاتیان مەجبور نین ئەم کارە بکەن. یالایەنگرانی حیزبەکان خۆیان ناوی خەڵک دەنووسن، ناو نووسینی بەر لە بەرێوە چوونی هەڵبژاردنیش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ دڵسارد بوونەوەی خەڵک. بەڵگەیەکی دیکە، کەلک وەرگرتنی دەوڵەتە لەم ناو نووسینانە بە مەبەستێکی دیکە، وەک تۆمار کردنی چۆنیەتی باج و وەزعی بنەماڵەیی وەیا وەزعی کار و پیشە. لە کاتێکا وەرگرتنی ئەم زانیاریانە لە خەڵک دەبێ بە شێوەیەکی جیاواز و بە ئاگاداری خۆیان بکرێ. ڕەوتێکی کە لە گەڵ هەل و مەرجی کۆمەڵێکی دێموکراتی کە ئێمە باسی دەکەین بێتەوە بریتیە لە : ئیجباری بوونی تۆمارکردنی ناو،



ئەویش بەدەستی ئەو بەر پرسانەی کە بۆ ئەم مەبەستە فێرکراون ومووچە وەر دەگرن. بەرێوە بردنی لە کەمترین ماوەی مومکین لە گەڵ هەڵبژاردن و جیا کردنەوەیان لە بەڵگەکانی تری مەملەکەتی هەم لە بارەی پیادە  کردن و هەم لە ڕوانەگەی ڕێکخستنەوە.

## ٢٣– داخوا دەنگدان دەبێ بە زۆری بێت؟

بەڵگەیەکی کە بۆ ئیجباری کردنی هەڵبژاردن دەبێ(نمونە وەک قانوونی ئوستراليا) ئەوەیە کە هەڵبژاردنی دەوڵەت یا نوێنەران، جگە لەوە کە مافی هاووڵاتیانە، ئەرکیشیانە و وەچەکانی ڕابردوو بەهۆی خەباتی خۆیان ئەم مافەیان وەدەستیان هێناوە. دەنگی نەدراو دەبێ بە ئاشکرایی لە ڕێگای پسولەی دەنگدانەوە نیشانبدرێ، نەک وەک کەسانی دڵسارد و بێ تەفاوەت لە گەڵ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا. لە بەرانبەر ئەم دەلیلانەدا دەبێ بگوترێ لە چەمکی ئیجباریکردنی« هەڵبژاردنی ئازاد» لە گەڵ ئەوەی خەڵک والێبکەی لە ماف کەڵک وەر بگرن، جۆرە ناتەباییەک هەیە. هەروا ئەشێ لەبیرمان بێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە خۆ لە بەشداری هەڵبژاردن دەبوێرن و زیاد بوونی وان لە نێو توێژگەلی جیاوازی خەڵکدا، ڕاگەیاندنی هەوەڵی و نیشانەیەکی گرنگە سەبارەت بە بێتوانایی دەوڵەت لە پاراستنی پەرەگرتنی دێموکراسی لە کۆمەڵدا.

## ناونووسی ئیجباری

له زۆربەی نیزامـه دێموکراتیەکانیشدا هەر ئەم دەلیلە قبوڵ کراوە و بەشـداری لـه هەڵبـژاردندا بە کـارێکی داخـوازیانه دادەنرێت. بەڵام داخـوا داخـوازی بەشـدار بوون لـه هەڵبـژاردندا، ئیـجـبـاری بـوونی ناونووسـین بۆ ئـەو– هـەر وەک لە زۆر ولاتـاندا هـەیـە– نەفی دەکـــات؟ وەڵام ئەوەیە کــە، نـا. ناونـووسـین بـۆ بەشــدری لـه هەڵبــژاردن، پێش شــەرتی پێــویســتــە بۆ بـڕیار دان لە بەشـــداربون یا نـەبوون لـە هەڵبـژاردندا. بۆ بەڕێوە بـردنی هەڵبـژاردن دەکـرێ لە ناونووسـینیش کەڵکی ڕەوا وەر بگیرێ، وەک بەرانبـەر کردنی ژمـارەی دەنگدەران لە نێوان کـۆزیلکەکـانی هـەڵبـژاردندا کـە خـۆی دەبێـتـە هۆی شـادی و ڕازیبوونی خەڵک.





## ٢٤- بۆ دەبێ پسوولەی دەنگدان بە نهێنی بێت؟

جی.اس.میل( J.S.Mill فەیلسوفی لیبڕالی ئینگلیزی لەو بڕوایە دابوو کە نووسینی دەنگ ئەشێ بە ئاشکرا بێت چونکە بەم شێوەیە دەنگدەرەکان لەبەرانبەر هاووڵاتیانی دیکەدا لە بارەی دەلیلی هەڵبژاردنی خۆیان مەجبوور بە وەڵامدانەوە دەبن. لەجیاتی لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی شەخسی و تەنگەبەری خۆیان، وایان لێدێ بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن. ئەوخاوەن بیرانەی ئەم بۆچوونە بەرزەفڕییەیان پشت ئەستوور دەکرد، زۆر کەمن. دەنگدانی ئاشکرا بە کردەوە دەنگدەرەکانی لە بەرانبەر گوشاری نابەجێی دەسەڵاتداران- وەک کاربەدەستان، خاوەن مڵکان و ڕوحانیان - و بەرتیل دان لە لایەن کاندیداکانەوە دادەمێنن. دەنگدانی نهێنی ئێستا وەک یەکێ لە گرنگترین تایبەتییەکانی تەواوی نیزامە دێموکراتەکان حیساب دەکرێ.

## ٢٥- کێ ماف و سەڵاحیەتی وەی هەیە ببێتە کاندید؟

لە بنەماوە هەر کەسێکی مافی دەنگدانی هەیە، دەبێ مافی ئەوەشی هەبێ خۆی کاندید بکا. دیاریکردنی تەمەنی زیاتر لەو تەمەنەی کە بۆ کاندیدابوون ڕێگای دراوە بە دەنگدەران، لە هێندێ وڵاتان بەم بیانوە بەکار دەبرێ کە هیچ کەس بەبێ وەدەست هێنانی



ئەزموون لە مەسەلە سیاسیەکاندا، ناتوانێ بۆ کاری گرنگی دەوڵەتی کاندیدێکی لێهاتوو بێت  بە پێویست نایەتە بەرچاو

## هەل و مەرجی کاندیدا بوون

مەسەلەیەکی دیکە، مەسەلەی ڕەوت و چۆنیەتی کاندیدا بوون و ناونووسی کاندیداکانە. مەرجی زۆربەی سیستێمەکانی بەڕێوە بردنی هەڵبژاردن بۆ قبووڵکردنی کاندیدا، نیشاندانی لانی کەمی ژمارەی ئەو کەسانەیە کە لە کاندیدەکان پشتیوانی دەکەن. یا دانانی بارمتەی پارەیەکە بۆ ئەوەی ئەگەر لانی کەمی ژمارەی دەنگی لە هەڵبژاردندا نەهێنا، جەریمە بکرێ. ئەم مەرجانە دەبنە هۆی پەشیمان بوونەوەی ئەو کاندیدانە کە بە بێ پشتیوانە و شێلگیری تەواو هاتوونەتە مەیدان. هەرتکی ئەم مەرجانە ترسی ئەوەیان بە دواوەیە کە جگە لە پەشیمان بوونەوەی کاندیدا غەیرە جیدییەکان و دڵساردی کاندیدا شێلگیرەکانی، بە تایبەت لە هەل و مەرجێکدا کە ئەم کاندیدایانە لە لایەن حیزب و یاهێزێکی سیاسی تازەوە ناسێنرابن. لە هێندێ وڵاتان تەنیا کاندیدای ئەو حیزبانە مافی بەشداربوونیان هەیە کە پێشتر تۆمار کرابن، ئەم شێوەیەش بۆ پێشگرتنی کەسانی غەیرە جیدی لە کاندیدا توری بیرکراوەتەوە. بەڵام لەوانەیە ببێتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆلی سیاسی بە سەر حیزب و کاندیداتورەکاندا و بەم چەشنە دەرخستنی بیروڕای جیاواز لە کاتی هەڵبژاردندا تەنگە بەر دەکات.





## هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاندیداگەلی هەر حیزبێک لە هەڵبژاردنی سەرەتاییدا کە تەنیا بۆلایەنگرانی حیزبەکانە، هەڵدەبژێردرێن. هەر چەندە ئەم شێوەیە مافی هەڵبژاردنی کاربەدەستانی وڵات و هەروەها هەڵبژاردنی کاندید بۆ ئەم کاربەدەستانە دەدا بە دەنگدەران، بەڵام تێچوونی هەڵبژاردنیش بە چەشنێکی بەرچاو زیاد دەکات و دەبێتە هۆی جۆرە بێدادییەک بە قازانجی ئەو کەسانە کە دەوڵەمەندن و یا دەوڵەمەند پشتیوانیان لێدەکەن. بە سەرنجدانی ئەم گیروگرفتە، ڕەوشی گشتیتر ئەوەیە کە ئەندامانی حیزب لە ناوچەو مەڵبەندی هەڵبژاردن کاندیداکان هەڵبژێرن. دیارە تەنانەت ئەم دەرەجەیەش لە بەکارهێنانی دێموکراسی لە هەڵبژاردنی کاندیداکاندا بە هیچ جۆر گشتی نییەو هەمووی ناگرێتەوە.

## ٢٦- بۆچی ژنان بۆ کارە گشتییەکان کەم هەڵدبژێردرێن؟

لە سیستێمە دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوادا، ژمارەی نوێنەرانی ژن لە چاو ژنانی دەنگدەر زۆر کەمە. نێونجی گشتی ئەم ڕێژەیە لەو دێموکراسیانەدا کە ماوەیەکە سەقامگرتوو بوون، لە سەتا ١٥ کەمترە. وڵاتانی ئەسکەندیناوی( دانمارک، نەرویژ، سوید، ئیسلەند و فینلاند) بە ٣٥٪ لەم نێونجییە گشتییە زیاترین ڕێژەیان هەیە. لە زۆربەی

ولاتان ڕێژەکە لە١٠٪یە. کەمترین لە سەتی ڕێژەی نوێنەرانی ژن لە چاو ژنانی دەنگدەر لە فەرانسەدایە کە دەگاتە لە٦٪. هەبوونی ئەم وەزعە، دەلیلی جۆر بەجۆری هەیە کە بەشێکی مێژوویی و بەشێکی خۆجێیی و بەشێکیشی سیاسییە. لە درێژایی مێژوودا کەمتر هەڵکەوتووە کە ژنان بە شایانی بەشداری لە تێکۆشانی سیاسی دابنرێن. بەڵکوو هەمیشە بە چەشنی ڕەسمی یانا ڕەسمی لەوە بەدوور بوون و ئەم کارە بۆتە هۆی توند بوونی بڕوا بە لێنەهاتوویی ژنان. پاشماوەی ئەم بیروڕایەی ڕابردوو، بۆتە هۆی ئامادە نەکردنی ژنان بۆ بەدەستەوە گرتنی کاری سیاسی. ئەوەی کە ئەم بیروڕایەی زیاتر پتەو کردووە، دابو شوێنی نابەرانبەری کارەکە بە گوێرەی ئەو بەر پرسیەتی گرنگی ژن بۆتە پەروەردەی منداڵ و کاری ماڵ. تێکۆشانی سیاسی، تێکۆشانێکی فرە وەختگرە و ئەو سەعاتە کارانەی کە دەوڵەت و پارلمان کاری تێدا دەکەن، تەنیا بە سەعاتی کاری ئیداری کارمندانی دیکەوە تەنگەبەر ناکرێ، بەڵکوو ئەم سەعاتانەش دەگرێتەوە کە خەڵکی دیکە بۆ حەسانەوە و پێڕاگەیشتنی کاری شەخسی کەڵکی لێ وەر دەگرن. لە گەڵ ئەوەش ئەم جۆرە تێکۆشانەی کە خەبات و ملبەملەی حیزبایەتی و دەسەڵاتخوازی شەخسی گرنگی زۆری هەیە زیاتر پەسندی پیاوانە نەک ئی ژنان.

## گرنگیی هەبوونی بەرانبەری

داخوا بەرانبەری گرنگە؟ ئەگەر لە ڕوانگەی هاوسانی سیاسییەوە





س

سـەیری ئەم کـارە بکەین، کـاتێک ئەوەی بە گـرنگ دەزانین کـە لەکۆمەڵگادا توێژێک بە ئاشکرا خاوەنی سەرپشکی و مافی تایبەت بن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی– بە شێوەی هەڵبژاردن یا هەڵنەبژاردن کە توێژەکانی تری خەڵک لەو بێبەشن. پیاوان بە دەلیلی تەواو ئاشکرا ئەو مەسەلانە بە جیددی ناگرن کە کاردەکەنە سەر ژیانی ژنان و نایانخەنە ڕیزی هەوەڵەوە. هەرچەند ناکرێ بگوترێ کە ژن هەموو بیروڕاو بەرژەوەندی یەکسانیان هەیە، بەڵام زۆر لەوانیش بڕیاری پیاوان لە پارلماندا لە بارەی هێندێ مەسەلەی وەک پێشگری لە زگپڕی، منداڵ لەبەرخۆ بردن و دەستدرێژی قبوڵ ناکەن. هەر چۆنێک بێت ئەگەر بە تایبەتمەندییەکان و ئەو حاڵەتەی کە ژن تێیدا پەروەردە بوون، دەرەتانی شایان نەدرێت، کۆمەڵگا بە گشتی تووشی زیان و فریو خواردن دەبێت.

## گۆڕینی هاوسەنگی

چ دەبێ بکرێ؟ سەرکەوتن بەسەر ئەم میراتە مێژووییە نابەرانبەرە سیاسییەدا، لە چەند لاوە پێویستی بە چەند هەنگاوێک هەیە: گۆڕینی ڕوانگەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە لە ڕێگای فێرگە و ڕاهێنانی گشتی خەڵک، ئامادەکردنی هێندێ دەرەتان بۆکاری منداڵداری بە مەبەستی سووککردنی ئەرکی ژنان، و چاوخشاندنەوە بە سەعاتی کاری پارلمان و هێندێ سانایی لەم بارەوە، هەنگاو گەلێکن کە پێویستە باوێژرێن. حیزبە سیاسیەکانیش بەرپرسی تایبەتیان لە



ستۆیە. ئەم حیزبانە دەبێ بۆ هاندانی ژنانی ئەندام و ناساندنیان وەک کاندید، پێشقەدەم بن. دەکرێ ئەم کارە بە دانانی بەشی تایبەتی و لە بەر چاوگرتنی شوێنی تایبەتی بۆ ژنان و لە ڕێگای دیکەوە ئەنجام بدرێ. وڵاتانی سکەندیناوی بە سەر کەوتنەوە ئەم کارانەیان ئەنجام داوە.

## ٢٧– مافی نوێنەرایەتی نوێنەرانی پارلمان لە لایەن دەنگدەرانەوە بە چ مانایەکە؟

واژەی نوێنەرایەتی سیاسی، دوو واتای جیاوازی هەیە. یەکێک لە وان دەکرێ بە مانای کارگوزاری لێک بدرێتەوە. لەم لێکدانەوەیەدا نوێنەر کەسێکە کە دەنگدەرەکان دەسەڵاتی پێدەبەخشن و ئەویان کردۆتە وەکیلی خۆیان و ئەرکیان پێ ئەسپاردووە. هەنگاوەکانی نوێنەر لە هێندێ بارەوە لە لایەن تەواوی دەنگدەران ویا ئەوانەی کردوویانەتە وەکیل بەڕێوە دەچێ. بۆ نمونە دابینکردنی بەرژەوەندی ناوچەیی، نیشاندان وهێنانە گۆڕی بیروڕای خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنی خۆی لە پارلماندا، یاهەوڵدان بۆ پێڕاگەیشتن بە سکاڵای تاکەکان دەکرێ بە بەشێک لەو هەنگاوانە بزانرێ. لە هێندێ بارەوەش نوێنەر تەنیا لە لایەن هێندێ کەسەوە کە دەنگیان پێداوە، دەست بە تێکۆشانێک دەکات. تێکۆشانی وەک بەجێگەیاندنی بەرنامەکان و گرتنە پێشی ئەو سیاسەتانە کە لە خەباتی هەڵبژاردندا گەڵاڵە کرابوون، هێندێ ڕەتیان کردبۆوە و هێندێکیش پشتیان گرتبوو

بەشـێکن لـەو تێکۆشـانانـە. ئەمـە کـە نوێنـەرانی پـارلمان لە هـەمـوو بەستێنێکدا وتە وێژ و کارگوزاری هـەموو دەنگدەرانن، لە خەیاڵ زیاتر نیە، چونکە بۆ چوونێکی وا لە گەڵ بەرپرسیەتی ئـەوان بۆ کار کردنی ورد بۆ ئەو بەرنامانەی کە بۆ وان هەڵبژێراوە و دەبێ لە بەرانبەریاندا وەڵامدەرەوە بێ، نایەتەوە.

## دنیای بچوکی نوێنەرایەتی

چەمکێکی دیکە کە لەواژەی نوێنەرایەتی سیاسی وەردەگیرێ، بەدنیای بچوک ناو دەبرێ. لەم حاڵەتەدا، پارلمان وەک یەک کۆ لەبەرچاو دەگیرێ نەک وەک تاک تاکی نوێنەران. دەکرێ پارلمانی قانوون دانان بەم واژەیەی کە تایبەتمەندی کۆمەڵی دەنگدەران وەک گشتێک نیشاندەدا، بە نوێنەری واقیعی ئەم کۆمەڵە بزانرێت. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: پێکهاتی کۆمەلایەتی ئەوان، بڵاوی جوغرافیایی و ڕێژەی ئەو دەنگدانەی بۆ حیزبە جیاوازەکان دراون. بەڵام کامیان لەوانە گرنگترە لە وانیتر،؟

وەڵام ئەوەیە کە هەموویان گرنگن، بەڵام دەکرێ بڵێین لە وڵاتێکدا کە هەڵبژاردنی خەڵک لە نێو حیزبە جیاوازەکاندا بە بەرنامەی جۆراوجۆرەوە بەڕێوە دەچێ، ڕەنگدانەوەی ڕێژەی هۆگری خەڵک بە حیزبە جیاوازەکان لە پێکهاتی مەجلیسدا، لە پلەی هەوەڵی گرنگی دایە. ئەم حاڵەتە لە سیستێمە هەڵبژاردنەکانی جێگیر لە سەر بناخەی« هەڵبژاردنی حیزبەکان» زیاتر لەوانیتر بە ئەنجام دەگات.



(سەیری پرسیاری ٢٨ بکە)

## دوو ئەسڵی دێموکراسی

ئەم دوو چەمکەی کە لە سەرەوە باسیان کرا– واتە چەمکی کارگوزاری و دنیای بچوک– دەکرێ بە دیاردەی دوو ئەسڵی دێموکراسی بزانرێ کە لەپرسیاری یەکەم دا ئاماژەی پێکراوە. ئەسڵی یەکەم، واتا تواناو دەسەڵاتی خەڵک – بەم مانایە کە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە خەڵک سەرچاوە دەگرێ و پارلمان و دەوڵەت دەبێ لە ژێر کۆنترۆڵی خەڵک دابن– لە بۆچوونی کارگێڕی لە بەرپرسیەتی نوێنەراندا جێی کراوەتەوە. تێکۆشانی ئەو کارگێڕانەی کە خەڵک دەسەڵاتی پێ بەخشیون، لەبەر خەڵکە، ئەو کەسانە لە بەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەرەوەن، وخەڵکیش دەتوانێ وەلایان بنێ. بۆچوونی دووەم واتە بۆچوونی دنیای بچوک لە نوێنەران، ئەسڵی بەرانبەری سیاسی دەگرێتە بەر، ئەسڵێک کە لەسەر بنەمای وی هەموو دەنگەکان جیا لەوە کە

خاوەنیان لە چ ناوچەیەکدا دەژین ویا دەنگیان بە کام حیزب داوە، دەبێ نرخ و گرنگی هاوسانیان هەبێ. بەوڕێژەیەی کە ئەم ئەسڵە بە جێبگات، دەکرێ بگوترێ پارلمان وەک نموونەی خانوێکی بچوکە لە کۆمەڵگا، نوێنەری دەنگدەرانەو ڕەنگدەرەوەی بڵاوی جوغرافیایی خەڵک و دەرسەدی دەنگی ئەوانە کە بە حیزبەکانی جیاواز دراوە.




## ٢٨- جیاوازی نێوان سیستێمە جوداکانی هەڵبژاردن کامانەن؟

لە سەرانسەری جیهاندا گەلێ سیستێمی هەڵبژاردنی جودا هەنە،بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە پێنج دانەی سەرەکییان دەکەین باشی و خەراپی هەر یەک لەم پێنج سیستێمەش پێویستی بە وەڵامی پاش خۆی هەیە. ئەمانەن کە بە شێوەی ئاسان باسدەکرێن.

### - سیستێمی زۆرینە (PluralitY)

ئەم سیستێمە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان لە ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لە بەریتانیا و زۆر لە وڵاتە



کۆلۆنییەکانی پێشوو بە کار دەهێنرێ. بە پێی ئەم سیستێمە وڵات بەشدەکرێ بە چەند ناوچەی هەڵبژاردنی تا ڕادەیەک یەکسان لە قەوارەدا. دەنگدەرەکان تەنیا بۆیان لە لیستەی ناوەکان دەنگ بۆ یەک کاندید بدەن. ئەوەی زۆربەی دەنگی هێنا هەڵدەبژێردرێت بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەوە نوێنەرەزۆرینەی هەبێ (٥٠٪ زیاتر)یان نا.-

### دەنگدانی ئەلترناتیڤ

ئەو سیستێمە بۆ هەڵبژاردن لەئوستڕالیا بەکار دەهێنرێ. دەنگدەرەکان بە پێی ویستیان نوێنەرەکان ڕێک دەخەن، ئەگەر لە جاری یەکەمدا هیچ نوێنەرێک زۆربەی نەهێنا ئەوە دەنگەکانی ئەو نوێنەرەی کە کەمترین دەنگی هێناوە، دابەشدەکرێت. ئەم پرۆسەیە بەر دەوام دەبێ هەتا یەکێ لە نوێنەران زۆربە وەدەست دێنێ. کە واتە ئەنجامی بە دەستهێنانی زۆربە بە دوو جار دەنگدان دێتە دەست. ئەو دەم ئیتر تەنیا نوێنەری یەکەم و دووەم بەشداری دەکەن کە زۆربەی دەنگیان هێناوە لە خولی یەکەمدا، هەر وەک لە فەرەنسا.

### تەنیا دەنگی گوێزراوە

ئەم سیستێمە لە ئیرلەندەو مالتا و بۆ سەنای ئوستڕالیا بەکار دەهێنرێ. هەموو ناوچەیەکی دەنگدان بە پێی زۆر و کەمی خەڵک لە نێوان سێ تا حەوت کەس بە پێی چڕی دانیشتوان چەند نوێنەرێک هەڵدەبژێرن. دەنگدەران بە قەد ژمارەی نوێنەرەکان کە بە پێی

ئەولەویەت لیست کراون، دەنگیان هەیە. بۆ ئەوەی نوێنەرێک هەڵبژێردرێت دەبێ ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دەنگەکان وەدەست بێنێت. ئەوانەی کە لە یەکەم جاردا سەر ناکەون، دەتوانن لە دووەم و سێیەمدا بەشدار بن بە پێی دەستورێکی دیاریکراو بۆ دابەشکردنی هەڵبژاردنەکە.

## لیستەی حیزبەکان

ئەم سیستێمە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپاو ئیسرائیل بە کار دەهێنرێ. حیزبەکان لیستەی ناوچەیی یا سەرانسەری نوێنەران بە ژمارە دادەنێن. دەنگدەران دەنگ بۆ ئەو حیزبە دەدەن کە دەیانەوێ. نوێنەرەکان هەڵدەبژێردرێن بە ڕێژەی سەرجەم ئەو دەنگانە کە ئەو حیزبە هێناویەتی. هێندێ جار پێویستە کە حیزبێک ڕێژەیەکی تایبەت بێنێ بۆئەوەی بتوانێ جێگایەکی نوێنەرایەتی وەدەست بێنێ.

## سیستێمی ئەندامەتی تێکەڵاو

ئەم سیستێمە لە ئەلمانیا و مەجارستان بە کار دەهێنرێ. پێشنیار هەیە کە لە نیوزلاندیش بە کار بهێنرێ. لەم سیستێمەدا بەشێک لە نوێنەران بەلای کەمەوە ٥٠٪ هەڵدەبژێردرێن بە هەمان شێوەی سیستێمی یەکەم و دووەمی سەرەوە. ئەو نوێنەرانەی دەمێننەوە بە پێی سیستێمی حیزبەکان هەڵدەبژێردرێن ناوچەیی یا سەرانسەری و لە ئانجامدا دەنگی حیزبەکان بە ڕێژەیی دابەشدەکرێن. دەنگدەرەکان



دوو دەنگیان هەیە، یەک بۆ حیزبەکە و یەک بۆ نوێنەر. لێرەشدا ڕێژەیەک هەیە کە حیزبەکان بۆ ئەوەی بگەنە پارلمان دەبێ وەدەستی بێنن.

## ٢٩- باشی و خەراپی ئەو سیستێمانە لە چیدایە؟

ئەگەر مرۆڤ گوێ بە کەسایەتی دانیشتوانی وڵات و شوێنی جوگرافی و هەروەها شێوەی پشتگیری دەنگدەران بۆ پارتە جیاوازەکان نەدات، ناتوانرێ چاکییەکانی ئەو سیستێمە جیاوازانە بزانرێت. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێک حیزبی سیاسی جێگیری نەبێت، ئیتر بوونی سیستێمەی هەڵبژاردنی ڕێژەیی هیچ مانایەکی نابێت، چونکە گرنگیی سیستێمێکی وا،لە دابەشبوونی دەنگەکاندایە لە نێوان حیزبەکاندا . هەر بۆیە ئەم هەڵسەنگاندنانەی خوارەوە دەبێ وەکوو هەوڵێک بۆ بینینی ئەو بۆ چوونانەی کە سەبارەت بە سیستێمە جیاوازەکان هەن، ڕەچاو بکرێن، نەک مسۆگەر بوونی ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان.

## ئاسانی –

چاکە یان باشییەتی سیستێمی زۆرینە ئەوەیە کە ئاسانە، لێرەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە ببێتە زۆرینەی تاک حیزبی لە پارلماندا، و بەم شێوەیەش هاتنە سەر کاری حکوومەتی تاک حیزبی. چونکە لێرەدا

پشتگیریی گەورەترین حیزب لە ڕادە بەدەر زۆر دەبێت.

لەم سیستێمەی هەڵبژاردندا گۆڕانکاریی بەشێک لە بیر و بۆچوونی دەنگدەران، سەرئەنجامی گەورەی دەبێ. تەنانەت دەبێتە هۆی گۆڕانی حکوومەتیش، هەتا ئەگەر ئەم سەر ئەنجامە لە هەندێ بازنەی بچووکی هەڵبژاردنیشدا وەدەست بێت.

خەراپی ئەمم سیستێمە لە وەدایە کە دەکرێ هەندێ ئەنجامی چەواشە بە دەستەوە بدات، ئەویش پەیوەندی بە چۆنیەتی دابەشکردنی دەنگدانی سەرتاسەرییەوە هەیە لە نێوان حیزبەکان و ناوچەکانی هەڵبژاردندا.

## پشتگیری زۆرینە

سیستێمی دەنگی ئەلترناتیڤ لە سیستێمی زۆرینە باشترە بەوەی کە کاندیدکراوێک دەبێ زۆربەی دەنگەکان وەدەست بێنێ تاهەڵبژێردرێت. دەکرێ بگوترێ کە مسۆگەر کردنی زۆرینەی دەنگ، لانی کەمی مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی نوێنەرێک هەڵبژێردرێ. بۆ ئەو حیزبانەی کە بە پلەی دووەم و سێیەم دێن، ئەم جۆرە سیستێمە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە پارلماندا نوێنەریان نەبێت.

## بڕیاری دەنگدەران

ئەو سیستێمە ڕێگا بە حیزبە بچوکەکان دەدات کە نوێنەریان هەبێ، هەر چەندە ئەمەش پەیوەندە بە قەبارەی ناوچەکانەوە کە چەند



ڕێژەیی دەبن «چەندی بازنەی هەڵبژاردن فراوانتر بێت، ڕێژەکە زیاتر دەبێ» لێرەدا لایەنگرانی حیزبێک دەتوانن دەربیخەن کە کام نوێنەریان دەوێ. لە ناوچەی گەورەی هەڵبژاردندا کە یەک نوێنەری هەیە، مەترسی ئەوە هەیە کە پەیوەندیی نێوان نوێنەرو دەنگدەر نامێنێ. میکانیزمی دابەشکردنی دەنگەکان لە نێوان نوێنەرەکاندا کە پشتگیریان کەمە، زۆر ئاڵۆزە.

## ڕێژەیی

ئەو سیستێمە وادەکات کە بایەخێکی بەرانبەری بدا بە هەموو دەنگدەران. بەم پێیە دەیەوێ جۆرە دابەشکردنێکی ڕێژەیی لە کورسیەکانی پارلمان بە ئەنجام بگەیێنێ کە بگونجێ لە گەڵ نوێنەرایەتی پارلماندا. لایەنی خەراپی ئەم سیستێمە ئەوەیە کە نوێنەرەکان بەر پرسی ڕاستەوخۆیان نییە لە بەرانبەر گروپێکی تایبەتی دەنگدەران. هەڵبژێردەران و تەنانەت ئەندامی حیزبەکانیش نە توانن کار بکەنە سەر لیستی کاندیداکانی حیزب. بەم شێوەیە نوێنەرەکان قەرزاری سەرکردایەتی حیزبەکانن تا قەرزاری دەنگدەران بن. سیستێمی لیست هەر چۆنێ بێ دەرفەت بۆ حیزب دەرەخسێنێ کە جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان کاندیداکان و لە نێوانی حیزبە جیاوازەکان و گروپە جۆراوجۆرەکانیشدا بخوڵقێنێ.

## نوێنەرایەتی جیاواز

سیستێمی ئەندامەتی تێکەڵاو دەتوانێ کەمتا زۆر ئاکامێکی ڕێژەیی بێنێتە دی بە گوێرەی ئەوە کە لە ناوچەیەکی هەڵبژاردنی تاکە کەسیدا، چ ڕێژەیەک لە نوێنەران هەڵدەبژێدرێت. کاتێ پشتگیرییەکی زۆر بۆ حیزبێک هەبێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی حکوومەتی تەک حیزبی هەر چەند وا پێویست بکاکە حکوومەتێکی هاو بەشی لێ بکەوێتەوە. یەکێ لە لایەنە خەراپەکانی سیستێمی لیست ئەوەیە لەوانەیە دوو جۆرە نوێنەرایەتی جیاواز هەبن، ئەوانەی ناوچە هەڵبژاردنیان هەیە و ئەوانەی کە نیانە. لایەنگرانی ئەم سیستێمە بەوە بەرپەرچی ئەم لایەنە لاوازەی دەدەنەوە کە دەکرێ ئەملایەنە چارەسەر بکرێ بە پێکهێنانی لیستی حیزبی وئەو کەسانەیش کە لە ناوچەی هەڵبژاردن دۆڕاون، بەرەورووی ناوچەی هەڵبژاردنی تایبەت دەکرێنەوە بە پێی بەر پرسیاری هەڵبژێرانی خۆیان.

## ٣٠- داخوا حکوومەتە هاوگرەکان نادێموکراتین؟

لایەنگرانی سیستێمی هەڵبژاردنی هەڵبژێرانی حیزبەکان، بەڵگەیان ئەوەیە کە سیستێمی زۆرینەی ڕێژەیی و سیستێمی هەڵبژاردنی ئالترناتیو بەو دەلیلەی کە بەشێوەی هاوسان بۆ دەنگی هاووڵاتیان نرخ قایل نابن و هێندێکان لە وانیتر بە گرنگتر دەزانن، نادێموکراتین. بەم چەشنە لەم سیستێمانەدا لە ئەسڵی هەوڵی



دێموکراسی کە بریتییە لە بەرانبەری سیاسی، لادەدرێت. لە ئەنجامدا ئەو دەوڵەتانە هەڵدەبژێردرین کە تەنیا لەلایەن کەمایەتی دەنگدەران- و هێندێ جار کەمایەتی فرەبچوکەوە- پشتیوانیان لێدەکرێ. لەلایەکی دیکەوە ڕەخنەگرانی سیستێمی هەڵبژاردنی هەڵبژێرانی حیزبان لەو باوەڕەدان کە حیزبەکان بە دەگمەن دەتوانن بە تەنیا دەنگی زۆرینە وەدەست بێنن. کەوابوو لە سیستێمێکی ئاودا، بوونی دەوڵەتێکی هاوگر زۆرجاران پێویست دەبێ. یەکگرتنەکەی دەسەڵاتی بڕیاردان لە بارەی پێکهاتی دەوڵەتەوە لە دەستی دەنگدەران دەردێنێ و دەیدا بەدەستی ڕێبەی حیزبەکان و بەم چەشنە دەرەجەی کۆنترۆلی خەڵک و وەڵامدانەوەی لە بەرانبەریاندا کەم دەبێتەوە.

هێندێ جاریش لەو سیستێمانەدا ڕادەی دەسەڵاتێک کە دەدرێ بە حیزبە کەمایەتیەکان ئاسایی نییە. بەتایبەت ئەگەر ئەو حیزبانە لەنێوان حیزبە گەورەکانی دەستی ڕاستی ودەستی چەپیدا، ڕۆڵی«بەینا بەینی»یان هەبێ. هێندێ کەسیتر لە وەڵامی ئەم ڕەخنەیەدا دەڵێن تەواوی حیزبەکان سەبارەت بە بڕیارێکی بۆ یەکگرتن دەیدەن پێویستە لە بەرانبەر دەنگدەرانی خۆیاندا وەڵام دەرەوە بن و حیزبە بچوکەکانیش کە لەم نێوەدا وێستاون ناتوانن هەروا بە هاسانی گۆڕینی ڕێژەی دەنگەکانی نێوان حیزبەکانی دەستی چەپی و ڕاستی لە ماوەی نێوان دوو دەورەی هەڵبژاردندا لە بەر چاو نەگرن.

## هەلومەرجی تایبەتی

لەم بوارەشـــدا ڕادەربڕین ســـەبارەت بەم بەڵگانە بە بێ لەبەر چاوگرتنی وڵاتێکی تایبەت و هەل و مەرجی تایبەتی ئەم وڵاتە دژوارە. مێژووی سەردەمی بەریتانیا دەریدەخات کە سیستێمی زۆرینەی ڕێژەیی کار بڕ نییە و مێژووی سەردەمی ئیتالیاش هەر بەم ڕادەیە کەم و کورتی سیستێمی هەڵبژاردنی حیزبەکان نیشان دەدا. ڕەنگە بگوترێ کە سیستێمێکی تێکەڵ بێ لە تواناییەکانی سیستێمی Representation و شتێک لە سیستێمی هەڵبژاردنی حیزبەکان، بە چەشنی گشتی لەوانیتر کاربڕتر بێت. هەرچەندە نیسبەتی وردی بە کار هێنانی تایبەتمەندییەکانی هەر یەک لەو دوو سیستێمە بەستراوەتەوە بە ڕادەی پێگەیشتنی حیزبەکان و قانوونەکانی هەر وڵاتێک.

## ٣١– چۆن دەکرێ ڕەوابوونی ڕەوتی هەڵبژاردن دەستەبەر بکرێت؟

ڕەوا بوونی ڕەوتی هەڵبژاردن کەوتۆتە بەرانبەر سێ هەڕەشەی گرنگ. هەڕەشەی یەکەم،زێدەییەکە کە حیزب یا حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەر ئەوەی لە سەر کورسی دەسەڵاتن کەڵکی لێ وەردەگرن. هیچ کاتێ ناتوانی بە تەواوی ئەم حاڵەتە لە بەین بەری. بەڵام بە چەند هەنگاوێک دەکرێ کەم بکرێتەوە. هەنگاوی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ڕەوتی گشتی هەڵبژاردن– لە دیاریکردنی کۆزیلەکانی



هەڵبژاردن و تۆمار کردنی ناوی دەنگدەرانەوە بگرە تا گەریانی خەباتی هەڵبژاردن و خودی هەڵبژاردن.

ژمارەی دەنگدەران– لە ژێر چاوەدێری ستادێکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ کە ئەندامەکانی جێگای پەسندی هەموو حیزبە سیاسیەکان بن، بەڕێوە بچێ. یەک لە ئەرکەکانی ئەم ستادە لە کاتی نەبوونی ستادی جیاواز بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە لە ماوەی خەباتی هەڵبژاردندا بەسەر چۆنیەتی دەست پێڕاگەیتنی حیزبەکان بە دەنگبەرەکانی دەوڵەتیدا چاوەدێری بکات. هەنگاوێکی گرنگی دیکە لەم بەستێنەدا ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکان لە ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی جیا بکرێنەوە.

وەزیرەکان دەبێ لە تەواوی سەرپشکی و بەر پرسیەتی ڕەسمی خۆیان، جگە لەبەرپرسیەتی کە بۆ بەکارهێنانی قانوون و نەزم پێویستە لە ماوەی دەورەی خەباتی هەڵبژاردندا خۆ بکێشنەوە.

## فڕو فێڵی هەڵبژاردن

دووهەمین هەڕەشەیەک کە لەسەلامەتی هەڵبژاردن دەکرێ، فڕوفێڵی جۆراوجۆرە: وەک بەرتیل، هەڕەشە، گۆڕینی ناسنامە، دەنگدانی دوو جارە و.. تەنیا کاتێ دەکرێ پێشی ئەو فڕوفێڵە بگیرێ کە کەسانی لێهاتوو، وەک پۆلیس و کارمەندانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، کارمەندانی ئەمنیەتی گیانی کاندیداکان و سلامەتی ڕەوەندی هەڵبژاردن بەسەر گەریانی هەڵبژاردندا زاڵبن، لێهاتوویی

کارمەندانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن کە دانان و فێرکردنیان ئەرکی ستادی بەڕێوەبەری هەڵبژاردنە، گرنگی تایبەتی هەیە. هەبوونی چاودێرانی خاوەن ئەزموونی نێونەتەوەیی دەتوانێ یارمەتیەکی باش بەو مەبەستە بکات. لە ڕاستیدا ئەگەر بوونی ئەو کەسانە ببێتە شێوەیەکی تایبەتی و باو بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە تەواوی وڵاتانی دێموکراتیک، دەتوانێ هەم وەک چاودێرانی دەرەوەو هەم وەک بڵاو کردنەوەی باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی دادگەرانەی هەڵبژاردن کار بکەن.

## باندۆڕی سەرمایە

هەڕەشەیەکی گرنگی دیکە لە دابین بوونی داد لە ڕەوتی هەڵبژاردندا، سەرپشکییەکە کە دەوڵەمەندەکان و یا لایەنگرانیان دەیدەن بە کاندیداکانی سەر بەخۆ. ڕەوشتی هەرە ساکار بۆ گۆڕینی ئەم پارسەنگییە تەنگەبەر کردنی بڕە پارەیەکە کە کاندیداکان یاحیزب و پشێیوانەکانیان، چ لە ڕادەی وڵات و چ لە ڕادەی کۆزیلکەکانی هەڵبژاردندا، خەرجی دەکەن. دەبێ بۆ کاندیداکان دەرەتانی دەستپێڕاگەیشتنی ئازاد بە دەنگبەرە دەوڵەتیەکان، بە گوێرەی ڕێنوێنی ستادی هەڵبژاردن یا ڕێکخراوێکی وەک ئەو، پێک بهێندرێ.

## ڕاپرسی

مەسەلەیەکی تر کە لە چاو مەسەلەکانی پێشتر باسکراو بۆ



سلامەتی هەڵبژاردن هەڕەشەی کەمترە و لە هێندێ وڵاتان جێگای باسە، مەسەلەی ڕاپرسی پێش هەڵبژاردنە. لە هێندێ وڵاتان لە حەوتووی ئاخر یا لە تەواوی ماوەی خەباتی هەڵبژاردندا، ئەو ڕاپرسینە قەدەخەی قانوونی لەسەرە. دەلیلێکی کە بۆ ئەم کارە دەیهێننەوە، ئەوەیە کە ئەم ڕاپرسینە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی موغریزانە وناڕاست،ڕای خەڵک و کەڵک وەرگرتنی خەرابی تەبلیغاتی لەو، کارتێکەری خەرابی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردن دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوە سەرنجی خەڵک بۆ پێشبینی نازانستی لە ئەنجامی هەڵبژاردن ڕابکێشێ و بەم چەشنە هۆکاری سەلامەت کە دەبێ کار بکاتە سەر ئانجامی هەڵبژاردن لە بەر چاو ناگیرێت. بەڵام زۆربەی کارناسان تا ڕادەیەک بە چاوی گومانەوە دەڕواننە کار کردی ڕاپرسی لە سەر دەنگدانی خەڵک و دڵنیانین کە لە کاتێکا خەڵک ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دەستیان وەدەنگبەرەکانی نێو نەتەویی ڕادەگات، بکرێ لە قەدەخەکردنی ئەم ڕاپرسییە دەستکەوتێکی هەبێ.

## ٣٢- داخوا دەوڵەت دەبێ یارمەتی ماڵی بە حیزبەسیاسییەکان بکات؟

یەکێک لەو بەڵگە سەرەکییانەی کە بۆ وەلانانی خەرج بە قازانجی حیزبە سیاسیەکان نیشان دەدرێن ئەوەیە کە حیزبە سیاسیەکان لە نیزامێکی دێموکراتیدا نەخشی گرنگ یاری دەکەن و لەو نەخشە دەبێ بە دانی یارمەتی ماڵی ڕێزیان لێ بگیرێ. دەلیلێکی دیکە ئەوەیە کە

دانی پارە بە حیزبەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کارتێکەری خاوەن بەرژەوەند و دەسەڵاتداران بە سەر ڕەوتی مەسەلە سیاسیەکاندا. دەکرێ بە گوێرەی ژمارەی ئەو دەنگانە کە لە هەڵبژاردندا بۆ حیزبەکانی دەدرێت، یارمەتی ماڵیان پێبکرێ. ئەو حیزبانەش لە یارمەتی ماڵی بێبەش بکرێن کە دروشمی بێبەش کردنی توێژێکی کۆمەڵ دەدەن لە مافی مەدەنی و سیاسی یا بە فڕوفێڵێ هەڵبژاردن تاوانبار دەکرێن.

## سەربەخۆیی حیزبەکان

گرنگترین بەڵگەیەک کە دەوڵەت بۆ نەدانی یارمەتی ماڵی دەیهێنێتەوە ئەوەیە کە حیزبە سیاسیەکان تەنیا بە گوێرەی پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لە دەوڵەت دەتوانن هۆیەکی کاریگەر بن بۆ ڕەنگدانەوەی بیروڕای گشتی و دانی یارمەتی داخوازانەی ماڵی لە لایەن خەڵکەوە، مەرجی پێویستیی سەربەخۆییەکی ئەوتۆیە. ئەگەر حیزبەکان نەتوانن لە بەرانبەر کردەوەی خۆیاندا پشتیوانی تەواوی خەڵک ڕابکێشن، ئیتر ناکرێ ئەوان بۆ وەرگرتنی کار بەدەستی دەوڵەتی بە توخمی لێهاتوو حیساب بکرێن. دەکرێ باندوڕ وکارتێکەری لە ڕادەبەدەری حیسابەکانی بانگی بە هێندێ ئامادەیی تەنگە بەر بکرێن. ئەم ئامادەییانە بریتین لە: حیزبەکان هان بدرێن کە ئەو پارەی یارمەتیان پێکراوە، ڕایبگەیەنن و ئەو بنیاتانەش کە یارمەتی بەو حیزبانە دەکەن، ئەندامانی بەشدار وخاوەن بەرژەوەندی



شەریکیان بە تەواوی ڕازیبکەن.

## پشتیوانیی سنوورداری دەوڵەت

لە زۆربەی دێموکراسیەکانی پایەدار چاوەڕوانیی ئەوەیان لە حیزبەکان هەیە کە مەسەلەی ماڵی خۆیان لە ڕێگای ئەو سەرچاوانەوە دابین بکەن، کە بە دڵخوازی یارمەتیان پێدەکەن. بەڵام ئەم مەسەلەیە نابێتە بەرگری ئەوە کە دەوڵەت بۆ ئەنجامدانی تێکۆشانی وەک فێرکردنی کادری حیزبی یا دەستپێڕاگەیشتن بە میدیای دەوڵەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، لەدانی یارمەتی سنور داری ماڵی بە حیزبەکان خۆ ببوێرێ. لە وانەیە ئەم جۆرە یارمەتیانەی ماڵی بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا پێویست بێ کە لە حاڵی تێپەڕبووندان بۆ دێموکراسی و حیزبەکان تێکۆشانی خۆیان لە سیفرەوە دەست پێدەکەن و لە ملبەملەی هەڵبژاردنیشدا ئەزموونی تەواویان نییە.

## ٣٣– داخوا نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆیان هەیە لە نێوان دوو خولی هەڵبژاردندا حیزبی خۆیان بگۆڕن؟

نا. کاتێ کەسێک لە ژێر ئاڵای بەرنامەی حیزبێکدا دەبێتە کاندیدی نوێنەرایەتی، لە ڕاستیدا لە ماوەی نوێنەرایەتی خۆیدا، پشتیوانی لەو حیزبەی لە ئەستۆیە. ئەگەر وانەبایە کەڵک وەرگرتن لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردن لە نێوان بەرنامەکان و سیستێمە جیاوازەکاندا بێ مانا

دەبوو. لەو سیستێمانەدا کە هەڵبژاردن لە سەر بنەمای «سیستێمی کۆزیلەی هەڵبژاردن» (١) ڕێکخراوە، ئەو نوێنەرەی کە دەیەوێ حیزبەکەی خۆی بگۆڕێ، دەبێ لە شوێنی خۆی وازبێنێ و لە هەڵبژاردنی میان دەورەیدا بەشداری بکات. لە سیستێمی هەڵبژاردنی لیستە (٢) دا، نوێنەرەکی ئاوا دەکشێتەوەو کاندیدێک جێگای دەگرێتەوە کە هەر لەو حیزبەدا زۆرینەی دەنگی وەدەست هێناوە.

## ٣٤- داخوا دەنگدەران لە ماوەی دوو خولی هەڵبژاردندا دەسەڵاتێکیان هەیە؟

خەیاڵێکی ئەوتۆ کە تاقە ئەرکی سیاسی دەنگدەران هەر ئەوەندەیە کە چوار ساڵ جارێک دەنگ بخەنە سندوقەکان و لە ماوەی دوو دەورەدا بێدەسەلاتن، خەیاڵێکی چەوتە. دوورە دیمەنی بەرەوڕوو بوون لە گەڵ دەنگدەران و پێویستی بە دەنگی وان لە داهاتوودا، نەزم و هەستی بەرپرسیەتی زۆر لە حیزبە دەسەلاتدارەکاندا پێک دێنی و ئەوان وا لێدەکات کە سەرنجی بیرو ڕای گشتی بدەن. بە واتایەکی تر هەمیشە تارمایی هەڵبژاردنیان لە بەرچاوە. ئەم حاڵەتە بە تایبەت لە سیستەمەکانی هەڵبژاردنی « کۆزیلەیی» دا، دیارە. لەو سیستێمانەدا شکانی حیزبی حاکم لە هەڵبژاردنی میان دەورەییدا، هێندێ جار دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتەکاندا وتەنانەت گۆڕان لە دەزگای ڕێبەرایەتیشدا. جگە لەوە لە ماوەی دوو خولی هەڵبژاردندا بۆ کار تێکردن لەسەر دەوڵەت لە لایەن دەنگدەرانەوە



ڕێگای جۆراوجۆر هەنە. هێندێ لەو ڕێگایانە بریتین لە : ئەندامەتی لە دەستەکانی گوشار و کۆمەڵانی لەخۆوە سازبوو، یارمەتی بە خەباتی جەماوەری، ساز کردنی پێوەندیی لە گەڵ نوێنەران و ئەندامانی دەوڵەت، بەشداری لە ڕێپێوانەکان و.. هتد. ڕاگەیێنەرە گشتییەکانیش ئامرازی دیاریکەرن بۆ ڕێکخستن وڕەنگدانەوەی بێ وچانی بیروڕای گشتی.

## ٣٥- لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا کەی دەبێ ڕیفراندۆم بکرێ؟

لە زۆربەی نیزامە دێموکراتیەکاندا جاری واهەیە پێویستە کەسانی خاوەن مەرج لە ڕاپرسی گشتیدا بەشداری بکەن. ئەم پێویستییە کاتێ دێتە پێش کە گوڕێنی بەرنامەی داڕێژراو لە قانوونی ئەساسیدا پێویست بێ، یا قانوونێ دەخرێتە بەر پرسی گشتی، وەک قانوونی ئەساسی کە لە ناوەرۆکدا گرنگی تایبەتی هەبێ. هۆی بەڕێوە بردنی ڕا پرسی گشتی ئەوەیە کە قانوونی ئەساسی ئی هەموو خەڵکە نەک ئی ئەندامانی پارلمان و یا دەوڵەتی وەخت. کە وابوو دەبێ ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە پشت ئەستوور بکرێ.

### ڕاپرسی گشتی لە بارەی دانانی قانوونگەلی دیکە.

مەسەلەی بەڕێوە بردنی پرسی گشتی لە بارەی قانوونگەلی دیکە ومەسەلە سیاسییەکانی ئاسایی، لە ئەنجامدانی ڕاپرسی گشتی

سەبارەت بە قانوونی ئەساسی باس هەڵگیرسێنترە. بەڵگەی ئەوکەسانەی بڕوایان بە ڕاپرسی گشتی هەیە ئەوەیە کە ڕاپرسە گشتییەکان چەکێکی گرنگن بۆ پاراستنی دێموکراسی و مافی بڕیاردانی ڕاستەوخۆ لە بارەی مەسەلە گرنگەکانەوە دەدەن بە میللەت کە هێندێ جار ئەو مافانە لە وتەی گشتی و بەیاننامەکانی هەڵبژاردندا بزر دەبن و یا نایەنە بەر چاو.

لە وەڵامی ئەم بەڵگەیەدا دەتوانێ بگوترێ لە بەر ئەوەی کە زۆر لە بڕیارە سیاسیەکان « وەک مەسەلەی باج و خەرجە گشتییەکان» پێوەندیی دوو لایەنەشیان لە گەڵ یەک هەیە، خەریکبوون بە مەسەلەیەکەوە لە دەرەوەی تان و پۆی گشتی و نیشاندانی ڕێگا چارە لە بارەی وی لە لایەن دەستەیەکی خەڵک کە بۆ بڕیاردانی دیکە خاوەنی بەر پرسایەتیەک نین، نا مەنتیقیە. لە ڕاستیدا چاوەڕوانییەکی ئەو تۆ نیشانەی جۆرێک نا دڵنیاییە بە سیستێمی هەڵبژاردنی نوێنەر و ئەم بێ دڵنیاییەش گریمانی کەم کردنەوەی وەڵامدەرەوەی نوێنەرانی هەڵبژێراوی زیاتر لە پێشە.

## وەڵامی ڕاست

ئەم مەسەلەش یەک لەو بابەتانەیە کە ناکرێ هیچ یەک لە وەڵامەکان بەراست یا ناڕاست بزانرێن. بەڵکوو نیزامە دێموکراتیەکانی جیاواز دەبێ لە سەر بنەمای سوننەتەکانی سیاسی خۆیان ڕەوشتی جۆراوجۆر بگرنە پێش.

## ٣- حکوومەتی کراوەو وەڵامدەرەوە

### ٣٦- بۆچی حکوومەتی کراوە بۆ دابینکردنی دیموکراسی گرنگە.؟

هەبوونی دەوڵەتی کراوە بۆیە پێویستە ئەوکاتەی کە زانیارێکی تەواو و ڕاست لە کردەوەی دەوڵەت وئەنجامی سیاسەتەکانی وی لە بەردەستی خەڵکدا نەبێ، بەرپرسانی دەوڵەتی لە بەرنبەر ئەواندا هەست بە وەڵامدانەوە ناکەن و هاو وڵاتیانیش کاتی هەڵبژاردن ناتوانن بە ئاگایی نوێنەر هەڵبژێرن.

دەست گەیشتن بەو زانیارییانە دەبێ وەک مافی هاو وڵاتیان و بە نوێنەرایەتی ئەوان بە مافی دەنگبەرەکان بزانرێ نەک وەک مەرحەمەتی دەوڵەت؛ چونکە خەڵک بۆ ئەنجامدانی تێکۆشانەکانی دەوڵەت پارە دەدەن و مافی خۆیانە کە بزانن لە بەرانبەر ئەوەدا چییان پێدەبڕێ و بە پارەی وان چکارگەلێک ئەنجام دەدرێن. هەر چەند زۆرجار پێکهێنانی دەرەتانی دەست گەیشتن بەو



زانیارییانە بە فیرۆ چوونی سەرمایەی گشتی دادەنرێ و ڕەخنەی لێدەگیرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم کارە بەر لە شپرزەتر بوونی بارودۆخ، دەبێتە یارمەتییەک بۆ ڕێکی کاری دەوڵەت، دەرخستنی تەخشان پەخشان، پێشگری لە فەساد و دۆزینەوەی هەڵە سیاسییەکان . هەروەها دەستپێڕاگەیشتنی خەڵک بە دۆسیەی شەخسی پەیوەندیدار بە خۆیانەوە کە لە لای دەوڵەت وبنیاتەکان ڕادەگیرێن، هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئازادیە مەدەنییەکان.

### لایەنە جیاوازەکانی دەوڵەتی کراوە

حکوومەتی کراوە بە وردی پێویستی بە چی هەیە؟ دەکرێ لەم بەستێنەدا چوارلایەن لەبەر چاوبگیرێن. لایەنی یەکەم، نیشاندانی زانیارییەکانی ڕاستەقینە لە بارەی سیاسەتەکان لە لەیەن دەوڵەت خۆیەوە، ئەم زانیارییانە دەلیلی گرتنە پێشی ئەو سیاسەتانە، ئەنجامی کردەوەیی ئەوان، تێچوونی ئەو سیاسەتانە، چۆنیەتی بە جێگەیاندنیان دەگرنەوە. دووەمیان دەستپێڕاگەیشتنی خەڵک و چاپەمەنی بە بەڵگەکانی دەوڵەتی. ئەم دەستپێڕاگەیشتنە دەتوانێ ڕاستەو خۆ و هەم لە ڕێگای نوێنەرانی پارلمانەوە بە ئەنجام بگات و دۆسیەکانی شەخسی تاکەکانیش بگرێتەوە. سێیەمیان ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی پارلمان و کۆمیسیۆنە جیاکانی وی، کۆبوونەوەکانی حکوومەتی

ناوچەیی[1] و ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی ئەو بنیاتانە کە لە بودجەی دەوڵەتی کەڵک وەردەگرن بۆ تەواوی خەڵک و چاپەمەنیەکان. لایەنی چوارەمی کۆنترۆڵی دەسەڵات بریتییە لە: ڕاوێژی بەردەوامی دەوڵەت لە بارەی دانان و ڕێکو پێک کردنی ڕێبازە جیاوازەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان و وەرگرتنی ڕاسپاردە لە خاوەن بیرەکان.

## استثنا (ئاوارجە) ڕەواکان (ڕیز پەڕ)

داخوا بۆ ئەسڵی پێویستبوونی دەوڵەتی کراوە ئاوارجەیەکیش هەیە؟ بەڵێ. ئەو زانیارانەی کە ئاسایی دەتوانی لە سیستێمێکی دێموکراتیدا ئەوان وەک زانیاری نهێنی حیساب بکەی بریتین لە: وتووێژی کابینە، ڕاسپاردە سیاسیەکانی کارمەندانی دەوڵەت بە وەزیرەکان؛ زانیارییەکانی کە بڵاوکردنەوەیان هەڕەشە لە ئاسایشی میللی، ئاسایشی سیستێمی دێموکراسی یا ئاسایشی گیانی تاکەکان دەکات؛ نهێنیەکانی بازرگانی شیرکەتەکانی تایبەتی؛ و دۆسیەکانی تایبەتی، مەگەر بۆ

١- Local government : ڕێکخراوێکە لە یەکانێکی تایبەتیدا وەک: گوند، ناوچە، هەرێم، یا شار بە دەسەڵاتی بەرینەوە پێکهاتووە و لە دانانی بڕیار و ڕاپەڕاندنیان لە مەیدانی قەلەمڕەوی خۆیدا سەربەخۆیی تەواوی هەبێ و خەڵکی ئەو هەرێمە بەگوێرەی دەسەڵاتی قانوونی دەتوانن بە پەسند کردنی هێندێ بڕیار بەو مەرجەی لە گەڵ قانوونی گشتی وڵات جیاواز نەبێ،کار و باری ناوچەی خۆی بەڕێوە بەرێت.( لە فەرهەنگی زانستە سیاسییەکان - عەلی ئاغا بەخشی).



خاوەنەکانیان، لە هیچ یەک لە بوارەکانی سەرەوەدا، دەوڵەت بۆی نییە زانیارییەکان بخاتە بەر دەستی گشتییەوە.

## ٣٧- چۆن دەکرێ حکوومەتی کراوە و وەڵامدەر بپارێزرێ؟

لە سەردەمی پێش سەدەی بیستەمدا کە دەوڵەت بەرتەسکترلە ئێستا بوو، واخەیاڵ دەکرا کە ئازادی چاپەمەنی دەستەبەرێکی تەواوە بۆ پارێزگاری کۆنترۆڵ و دەسەڵات. ئیمڕۆ لەگەڵ هەبوونی تێکۆشانی بەربڵاوتر و پێچەڵپێچی دەوڵەت، تەنانەت پتەوترین دەستەبەریەکانیش بۆ ئازادی چاپەمەنی،کە ئامادەیێکە بۆ پاراستنی نهێنی ڕۆژنامە نووسان، بە تەنیایی بەس نیە. لە تایبەتیەکانی دەوڵەتان و دەزگا ئیداریەکان ئەوەیە کە دەیانەوێ تێکۆشانەکان لە خەرمانەی نهێنیکاریدا داپۆشن تا لەم ڕێگایەوە بتوانن لە هەڵە و بێ قانوونیەکانی خۆیان بەرگری بکەن و خۆیان لە گرفتاریی دەرباز بکەن، بە واتایەکی ساکارتر ئامانجی ئەوان پاراستنی ئیعتباری خۆیانە کە لای وان لە هەموو شت گرنگترە. ئیمڕۆ ئەم ویستەی ئەوان تەنیا دەکرێ لە ڕێگای ڕاپەڕاندنی ئەو قانوونانەی کە بە گوێرەی ئەوان بوونی کۆنترۆڵی دەوڵەت ئیجبارییە و بە واتایەکی ترلە ڕێگای« ئازادی دەست گەیشتن بە زانیارییەکان» پوچەڵ بکرێتەوە.

## ئازادی دەست پێگەیشتن بە زانیارییەکان

نموونەی قـــانوونەکـــانی ئازادی و دەست گـــەیشتن بە زانیـارییـەکان، یا پێـوانەکانی« باشـتـرین کـارکرد» لە لایەن ئەمـریکاو سـویدەوە نیـشـان دراوە. ئەم قـانوونانە ئەو مـەسـەلە گرنگانە دەگرنەوە کە پێشتر باسیان کرا، (سەیری پرسیاری ٣٤بکە) کـە بریتـین لە: ئەرکی ئاشکرا کردنی سیاسـەتەکان لە لایەن دەوڵەتـەوە، مـافی دەسـتـپـێـڕاگـەیشـتنی خـەڵک بە بەڵگەو دوکـۆمـێنتی ئاشکرا، ئاشکرا بوونی کـۆبوونەوەی بنیـاتـە دەوڵەتییـەکان و هـەر وەها بەرگری لە«گرۆگەلی وریا کـەرەوە» کە خـیـلاف و بێ قـانوونیـەکـانی نێـو دەوڵەت ئاشکرا دەکـەن. ئەم قـانوونگەلە دەبێ وەک پارمـــەتی وتەواو کـــەری ئەو هـەنگاوانە بزانرێن کە دەستەبەری پارێزگاری لە مافی پارلمانن بۆ کۆنترۆلی کردەوەکانی هێزی ڕاپەڕاندن. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گرنگی ئەم قانوونگەلە ئەوەیە کە مافی تەعبیرو تەعریفی ئەو مەسەلانە کـە بە ئاوارجـە نابێ ئاشکرا بکرێن (وەک ئەو بابـەتانەی کـە بۆ ئاسایشی نەتەوایەتی و پاراستنی نهێنیەکانی شەخسی و شتیتر پێویست نین.) دەدرێن بە دادگا نەک بە خودی دەوڵەت.

## خەرجی پێوەندییە گشتییەکان

پێویستە ئاماژە بە دوو مـەتڵەبی دیکەش بکرێ. سەرەتا ئەوە کە دانانی بودجـەی گـەورە بۆ « پەیوەندییـە گـشـتـیـیـەکان» للە





ت

ایبـەتمـەندییـەکـانی دەوڵـەتانی ئـیمـڕۆیە. کـارکـردی پەیوەنـدییـە گشتییەکان جگە لەنیشاندانی زانیاری واقیعی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت، مـەسـەلەکـانی تریش دەگـرێتـەوە. هەڵوێسـتگرتـن بۆ نیـشـاندانی زانیـارییـەکـان لە بارەی کـات دانـان وچۆنیــەتی ئەنجامدانی سیاسەتەکان بە شێوەیەک کە باشترین کارکردی لە زەینی خەڵکیدا هەبێ، هەڵبژاردن و گولچنکردنی سەربەخۆیانەی ئەو مەسەلانە کە دەبێ بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن، و شتی دیکە ش کە بۆ باندور لە سەر بیروڕای گشتی کەڵکیان لێ وەر دەگیرێ، هەموویان لەو مەسەلانەن کە کارکردی پەیوەندییە گشتییەکان پێک دێنن. ئەمجۆرە کارکردانە، بۆ دەستپێڕاگەیشتنی سەربەخۆ بە زانیاریەکانی دەوڵەتی و هەڵسەنگاندنیان زیاتر پێویستیان بە هەبوونی دەستەبەری سەربەخۆیانە هەیە. یەکێ لە گرنگترین ڕێگاکانی پێکهێنانی دەستەبەرێکی ئەوتۆ، هەبوونی ناوەندێکی خزمەتی ئاماری گشتییە (Public statistical service) بێ بستراوەیی بە دەوڵەت کە دەوڵەت و پارلمان و خەڵک بە چەشنی بەرانبەر بتوانن کەڵکی لێ وەر بگرن.

## ڕاوێژ کردن لە گەڵ خەڵک

مەتلەبێکی تر ئەوەیە کە چەمکی کۆنترۆلی دەسەلات زۆر لەوە بەرینترە کەتەنیا دەستپێڕاگەیشتنی ئازاد بێ بە زانیارییەکان، بەڵکوو ئەوەش دەگرێتەوە کە خەڵک دەستی بە وەزیران ڕابگات و



لە بارەی سیاسەتەوە باسیان لە گەڵ بکەن و ڕوونکردنەوەیان لێ بخوازن. لە سیستێمێکی ئەوتۆدا دەوڵەت دەبێ لە بارەی دانان و بە جێگەیاندنی سیاسەتەکان لە گەڵ خەڵک ڕاوێژ بکات. ئەم کارە پێویستی بە قانوونی ئەوتۆ هەیە کە مەسەلەکانی بەرنامەی کات دانان بۆ ڕاوێژ لە گەڵ خەڵک، هەڵسەنگاندنی کارکردی سیاسەتەکان لە سەرئاقار، بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگانە کە حیزبەکان سەبارەت بە نەتیجەی سیاسەتەکان نیشانی دەدەن و ئەم شتانە.

کەوابوو نەتیجە وەر دەگرین کە « کۆنترۆلی دەسەلات» هەم ئامادەیی ئەو بۆ بیستنی قسەکانی خەڵک و هەم دانی زانیاری ڕاست و ورد بە خەڵک دەگرێتەوە.

## ٣٨- مەبەست لە حکوومەتی وەڵامدەرەوە چییە؟

وەڵامدانەوەی دەوڵەت سێ لایەنی سەرەکی هەیە

## وەڵامدانەوەی حقووقی

وەڵامدانەوەی حقوقی بەو مانایەیە کە تەواوی کاربەدەستانی دەوڵەت، هەڵبژێراو یا دیاریکراو لە کاتی قانوون شکاندن لە کارەکانیاندا، لەبەرانبەر دادگادا بەرپرسن. چەمکی« حکوومەتی قانوون»یش لە بنەماوە هەر لەوەدا خۆ دەنوێنێ. ئەمە بەو مانایە

کە ئەوکەسانەی قانوون و سیاسەتەکان ڕادەپەڕێنن، خۆیان دەبێ بەگوێرەی دەسەڵاتێک کە قانوون دیاری کردووە و هەر وەها بە گوێرەی قانوونی ئەساسی کار بکەن.

## وەڵامدانەوەی سیاسی

لایەنی دووەمی وەڵامدانەوەی دەوڵەت، وەڵامدانەوەی سیاسییە، بەو مانایە کە دەوڵەت و یابەرپرسانی ئیجرایی وڵات دەبێ لە بەرانبەر پارلمان و خەڵکدا لە بارەی سیاسەتەکانیان و هەروەها ئەولەویەت وچۆنیەتی بەجێگایاندنیان وەڵام بدەنەوە. بە پێچەوانەی وەڵامدانەوەی حقوقی کە پەیوەندییەکی لەچاو ساکاری هەیە و تەنیا پەیوەندی نێوان کاربەدەستانی دەوڵەتی و دادگاکانە، وەڵامدانەوەی سیاسی قەوارەیەکی بادراوتری هەیە. لەم جۆرە وەڵامدانەوەدا، بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکانی دەوڵەتی: وەک (خزمەتە گشتییەکان، هێزەکانی چەکدار، پۆلیس و سەرویسی ئاسایش ) لە گەڵ ئەو وەزیرانەی کە دەوڵەت دایناون، لە بەرانبەریدا وەڵامدەرەوەن. سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرەکانیش بە نۆرەی خۆیان هەم ڕاستەو خۆ لە ڕەوەندی هەڵبژاردندان لە بەرانبەری خەڵکدا وەڵامدەرەوەن و هەم لە بەرانبەر پارلمان یا هێزی قانوون دانان کە بە نوێنەرانی خەڵک حیساب دەکرێن. نوێنەرانی پارلمانیش لە بەرانبەر دەنگدەرەکانی خۆیاندا بەر پرسی وەڵامدانەوەن.



## وەڵامدانەوەی ماڵی

لایەنی سێیەم وەڵامدانەوەی ماڵییە. واتە بەرپرسیەتی دەوڵەتە لە خەرجکردنی داهاتی باج بۆ مەتڵەبە پەسندکراوەکانی پارلمان بە شێوەی کاربڕی ودەست پێوە گرتن. لێرەشدا شێوەی وەڵامدانەوە هەر وەک وەڵامدانەوەی سیاسییە. بەم فەرقە کە لە وەڵامدانەوەی ماڵی دا، ئیدارەیەک بە ناوی ئیدارەی پێڕاگەیشتنی حیسابی گشتی هەیە کە لە بەرانبەر پارلماندا بەر پرسە. بەڵام لە کاری چاوەدێری بە سەر خەرجەکانی دەوڵەت دا، سەربەست لە




وێنەی «٢»: ئاڕاستەکانی وەڵامدانەوە

پارلمان کار دەکات. ( نەخشەی حیسابداری)

## وەڵامدانەوەو چاوەدێری خەڵک

لایەنە جیاوازەکانی وەڵامدانەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە شکلی ٢دا بە ڕوونی ڕەسم کێشراوە. لەو کاتەدا کە هەریەک لەم جۆرە وەڵامدانەوانە لە خزمەت ئەسڵی هەوڵی دێموکراسی واتە چاوەدێری خەڵک بەسەر دەوڵەت دا دەبێ، دەکرێ بزانرێ کە دەستەبەریی و پاراستنی وەڵامدانەوەی ماڵی و وەڵامدانەوەی حقوقی لە ڕێگای دەستەی پسپۆڕ کە تا ڕادەیەک لە نفووزی سیاسی لە ئەماندان، ئەنجام دەدرێ و لە بارەی ئوسوڵ و شێوەی پیشەیی خۆیان وەڵام دەدەنەوە. بەڵام لە ئاخردا ئەم وەڵامدانەوەیە سیاسییە کە لەبان هەموو شتێکەوەیە، چونکە ئەو قانوونانەی کە دادگاکان ڕایاندەپەڕێنن و ئەم خەرجانەی کەئیدارەی حیسابی گشتی بە سەر چۆنیەتی خەرجکردنیاندا چاوە دێری دەکا بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی پارلمانی هەڵبژێردراوی خەڵک کە لە ژێر ئالای قانوونی ئەساسیدا کار دەکات.

## ٣٩- بۆ چی بەشکردنی دەسەڵات گرنگە؟

لە سیستێمە دێموکراتیەکاندا حکومەت بە سێ لق دابەش دەکرێت: دەسەڵاتی ئیجرایی( ڕاپەڕاندن)کە هێندێ جار بە دەوڵەتیش



دەگوترێ. و بەر پرسی دانان و بە جێگەیاندنی سیاسەتەکانە؛ دەسەڵاتی قانوون دانان کە بە پارلمان، مەجلیسی میللی یا مەجلیسی نوێنەران ناودەبرێ و بەرپرسی پەسندکردنی قانوونگەل و شێوەی دیاریکردنی باج و چاوەدێرییە بە سەرکارەکانی دەوڵەتدا.

دەسەڵاتی(دادوەری) بەر پرسیەتی وی بریتییە لە دەستەبەری چاوەدێری قانوون و لە کاتی دیتنی تاوان مەحکووم کردنی تاوانباران. جیاکردنەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە لە یەکتر بۆ پاراستنی وەڵامدانەوەی جیاواز کە پێشتر باسکرا پێویستە( سەیری پرسیاری ٣٦بەکە) ئەگەر کارکردی دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی قانوون دانان و ڕاپەڕاندن سەربەخۆ نەبێت، ناتوانێ بێ لە بەرچاو نەگرتنی پەیوەیندییەکان، کارکردی بەرپرسانی دەوڵەتی لە بازنەی قانووندا دەستەبەر بکات. هەر بەم چەشنە ئەگەر پارلمان بۆ پەسندکردنی قانوونگەل و باج دانان و چاوەدێری بەسەر کارکردی دەزگا دەوڵەتییەکاندا دەسەڵاتی سەربەخۆی نەبێ، وەڵامدانەوەی سیاسی و ماڵی دەوڵەت لە بەرانبەر دەنگدەران تەواو کەمڕەنگ و بێ ۆێز دەبێ.

## سیستێمە جیاوازەکان

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن و قانووندانان هەر چەندە بە تایبەتیی دەوڵەتە دێموکراتییەکان دەژمێردرێ، بەڵام لە سیستێمە جیاوازەکانی سیاسی بە شێوەی جیاواز بەڕێوە دەچێ.

له سیستێمەکانی سەر کۆماری کە سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بە جیا لە دەسەڵاتی قانووندانان هەڵدەبژێردرێ، جیاکردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە بە وردی زۆر پێویستە. لە لایەکی تر لە سیستێمەکانی سەرەک وەزیریدا کە ڕێبەری حیزبێکی زۆرینەی لە پارلماندا هەیە وەک سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێردرێ، دەتوانی بڵێی ئەو لە هەرتک دەسەڵاتدا دەستی هەیە. واتە هەم وەک سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن وهەم وەک ڕێبەری باڵی زۆرینەی نوێنەرانی پارلمان کار دەکات.

## سیستێمی سەرکۆماری

هەر یەک لەو سیستێمانە خاڵی لاواز و بەهێزیان هەیە. خاڵی بە هێزی سیستێمی سەرکۆماری لە ئەسڵدا لە سەربەخۆیی زۆری دەسەڵاتی قانوون دانان و توانایی وی بۆ چاوەدێری بە سەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا خۆدەنوێنێ. هەر چەندە دەرەجەی ئەم تواناییەش بەڕادەی ڕێکخراوەی حیزبە سیاسییەکان و زێدەیی هەر یەک لەم دوو لایەنانە لە گۆڕاندایە. نیزیکی ئەم خاڵەی قەوەت، خاڵێکی لاوازە کە سەبارەت بەو ئەم سیستێمە هێندێ جار بە دەوڵەتی( لە زنجیردا) ناودەبەن. ئەم خاڵە لاوازە بریتییە لە بێ توانایی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندان بۆ دەستەبەری ڕاپەڕاندنی قانوونەکان و شێوەی باج دانان و ئەنجامدانی ئەو سیاسەتانە کە سەرکۆمار بۆ ئەنجامدانیان ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە. لە توندترین حاڵەت دا،



جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەوانەیە بگاتە شەڕی دەسەڵاتی نێوان ئەم دوو هێزە کە لەوحاڵەتەدا هێندێ جار سەر کۆمار بە کەڵک وەر گرتن لە دەسەڵاتی خۆی وەک هەڵبژێراوی ڕاستەوخۆی خەڵک و بە خستنە ژێردەستی کۆنترۆڵی ئەرتەش، کودیتای پرسی گشتی (Plebiscitary coup )دژی دەسەڵاتی قانوون دانان دەخاتە ڕێ.

## پارلمان و هێزی ڕاپەڕاندن

زێدەیی سیستێمی سەرەک وەزیری، توانای زیاتری وی بۆ هاوساکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە گەڵ شێوەی دانانی باج و قانوونە پێویستییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو سیاسەتانە، گریمانی کودیتای دەوڵەتیی دژی پارلمان لاوازتر دەکات. گریمانی سەرهەڵدانی کودیتا تایبەتی ئەو نیزامانەیە کە تازە خەریکە دێموکراسی لە واندا جێگیر دەبێت. لەو سیستێمەدا لە گەڵ ئەم زێدەییە خاڵێکی لاوازیش هەیە کە بریتییە لە توانای چاوەدێری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بە سەر بەرنامەکانی پارلمان و تەنگە بەرکردنی نەخشی پێداچونەوەو کۆنترۆلی ئەو، چونکە ئەندامانی باڵی زۆرینەی پارلمان زیاتر لەوە کە هۆگری دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی دەوڵەت بن لە بەرانبەر خەڵکدا، دەیانەوێ ئیعتیباری زاهیری خۆیان بپارێزن، ئیعتیبارێک کە کورسیەکانی ئەوانی لە مەجلیسدا ودووره دیمەنی پێشکەوتنی

دوارۆژیانی لە سەر دامەزراوە.

## ٤٠ – دەسەڵاتی یاسا چییە و چۆن مانەوەیدەستەبەردەکرێ؟

حکوومەتی یاسا بەومانایەی کە تەواوی کاربەدەستانی دەوڵەتی، هەڵبژێردراو و دانراو ئەرکی سەر شانیانە کە بە گوێرەی دەسەلاتێکی یاسا دیاری کردووە، قانوون و بڕیارەکان بە تایبەت قانوونی ئەساسی و کارکردەکانی خۆیان چاوەدێری بکەن.(سەیری پرسیاری٣٦، وەلامدەری بە قانوون بکە).

ڕیشەی سەرەکی ئەم بیرورایە بۆ ئەرەستۆ دەگەڕێتەوە بەو مانایە باشترین دەوڵەت، دەوڵەتێکە کە لەوێدا «حکوومەتی قانوون» بەڕێوە بچێ نەک«حکوومەتی تاکەکان». ئەم ئەسڵە بە شێوەی تازە لە خەبات بۆ تەنگەبەر کردنی دەسەلاتی ڕەهای پاشا و کاربەدەستانی دەستکردی ئەو لە ڕێگای تەنگە بەرکردنی قانوونیی دەسەلاتی ئەوان لە بەستێنی گشت هەنگاوەکانی ئیجرایی وڵات بەڕێوە دەچێت.

## دێموکراسی حکومەتی یاسا

دەکرێ حکوومەتی قانوون بە بناخەی ئازادییەکانی تاکی و دێموکراسی بزانرێ. بە بێ حکوومەتی قانوون هیچ دەستەبەریەک بۆ پاراستنی مافی تاک لە لایەن دەوڵەتەوە نییە، و



مادام کە سەرچاوەی قانوون، هێزی قانوون دانانی هەڵبژێردراوی خەڵک قانوونی ئەساسی بێت، چاوەدێری ئەو لە لایەن دەوڵەتەوە پێویستیی پاراستنی دێموکراسییە. بەم چەشنە هەر جۆرە لە بەرچاو نەگرتنی قەرارو مەدارەکانی قانوونی« بابەقازانجی خەڵکیش بێ» یا لە ژێر گوشار و ویستی بەردەوامی خەڵک،بەپێچەوانەی ئوسوڵی دێموکراسییە.

## سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

لەگەڵ هەمووی ئەوانە، حکوومەتی قانوون تەنیا کاتێ دەتوانێ بەڕاستی کاربڕی هەبێ کە دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ، پارێزەری وی بێت. مادەی یەکی ئەساسنامەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بارەی دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ، ڕوونی دەکاتەوە:« دەوڵەت دەبێ سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری دەستەبەر بکات و ئەو سەربەخۆییە لە قانوونی ئەساسی یا قانوونەکانی تری وڵاتدا لە بەرچاو بگیرێ.»

ئەم ئەسڵە دوو جۆر سەربەخۆیی دەگرێتەوە: یەکیان سەر بەخۆیی گشتی دەسەلاتی دادوەری لە دەوڵەت و ئەویتر سەربەخۆیی تاک تاکی دادوەرەکان لە ئەنجامی بەر پرسییەکانی خۆی بە بێ لە بەرچاوگرتنی پێوەندی و چاولێکەری. دەستەبەری ڕەسمی قانوونی بۆ پاراستنی ئەم دوو جۆرە سەربەخۆییە بەس نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە شێوەی دانانی دادوەرەکان و



ﻫ



هەروەها ئاسایشی کاری ئەوان لە ماوەی کارکردنیاندا . ئەوان نابێ لە لایەن دەوڵەتەوە دابنرێن، بەڵکوو ئەم بەرپرسییە دەبێ لە ئەستۆی کومیسیۆنی دادوەری پارلمان یادەستەیەکی سەربەخۆی دادوەری بێت کە لەسەر بنەمای قانوونی ئەساسی دامەزرا بێت. هەر بەم چەشنە دەوڵەتی وەخت نابێ مافی وەلانانی دادوەرەکانی هەبێ، بەڵکو ئەوان لە درێژی ماوەی کاردا، دەبێ خاوەنی ئاسایشی کارەکان بن و وەلانانی ئەوان تەنیالە مەسەلەیەکی تایبەتی وەک دیتنی فەساد یاخیلافێکی گەورە و کەم وکوڕی لە ئەنجامدانی کار، ئەویش لە ڕێگای هەنگاوە تایبەتییەکان و بە دەستی دەستەیەک کە ئەوان دایانناوە، بەجێ بگات. لە بەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە لە بارەی لقەکانی دیکەی حقوقیش کە سەربەخۆ بوونی ئەوان لە دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەسڵی حکوومەتی قانوون پێویستە، وەراست دەگەڕێ.

## ٤١- پارلمان یا دەسەڵاتی یاسا دانەر چ یارمەتییەک بە حکوومەتی وەڵامدەرەوە دەکات؟

پارلمان بۆ دەستەبەری وەڵامدانەوەی سیاسی و ماڵی دەوڵەت نەخشی سەرەکی یاری دەکات؛ لە پلەی هەوەڵدا بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی بۆ پەسند کردنی قانوونەکان و شێوەی باج دانان و لێکۆڵینەوەی هەموو لایەنەی مەسەلەکان، پێش پەسند کردنیان و گۆڕینیان بە قانوون، ئەم نەخشە بەجێ

دەگەیەنێ؛ لە پلەی دووەم دا، بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کارکردی هێزی ڕاپەڕاندن لە ڕێگای لێپرسینەوەی وەزیران، لێکۆڵینەوەی بەڵگەو دۆکۆمینتەکان، و پرسیار لە کار و ئەحواڵی کاربەدەستانی دەوڵەتی، ئەم نەخشە بەجێدەگەیێنێ. ئەرکێکی ئەوتۆ هەم لە کۆبوونەوە گشتییەکانی پارلمان و هەم لە ڕێگای کۆمیسیۆنەکانی ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت.

## کاربڕی پارلمان

بەشێک لە کار بڕی پارلمان وەک دەستەبەری وەڵامدانەوەی دەوڵەت، بەستراوەتەوە بە سەر بەخۆیی بیری یەک یەکی نوێنەران. لەپێشدا وا خەیاڵ دەکرا کە سەربەخۆیی نوێنەران تەنیا بە پاراستنی قانوونی ئەوان دەستەبەر دەکرێ و بەم چەشنە دەتوانن بەبێ ترس ، بیری خۆیان دەر دەبڕن. بەڵام لەگەڵ ئەم گرێ وگۆڵانەی کە ئیمڕۆ لە مەسەلەکانی حکوومەتیدا هەنە، نوێنەران تەنیا کاتێ دەتوانن گیانی ڕەخنەگریی خۆیان بە شکڵی کار بڕی بپارێزن کە موتالای تەواو و هاسانی کار و دەرەتانی دەست گەیشتنی خێرا بە ڕاپۆرتەکانی سەربەخۆی کارناسییان هەبێ. خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە کە نوێنەران نابێ وەها بە پلە حیزبییەوە پابەند بن کە گیانی ڕەخنەیی لەواندا ڕوو لە کەمی بدا. کاتێ کە ئەندامانی حیزب بۆ هەڵبژاردن وەک نوێنەری پارلمان یا بۆ ئەندام بوون لە کۆمیسیۆنەکانی پسپۆڕی دا،



بەستراوە بن بە زنجیرە ڕێ و شوێنی حیزبی، ئەم گریمانەیە کە لە ئوسوڵی حیزبی لابدەن و هێندێ جاریش گومان بخەنە سەر سیاسەتەکانی ، زۆر کەمتر دەبێ.

## نەخشی باڵی ئوپۆزیسیۆن

لەگەڵ ئەوەش نابێ لەو ئەرکە گرنگە خافڵ بی کە حیزبێکی ڕێکخراو لە چاوەدێری بە سەر کارکردی دەوڵەت دا هەیەتی. ئەرکی سیاسیەکانی باڵی موخالیف ئەوەیە کە وەک جێگرەوە و، وەک حیزبێک کە چاوەڕوانی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتە کار بکات و بە ڕەخنە گرتنی بێ پسانەوە لە دەوڵەت بە شێوەی ڕێکوپێک چاوەدێری بە سەردا بکات. خەڵکێکی زۆر ئەم کارەی پارلمان بە نالەبارترین لایەنی ئەرکی وی دەزانن، چونکە زۆر جار وەک« دژایەتی بۆ دژایەتی » لێدێت و هەنگاوە لە بارەکانی دەوڵەت نایەتە بەر چاو. دیارە شێوە هزرێکی ئەوتۆ، بە تایبەت بە سەرنجدان بە سیستێمی پێش برکەی کە لە ئینگلستاندا هەیە و ئەو پارلمانانەی لەو سیستێمە سەریان هەڵداوە زۆریش بێ بناخە نییە. لە گەڵ ئەوەش لە بەر ئەوەی کە دەوڵەتەکانی ئیمڕۆ شکڵێکی فرە ڕێکخراوەییان هەیە، چاوەدێری بە سەرواندا دەبێ هەروابێت و ئەم بەر پرسییە بە تایبەت لە ئەستۆی ئەم حیزبانەیە کە پشتیوانی لە دەوڵەتی وەخت ناکەن، ئەم حیزبانە دەبێ بە بێ ترس و بێ ئەوەی گومان لە هەستی نیشتمانپەروەریدا پێک بێنن،

ڕەخنە لە دەوڵەت بگرن.

## ٤٢- داخوا هەر کەس دەتوانێ ببێتە نوێنەری پارلمان؟

خەڵک کە نوێنەر هەڵدەبژێرن لە بەرئەوە نییە کە نوێنەرەکان پسپۆڕن، بەڵکو لە بەرئەوەیە کە بڕوایان پێی هەیە کە ئەرکی خۆی بەجێدەگەیێنێ. بەرگری شەرافەتمەندانە لە بەرژەوەندی دەنگدەران، چاوەدێری ورد بە سەرکارکرد و بەرنامەکانی دەوڵەتدا و هەر وەها بەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو بەرنامانەی کە دەوڵەت سەبارەت بە بەڵێن دان بە ئەنجامدانیان هەڵبژێردراوە، لەو ئەرکانەن کە ئەنجامدانی ئەوان لە نوێنەران چاوەڕوان دەکرێت. هەر کەسێ خاوەنی هۆش و ویژدانی بەخەبەر و زەینی ڕێکوپێک و توانای دەربرینی تەواوی هەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی چینایەتی لێهاتوویی ئەنجامدانی ئەرکی وای هەیە. کاتێ کەسێک وەک نوێنەر هەڵدەبژێردرێت، دەرفەتی ئەوەی بۆ پێک دێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ، بەڵام مەرجی پێویست بۆ پاراستنی ڕوحیەی وەڵامدانەوە بە دەنگدەران ئەوەیە کە نوێنەر لە بیری بێت کە هیچ دەستەبەرێک بۆ ئەوە نییە کە ئەو بەر پرسیەتییەی هەمیشە وبەردەوام بێت.



## مل بەملەی تاکی

بەم چەشنە کەسانی زۆر دەتوانن خۆیان بکەنە کاندیدی نوێنەرایەتی پارلمان، بەڵام بە کردەوە کەمتر کەسێک ئەم کارە دەکات. ڕێگایەکی کە تاک تاگەیشتن بە قۆناخی کاندیدابوون، دەبێ بیبڕێ، ڕێگایەکی سەخت و درێژە و زۆر جار سەر بە حیزبی سیاسی و تێکۆشانی چەند ساڵە لە پێناو ئامانجەکانی وی و هەر وەها هەبوونی تاقیکردنەوە لە مل بەملەی هەڵبژاردنی ناوچەیی دا، لە پێویستیەکانی ئەوە. پاشان کاتی ئەوە دێت کە دەستەی هەڵبژاردنی حیزب بە لێهاتوویی خۆی بۆ کاندید بوون، قانیع بکات و جۆرێ کاربکا کە ئەم دەستەیە لە چاو ئەوانیتر، ئەو بە شایانی سەلاحیەتی زیاتر بزانێ. پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناخەش جاری واهەیە دەبێ لە یەک دوو خولی هەڵبژاردندا بدۆڕێنێ، تا لە ئاخریدا کورسی پارلمان وەدەست دێنێ، ئەوەش تازە کاتێ سەر دەگرێ کە ئەو ساڵە بۆ حیزب ساڵێکی شوم نەبێ. ئەوەیە کە هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی پارلمان، ئیرادەیەکی قەوی و شانسی گەرەکە. تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ئەم ڕێگا دژوارە تا سەر ببڕن کە هۆگری زۆریان بە مەسەلە سیاسیەکانەوە هەبێت و ئامادەش بن کە لە زۆر لایەنی ژیانی شەخسی چاو بپۆشن.

## ٤٣– داخوا نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆیان هەیە کارو موچەی دیکەشیان هەبێت؟

زۆربەی ئەو بەڵگانەی کە بۆ ڕێگادانی ئەم کارە نیشان دەدرێ؛ ئەوەیە کەکاری پارلمان، لە تەواوی ساڵدا، کاری تەواو وەخت نییە؛ یائەوە کە مووچەی پارلمان بە تەنیا بۆ ڕاکێشانی کەسانی لێهاتوو بۆ گۆڕەپانی سیاسەت بەس نییە؛ یا هەبوونی کار جگە لە نوێنەرایەتی، نوێنەران لە گەڵ « دنیای واقیعی» لە پەیوەندیدا ڕادەگرێ. بەڵام هیچ یەک لەم بەڵگانە قەناعەت هێنەرنین. ڕاستە کە پارلمان لەوانەیە لە تەواوی ساڵدا کۆ بوونەوە پێک نەهێنێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ کاری وی بەردەوام و وەخت گیرە و تەنیا ئەگەر وەک بەرپرسیەتی تەواو وەخت سەیری بکرێ، دەتوانێ بە شێوەیەکی شایان ئەم بەرپرسیە ئەنجام بدات. دەنگدەرەکانیش دەبێ ئاگایان لەم کارە هەبێ و ئامادەگی تەواویان بۆ دانی مووچەی وێچوو لەگەڵ بەرپرسییەکان بۆ دابینکردنی دەرەتانی پێویست هەبێ. باشترین هۆکاریش بۆ پاراستنی پێوەندی لە گەڵ دنیای واقیعی، چاوپێکەوتنی دایمییە لە گەڵ خەڵکی مەڵبەندی هەڵبژاردن لە تەواوی چینەکانی کۆمەڵ و گوێدان بە قسەکانی ئەوانە.

## بەرژەوەندی گرۆیی

داخوا نوێنەران بۆیان هەیە لە گرۆیەکانی دەرەوەی پارلمان بۆ



پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان، هەقی زەحمەت  یا هەقی پارێزەری وەر بگرن.؟ هەر چەندە ئەم کارە لە زۆر پارلمانەکاندا باوە، بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەوە کارێکی لەبار نییە. پرسێکی گوماناوی کە لە گۆڕێدایە ئەوەیە کە لە کاتێکا گرۆی خاوەن بەرژەوەند پارە دەدەن بە نوێنەران تا لە پارلمان کاریان بۆ بکەن، چۆن دەکرێ شەڕافەتمەندانە لە بەرژەوەندی دەنگدەران بەرگری بکرێ،؟ ڕاگەیاندنی ئاشکرای ئەم پارەدانەش گرفتێک چارناکات و باشترە ئەم مەسەلەیە بەتەواوی قەدەخە بکرێ.

## کۆتایی پێهاتنی وەزیفە

یەکێ لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی نوێنەرایەتی ئەوەیە کە لەوانەیە دەنگدەرەکان کتوپڕ وەزیفەی نوێنەر کۆتایی پێ بێنن.( واتەلە نوێنەرایەتی بخەن) ئەم کارە لە بەر کەم وکوری نوێنەر نییە، لەوانەیە لە بەر قبووڵ نەکردنی ڕێبەری حیزب و یابەرنامەکانی ئەوبێت. حاڵەتێکی ئەوتۆ ڕاست وەک ئەوە دەچێ کە لە بازار شیرکەتێک هێندێ کرێکاری خۆی بە زیاد بزانێ. ئەوە ئیتر کرێکارەکان خەتا بار نین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە بازاڕدا گوڕانکارییەک ڕووی داوە. بە هەر دوو حاڵەت لەسەر بنەمای ساڵەکانی خزمەت، دەبێ بڕە پارەیەکی شایان بدرێ بەو کرێکارانە تا بتوانن کارێکی تازە بۆ خۆیان پەیدا بکەن. هەر وەها کەسانێکی ئەوتۆ پێویستە لەمانگانەیەکی قابیلی

گواستنەوە کەلک وەرگرن.

## ٤٤ – چۆن دەتوانرێ فـەسادی سـیاسـی بنەبڕ بکرێ؟

فـەسـادی سـیـاسـی – یا کـەڵک وەرگـرتنی خـەراب لە کـاری دەوڵەتی بۆ قـازانجی شـەخـسی – لە وانەیە لە هەمـوو پلەکـانی دەوڵەتی و لە هەموو نیزامـە سیاسییەکاندا هەبێ. هەر چەندە لە هێندێ نیزامی دێموکراتی ئەم قازانج خوازییە وەک« زێدەییەکی لاوەکی» لە کاری دەوڵەتی حیساب دەکرێ و نایەتە بەرچاو، بەڵام واقعیـەت ئـەوەیە کە هەبوونی ئەم حاڵەتە دڵنیایی دەنگدەران لە ئاست نوێنەران دەڕووشێنێ وبڕوایەکی بۆ دێموکراسی پێویست بێ، لەرزۆکی دەکات. وای لێ دێت کە خەڵک ئیتر دێموکراسی بە شایانی بەرگری نازانن. هەر بۆیەش پێویستە بە چەشنی جیدی لەگەڵ ئەم مەسـەلەیە بەرەوڕووبێ وبۆ ئەو پەڕی کەمکردنەوەی هەوڵ بدرێت. هەرچەند نەتوانی بەیەکجاری ڕیشەکێشی بکەی.

## هەنگاوەکانی چاکسازی

فەسادی سیاسی عادەتەن لە هەل و مەرجی ئاوادا برەو پەیدا دەکا: کاتێکی داهاتی بەرپرسانی دەوڵەت کەم بێ و بەش نەکات و یاشوغڵی دەوڵەتی تاقە ڕێگای وەدەستهێنانی داهاتی زیاتر بێت؛ کاتێکی کەڵک وەرگرتن لە هەڵکەوتی ئابووری لە بەشی تایبەتی دا





ب

وه جارێک بەسترابێتەوە بە بڕیاری فەرق دانانی دەوڵەت؛ یا کاتێکی گریمانی ئاشکرابوونی فەساد وسزادانی خەتاکاران کەم بێت. زانینی هەل ومەرجی باسکراو، ڕێگا چارەشیان دیاری دەکات:دانی مووچەی پێویست، دیارە نەک زیاتر لە شوغڵەکانی تری بەرپرسانی دەوڵەتی، تەنگەبەر کردنی ئەو بڕیارانەی دەوڵەت کە کار دەکەنە سەر تێکۆشانی بنیاتە ئابوورییەکانی شەخسی لە چوار چێوەی قانوونێکی ڕوون وئاشکرا و هەبوونی دەستەیەکی دادوەری بۆپێڕاگەیشتنی بێ ترس بە فرو فێڵی گریمانی. بەڵام باشترین ڕێگای پارێزگاری لە بەرانبەر فەساد دا، پێکهێنان و پەرەپێدانی کلتووری خزمەتی دڵسۆزانەیە بە خەڵک بە دوور لە فەلسەفە بازاڕی و قازانج خوازی زیاتر. بەکار هێنانی هیچ یەک لەو ڕێگایانەی سەرەوە وبەتایبەت ئەمەی ئاخریان، کاتێکی مەسەلەکە ڕیشەدار و تەشەنەی کردووە، هاسان نییە.

## ٤٥ – دەزگای کیشوەری (Civil service) چ نەخشێکی لە نیزامێکی دێموکراسیدا هەیە؟

بەرپرسەکانی هەڵنەبژێردراو و تەواو وەختی دەزگای کیشوەری، کادری ئیداری پێکدێنن کە دەوڵەت بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەی خۆی بەوان پشت ئەستوورە. ئەم بەرپرسانە هەم ڕاسپاردەی کارناسانی پێویست بۆ دانانی قانوون و سیاسەتەکانی دەوڵەت نیشان دەدەن و هەم قەوارەی ئیدارەیەک



دادەمەزرێنن کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو سیاسەتانە پێویستە. ئەرکی ئەوانە بێلایەنی بوون و پاڵدان بە ویژدانی ئەم نەخشەیە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چ حیزب یا حیزبەکان لەدەسەڵات دان و یا خۆیان لە گەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت موافیقن یا نا. بوونی کارمەندی پیشەیی دەوڵەت ئیمڕۆ ئیتر بەشێکی تایبەتی گشت سیستێمەکانی حکوومەتییە، بەڵام لە نیزامە دێموکراتیەکاندا لە بارەی کارمەندانی دەوڵەتەوە چەند مەتڵەبێک هەیە کە پێویستە بە تایبەت ئاماژەیان پێبکرێ. هێندێ لەو مەتڵەبانە بریتین لە:چۆنیەتی دانانی کارمەندانی پلەی باڵای دەوڵەت، ئەوەی کە ئەم کارمەندانە دەبێ لە ئاست چ کەسانێک وەڵامدەرەوە بن؛ هەروەها نموونەی ئەندام گیری ئەوانیش.

### دانانی سیاسی

هەوەڵین مەسەلە، نیگەرانی گەلێک لە حیزبە سیاسییەکان لە بێ پەیمانی کارمەندانی پلەی باڵای دەوڵەتییە سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی وەخت، کە هێندێ جار کۆسپ دەخەنە بەر ڕاپەڕاندنی ئەو سیاسەتانە، یا بە کەڵک وەرگرتن لە مافی خۆیان وەک پسپۆڕ، هێندێ ڕاسپاردەی «لادەرانە» دەدەن بە وەزیران کە بە گشتی پسپۆڕیی کەمتریان لە ڕاوێژکارانی خۆیان هەیە. بەڵام دەبێ بگوترێ کە زۆرجار لە بارەی ئەم نیگەرانیانە زیادە ڕەوی کراوە. ئەوەی ئەرکی کارمەندانی دەوڵەتە کە هەموو گەڵاڵە

سیاسیەکان هەڵسەنگێنن تا کەند و کۆسپی سەر ڕێگایان دیاری بکەن و هەر وەها ڕێگاش بۆ پیادە کردی ئەم گەڵاڵانە بدۆزنەوە؛ بەڵام ئەم ئەرکەشیان هێندێ جار بە کارشکێنی دادەنرێت. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کارمەندانی دەوڵەت بێ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابن. نفوزێکی زۆریان لە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت هەیە و لە وانەیە بە شێوەی نادێموکراتیش لە نفوزی خۆیان کەڵک وەربگرن. لە نیزامە سەقامگرتوەکانی دێموکراتیدا بۆ کەمکردنەوە ئەم گریمانەیە بە گشتی دوو شێوە بە کار دەبرێن: یەکیان ئەوەیە کە دەوڵەت کارمەندانی پلەی سەرووی ئیداری لە هەر وەزارەت خانەیەکدا بە گوێرەی ڕێبازی سیاسی خۆی دیاری دەکات. بە گۆڕینی دەوڵەت ئەو بەرپرسانەش دەگۆڕێن. شێوەی دیکە ئەوەیە کە لە هەر وەزارەت خانەیەکدا دەفتەرێکی سیاسی هەیە کە ئەندامە کارناسەکانی ئەندامی حیزبن و دەتوانن لە پسپۆڕی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاسپاردەکانی کارمەندی دایمی دەوڵەت کەڵک وەر بگرن و لە کاتی پێویستیشدا ڕاسپاردەو زانیاری تربدەن بە وەزیران. هیچ یەک لەو شێوانەی سەرەوە بێ گیروگرفت نین بەڵام گریمانی زێدەیی ئەوان لە خاڵی لاوازیان زیاترە.

## وەڵامدانەوەی دەزگای کیشوەری

بابەتی دووەم مەسەلەی وەڵامدانەوەی دەزگای کیشوەرییە.



قەوارەی ئیداری دەزگای کیشوەری بە شکڵی زنجیرەیی دامەزراوەو وەڵامدانەوە لە وێدا لە ژێرەوەیە بۆ سەرێ و بۆ شوێنی باڵاتر و لە ئاخریدا ئەم وەڵامدانەوە بە وەزیر تەواو دەبێ. وەزیریش بە نۆرەی خۆی لە بەرانبەر پارلماندا وەڵامدەرەوەیە. بەڵام داخوا لە سیستێمە دێموکراتیەکاندا وەڵامدەرەوەی ڕاستەوخۆی دەزگای کیشوەری لە بەرانبەر قانوون و پارلمان و تەواوی خەڵکدا، باڵاتر نییە لە وەڵامدانەوە لە بەرانبەر باڵا دەستدا.؟

ئەگەر بەجێگەیاندنی فەرمانی ئەو کارەی کە وەریدەگرن، پێشێلکردنی قانوون، یافریودانی پارلمان، یا لە ژێر پێنانی مافی تاکەکان بێت کە ئەم بەر پرسانە مەجبوورن ئەو خزمەتانە نیشان بدەن، ئەودەم چی؟ ئەم نموونانە گریمانی هەبوونی ناتەبایی ئاشکرا لە نێوان ئەسڵی وەڵامدانەوەی دێموکراتی و وەڵامدانەوەی شێوە بۆرۆکراسی نیشان دەدا. زۆر لە کارمەندانی دەوڵەت بە کردەوە ئەم نا تەباییانە بە پەنا بردن بۆ« لە قاودانی غەیرە ڕەسمی» مەسەلەکان چار دەکەن. لێرەدا یەکی تر لە بەڵگەکانی گرنگیی پشتیوانی قانوونی لە گرۆیەکانی وریا کەرەوە ڕوون دەبێتەوە.( بڕوانە پرسیاری ٣٥).

## ئەندام گیری دەزگای کیشوەری

مەتڵەبی ئاخری لە بابەت دەسگای کیشوەری لە سیستێمێکی

دێموکراسیدا، نموونەی ئەندام گیری ویە. بوونی کاربڕی تاکەکان لەم بەستێنەدا، بە بێ لەبەرچاوگرتنی پابەندیی حیزبایەتی ئەوان، لە ڕێگای هەڵبژاردن لە بەینی ئەوکەسانەدا کە خاوەنی خوێندنی بەرز و یا لەڕستەی پەیوەندیداردا پسپۆڕی و فێرکردەی پیشەییان هەیە، دەستەبەر دەکرێ. لەم چەشنە هەڵبژاردنەدا، لەوکاتەدا کە هەبوونی پسپۆڕی پێوانەی دەستبژێری کەسانە، دەبێ ئاگاداربی، نەکا ئەم کارناسانە لە چینە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان هەڵبژێردرێن. کارمەندانی دەوڵەت لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا دەبێ بە چەشنی هاوسان نوێنەری هەموو چینە گرنگەکانی نێو کۆمەڵگا بن. ئەسڵی بەرانبەری سیاسیش بە پێویستی دەزانێ کە دەرەتانی دەستپێڕاگەیشتن بە شوێنە دەوڵەتییەکان دەبێ بە بێ لەبەر چاو گرتنی چینی کۆمەڵایەتی تاکەکان، بۆ هەمووان ئامادە بێت. ئەم کارە بەو مانایەیە کە لە نیزامی فێربوونیشدا دەبێ هەموو کەس لە دەرەتانی هاوسان کەڵک وەربگرێ و لە کاری دەرفەتدانی خوێندندا هیچ فەڕق و جیاوازییەک دانەنرێت.

## ٤٦– هەر تاکێکی هاووڵاتی چۆن دەتوانێ یارمەتی بە حکوومەتی وەڵامدەرەوە بکات؟

لە سیستێمە دێموکراتیەکاندا، کاتی لە بەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندیی هاو وڵاتیان و بڕیاردانی پێچەوانەی قانوون یا



مودیریەتی خەراپی کار بەدەستانی دەوڵەتی (وەک خافڵ بوون لە مەسەلەکان، وەدواکەوتن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، یا خۆویستی و خۆسەری) ڕێگای کاریگەر بۆ گێڕانەوەی مافەکانی تاک تاکی هاو وڵاتیان هەیە. قەرەبۆکردنەوەی ئەو زیانەی کە بە هۆی بڕیاری ناقانوونی دەوڵەت ڕوودەدەن، لە ڕێگای دادگاکانەوە ئەنجام دەدرێ. لە باری مودیریەتی خەرابەوە، دەکرێ لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو داوای باشکردن و پێڕاگەیشتنی بکرێ. هەر وەها دەتوانی پەنا بۆ دەفتەری ئامبودزمەن[١] بەرێ کەبەرپرسیەتی تایبەتی وی پێڕاگەشتنی سکاڵای خەڵکە دژی بڕیارەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی. لەم دواییانەشدا بنیاتێک بە ناوی «بەیاننامەی هاو وڵاتی»[٢] دامەزراوە کە لە ڕێگای وی زیانێکی بەهۆی لە بەرچاو نەگرتنی پیوانە دیاریکراوەکان لە لایەن دەوڵەتەوە لە خەڵک کەوتووە، قەرەبۆ دەکرێتەوە. ئەم هەنگاوانە بە پێچەوانەی شکڵی دیکەی وەڵامدانەوەیە، کە دەکرێ بە وەڵامدانەوە لە بەرانبەر کۆدا ناو ببرێ.(سەیری پرسیاری ٣٦ بکە) چەند نموونەیەک لە وەڵامدانەوەی بەرپرسان بە خەڵک هەنە و وەبیری دێننەوە کە لایەنی سەرەکی خزمەتەکانی دەوڵەتی

١– Ombudsman : ناوی شوێنێکی کیشوەرییە کە وەک شوێنی سکاڵای خەڵک دژی ڕێکخراوە ڕەسمی و گشتییەکان حیساب دەکرێ. ئەمبودزمەن لە وڵاتەکەیانی دانمارک،فنلاند، نرویژ، سوید، بەریتانیا و فەرانسەدا هەیە. زلاندی نوێش شوێنێکی ئەوتۆی لە دەزگای ئیداریدا هەیە. (وەرگیراو لە فەرهەنگی زانستی سیاسی غولامرەزا عەلی بابایی)

٢– Citizen,s Charter

تەواوی خـەڵکە و لە کـۆتاییـدا نـاوەندی وەڵامـدەرەوەی حـقـوقی، سیاسی و ماڵی دەوڵەت. هاووڵاتی خۆیانن.

## ٤٧– چۆن دەکرێ هێزە چەکدارەکان بخرێنە ژێرکۆنترۆڵی هاووڵاتیانەوە ؟

لەو سـیـسـتـێـمـانەدا کـە مـاوەیەکی درێژ لە سـەقـامگرتوویی دێموکراسی لە وێدا تێپەڕیوە و جیاکردنەوەی بڕیاردانی سیاسی و نیـزامـی جـێی خـۆی گـرتـووە و بە وردی پارێزراوە، پرسـیـاری سـەرەوە جگە لەبەسـتێنی ئامادەکردنی چەک کاتی تێکهەڵچوونی جـاروباری سنووری و ئەندام گـیـری و هـەل و مـەرجی خـزمـەت لە هێزەکانی چەکدار، گرفـتێکی بنچینەیی ناژمـێردرێ. بەڵام لەو نیزامانە دا کە دێموکراسی تازە پێدەگرێ و گریمانی پێشینەی کۆدیتـا، حکوومـەتی نـیزامی و سـەپاندنی کـەسـانی تـایبـەت و سیاسەتی دڵخوازی نیزامیان بە سەر دەوڵەتدا، هەیە، ئەم گرفتە چاری ناکرێ. جگە لەوانە، ئـەرتەش لە هـەمـوو شـوێنێ بۆ لابردنی سـیـاسـەتمەدارانی هەڵبـژێردراوی خـەڵک و گـرتنە دەسـتی حکوومـەت و هێنانە ژێر دەسـەڵاتی هەمـوو مـیللـەت، توانـایی ڕێکخراوەیی و مـادی هـەیە. کـەوابوو گـیروگرفت لەم بەسـتێنەدا ویست و دڵخوازی وانە بۆئەنجامی کارێکی ئەوتۆ وپرسیارئەوەیە کە چۆن دەکرێ ئەم مەیلەی وان لە بەین بەری.



## کۆدیتا سەربازییەکان

ڕاگرتنی ئەمیرانی ئەرتەش لە ژێر فەرمـانی سیاسـەتمەدارانی هەڵبژێردراو ئەوەندە هاسـان نییە کە بتوانی لە ڕێگای فێرکردنی دەست تێـوەرنـەدان لە کـاروباری سـیـاسی، یا ڕازیکردنیـان بە



پارەیەکی تەواو، یا دانی دەرەجەی نیزامی و یا چەکی پێشکەوتوو ئەنجام بدرێ، نارەزایی لە نێو هێزی چەکدار ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کۆدیتا بێت. بەڵام بەدەگمەن هۆی سەرەکییە. نیزامییەکان تەنیا کاتێ کۆنترۆڵی حکوومەت دەگرنە دەست کە کۆمەڵگا تووشی قەیرانێکی قووڵ و بەردەوام هاتبێت و سیاسەتمەدارەکان بە کردەوە نەتوانن چاری بکەن. قەیرانی وەک شەڕی خۆجێیی، ماسانی ڕۆژ لە ڕۆژ پتر، تێکچوونی نەزمی گشتی و فەسادی زۆر و بەردەوام لە نێو سیاسەتمەدران، دەبنە هۆی دەستێوەردانی نیزامییەکان. کۆدیتای نیزامی هەر وەهابۆ پێشگری لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی حیزبە توندئاژۆییەکان کە دەسەڵات دەگرنە دەست و بۆ نەزمی مەوجوود دەبێتە هەڕەشە .

بەڵگەی سەرەکی، لە هەرتک حاڵەت دا، بێ توانایی دەوڵەتە لە پتەوکردنی پایەکانی بنیاتە کار برەکان بۆ بەهێزکردنی ڕەوەندی دێموکراسی، نەک تایبەتمەندییەکانی زاتی ئەرتەش بۆ کۆدیتا .

## حکوومەتی نیزامیان

بەڵام حکوومەتی نیزامیان لە باشترین حاڵەتی خۆیدا، بۆ گیروگرفتەکانی کۆمەڵ تەنیا دەتوانێ هێدی کردنێکی ماوە کورت بێ نەک ڕێگا چارەیەکی درێژ خایەن. تایەک دوو دەیەی ڕابردوو خەیاڵێکی وا برەوی هەبوو کە گۆیا ئەرتەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ نوێسازی ئابووری و دروستکردنی وڵات و بە لەمپەریان دەزانی



لە بەرانبەر سەرهەڵدانی فەساد و فەرق و جیاوازی کە گۆیا ئەنجامی سیاسەتی دێموکراتییە. لە گەڵ ئەوەش هێزە چەکدارەکان ناتوانن نەخشی دەسەڵاتی ڕەوا بۆ بە دەستەوە گرتنی حکوومەت ئەنجام بدەن و ڕابردوویەکی باشیشیان لە دەسەڵاتداری خۆیان بە جێ نەهێشتووە. دەوڵەتی داخراو ونهێنی کار، لە جیاتی کەمکردنەوەی فەساد، تەنیا دەتوانێ بیشارێتەوە و بە هیچ جۆر ناتوانێ بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتی سەلامەتی ئابووری بیر بکاتەوە. لە هەر شوێنێکی کە نیزامییەکان دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، پێشینەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش هەبووە، پێشینەیەک کە هیچ نیزامێکی ئازادی حکوومەتی حاشای لێناکات.

## پتەوکردنی بناخەی دێموکراسی

بۆ پێوانی ڕێگای درێژی پتەو کردنی بنیاتە دێموکراتییەکان و حکوومەتی قانوون و چە سپاندنی حکوومەتی دانراو لە سەر قانوونی ئەساسی، جگە لە پشتیوانیی نێو نەتەوایەتی دەستە بەری باشتر نییە. بەم چەشنە باشترین شێوە بۆ چارەسەر کردنی کێشە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی بریتییە لەڕێگا چارەی سیاسی و وتو وێژ و پێکهاتن. هەر لەو کاتەشدا پێویستە لە مەیدانی خۆجێیی و نێو نەتەوەییدا، بۆ ناسینی شوێنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سزای بگێڕان و بەکارهێنانی گەمارۆ دژی

ئەو ڕێژیمانەی کەلە وڵاتی واندا ئەوانە ڕووی داوە بیربکرێتەوە. ئەم هەنگاوە، بە تایبەت کە مافی مرۆڤ لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە پێشێل دەکرێ، زیاتر پێویست دەبن.

## ٤٨- داخوا لە سیستێمی دێموکراتیدا،جێگا بۆ دەزگای ئاسایش هەیە؟

دێموکراسی لە بنەماوە لە گەڵ هەرچەشنێکی نهێنیکاری لە حکوومەتدا ئیختلافی هەیە. بەم حاڵەش دەوڵەتەکانی نیزامی دێموکراتی هەمیشە بەکارهێنانی عەمەلیاتی نهێنی بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە هەڕەشەی بێگانە، جنایەتی ڕێکخراوی خۆجێیی و پیلان بۆ لەرزاندنی پایەی دێموکراسیان بە پێویست زانیوە. مەسەلەیەکی لە بواری ئەم عەمەلیاتەدا هەیە ئەوەیە کە ئەم ڕەوشتەی کە لەم بوارەدا بەکار دەبرێن: وەک گوێگرتن بۆ قسەکانی خەڵک، دانانی میکرۆفۆنی نهێنی و کۆنترۆڵی ئاخاڤتنی تەلەفۆنی، و تەگبیری دیکە لەم بارەوە - بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەژمێردرێ. جگە لەوەش ئەم جۆرە کارانە سەبارەت بەوە کە بە نهێنی دەکرێن، دەتوانن بە هاسانی لە سنووری قبوڵکراو تێپەڕن و ئەم ڕێکخراوانەش بگرنەوە کە تێکۆشانیان قانوونییە، بەڵام هێندێ جار بۆ دەوڵەت و سیاسەتەکانی وی گیروگرفت پێک دێنن.



## وەڵامدەرەوەی سیاسی

بەم چەشنە هەموو شت بەستراوەتەوە بە چاوەدێری و کۆنترۆڵی سیاسی. ئەوە کە عەمەلیاتی نهێنی لە پەردەیەک لە وەڵامدانەوەیەکی گشتی وەزیران دا بە پارلمان، داپۆشراو بمێنێتەوە، بەس نییە، بەڵکو هەبوونی کومیسیۆنێکی تایبەتی لە مەجلیسدا پێویستە کە بۆ چاوەدێری بە سەر تێکۆشانی سەرویسەکانی ئاسایش و بەدەستهێنانی دڵنیایی لە لانەدانی ئەوان لەچوارچێوەی مەعقوول و قبووڵکراو، کۆبوونەوە- ئەگەر پێویست بێ بەنهێنیش- پێک بێنن. ئەم بودزمانەکانیش دەبێ بتوانن بە شکایەتی خەڵک لە سەرویسە ئەمنیەتییەکان، سەبارەت بە کۆنترۆلی تێکۆشانی ڕەوایان و لە ژێر پێ نانی مافە مەدەنییەکان، ڕابگەن.

## ٤٩- بۆچی هەبوونی حکوومەتی ناوچەیی بۆ دێموکراسی گرنگە؟

هەبوونی سیستمێک لە سەر بنەمای هەڵبژاردنی حکوومەتە ناوچەییەکان، بە چەند دەلیل بۆ درێژە پێدانی سیستێمێکی دێموکراتی گرنگە. سیستێمێکی ئەوتۆ هەڵکەوتی تاکەکان و هەر وەها ژمارەی ئەوان بۆ بەشداری لە بڕیاردان بەچەشنی بەرچاو دەباتە سەر. چونکە حکوومەتە ناوچەییەکان سەبارەت بە ناوچەیی بوونیان لە بەرانبەر هەڵکەوت و نیازە تایبەتییەکانی

ناوچەدا، لە دەوڵەتی ناوەندی زیاتر بەرپرسی وەڵامدانەوەن. زێدەیی دیکەی ئەو سیستێمە ئەوەیە کە دەکرێ لە ڕادەیەکی بچوکدا هێندێ سیاسەت لەو حکوومەتانەدا تاقی بکرێتەوە. لە کاتی سەرکەوتندا لە پانتاییەکی گشتیتر و لە ناوچەکانی دیکەش بە کاریان بێنی. هەر وەها پۆستەکانی حکوومەتی ناوچەیی دەتوانێ بۆ دەستپێڕاگەیشتنی سیاسەتمەداران بە شوێنەکانی دەوڵەتی ناوەندی ڕێنوێن و بۆ حیزبەکانی کە لە ڕادەی کیشوەریدا دۆڕاندوویانە ببێتە بنکەیەک. ئاخرەکەشی ئەوە کە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی، ڕەوەندێکی تر دەدا بە جیاکردنەوەی هێزەکان لە یەکتر، ئەم تایبەتییانە کە هەر یەک بە نۆرەی خۆیان گرنگی خۆیان هەیە، لەسەریەک بەڵگەیەکی ئاشکران بۆ پێویست بوونی حکوومەتە ناوچەییەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک.

## ناوەندخوازی دەسەڵات

بەڵام لە وڵاتەکانی ئیمڕۆدا گوشارێکی زۆر بۆ ڕاگەیاندنی پێویستیی بوونی ناوەند لە بڕیارداندایە. بۆ نموونە وەزارەتی دارایی بەم دەلیلە کە پێویستی ئیدارەی ئابووری وڵات، هەبوونی کۆنترۆلە بە سەرتێچوونە گشتییەکاندا، لەو بارەوە گوشار دێنێ، یا ئەو سیاسەتمەدارانەی کە لە دەوڵەت دا دەسەڵاتیان هەیە، نایانەوێ لە ڕادەی ناوچەدا دەسەڵات بدەن بە چاو سووری



خۆیان. بەڵگەشیان ئەوەیە کە ئەوان دەستپێشخەری سیاسی دەوڵەتی ناوەندی کەمڕەنگ و لاواز دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە چاوەڕوانی گشتی خەڵکیش لە گۆڕێ دایە، لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕادەی جێگۆڕکێی تاکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێ، خەڵک ناتوانن فەرق و جیاوازی بەرچاوی قانوونی ناوچەیەک لە چاو ناوچەیەکی تر قبووڵ بکەن. هاوسانی لە هاو وڵاتیدا، بەمانای کەڵک وەرگرتنی بەرانبەرە لە ستانداردی گەیاندنی خزمەتەکان. ئەگەر نەتیجەی ئەم هاوسانییە تەنیا بە دابەشکردنی سەرچاوە و دەرەتانی نێوان ناوچە جیاوازەکان و بە پێڕەوی لەوەش بەکار هێنەری قانوونیش لە ناوچە جیاوازەکاندا دەوڵەتی ناوەندی بێت، خودموختاری حکوومەتی ناوچەیی و لە ئەنجامدا مەیدانی بیروڕای خەڵک لەو ناوچەیە بە توندی تەنگە بەر دەبێ.

## نیازە ناتەباکان

ڕێگا چارەیەکی هاسان بۆپێکهێنانی نیازە ناتەباییەکان، یا ڕێگا چارەیەک کە لە هەموو شوێنێ شایان بەجێگەیاندن بێت، نییە. بەڵام لە بەر ئەوە کە لایەنگرانی بیروڕای هەبوونی ناوەندیەت زۆرترین گوشار دێنن، پێویستە لە بەرژەوەندی ناوچە و حکوومەتی ناوچەیی پتر لە هەموان بەر گری بکرێت بۆ ئەمکارەش ئەنجامدانی ئەم بابەتانەی خوارەوە پێویستن:

پێکهێنانی جیاوازیی ئاشکرا لە نێوان ئەرکی حکوومەتی ناوچە و دەوڵەتی ناوەندی بە شێوەیەک کە دەنگدەرەکان بە باشی لێی تێبگەن، توانا و دەرەتانی پێویست بخرێتە بەر دەستی حکوومەتی ناوچە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بە گوێرەی نیاز و هەل و مەرجی ناوچەیی، با دەچوار چێوەی بڕیارەکانی دەوڵەتی ناوەندیش دابێت. پێکهێنانی میکانیزمی شایان بۆ وەڵامدانەوە لە بەرانبەر دەنگدەرانی ناوچە، هەبوونی دەستەبەر بۆ دەست تێوەرنەدانی دەوڵەتی ناوەندی لە بڕیارەکانی کاربەدەستانی ناوچەیی، و لە کاتی پێویست دا تۆکمە کردنی ئەم دەستەبەرییە لە لایەن دادگا قانوونییەکان، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێکهێنانی پێوەندی بەرهەمهێنەر لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکوومەتی ناوچەدا، زیاتر لەوە بە قانوونە ویشکەکانەوە پشت ئەستووربێت، بەستراوەتەوە بە هاوکاری وناسینی بەرانبەری قەڵەمڕەوی یەکتر.

## ٥٠ – لە چ کاتێکدا فیدرالیزم پەسندە؟

فیدرالیزم ١ دابەشبوونی وڵات بە ئەیالاتی لێک جیا بە پارلمان و

---

١– Federalism : نیزامێکی سیاسی تایبەتە کە بە گوێرەی ئەو:١) لە پەنا دەوڵەتێکی ناوەندی حکوومەتگەلی خودموختاری ناوچەیی هەن.٢) دەسەڵات و ئەرکەکانی دەوڵەت لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکوومەتگەلی ناوچەییدا، دابەش دەکرێ.٣) ماف وئەرکی تایبەتی دەدرێ بە کەرت و بەشەکانی ناوچەیی وڵات. ٤) تەرتیبات و ڕەوشتی تایبەت بۆ لابردنی ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکوومەتگەلی ناوچە و لە نێوان یەکەکانی ناوچەییشدا، دادەندرێ.( بە نەقڵ لە فەرهەنگی زانستەکانی سیاسی عەلی ئاغا بەخشی.)



دەوڵەتی لێک جیا و قایلبوونی مافی قانوون دانان و باج دانان بۆ ئەیالەتەکان لە سەر بنەمای دابەشبوونی قانوونی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتەکانی ناوچەیی، دەگرێتەوە. لە بواری مێژووییەوە وڵاتەکانی فیدراڵ بە چەند ڕێگادا پەیدا بوون. وەک یەکێتی ئەم وڵاتانەی کە لەپێشدا سەر بەخۆ بوون یا دانی خود موختاری بە ناوچەکان و یا قەومەکانی کە لە پێشدا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا ،یەکیان گرتووە.

## جیاوازییەکانی ناوچەیی

فیدرالیزم بە گشتی لەم وڵاتانە زیاتر ویستیاری هەیە کە خاکیان زیاترو بەربڵاوترن و لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا فەرقی بەر چاوی کولتوری و جوغرافیایی هەیە. لە پاڵ ئەوەدا سیستێمی فیدراڵی ڕێگا چارەی بە کردەوەیی بۆ پێکهێنانی ویستی کەمایەتییەکانی قەومی و فەرهەنگی لە سەر بنەمای وەدەستهێنانی خودموختاری و دەتوانێ جێگری سەربەخۆیی تەواوی ئەوان بێت. هەر چۆنێک بێ زیان« نێوە لێک پچڕاو» لە ژیانی جیابوونەوەی تەواو یا ژیانی پڕ لە کێشەی بەردەوام لە ژێر میچێکدا، باشترە. زۆر لەو بەڵگانەی کە بە لایەنگری لە پێویستیی هەبوونی حکوومەتگەلی هەڵبژێردراوی ناوچەیی باسکران لە بارەی سیستێمی فیدرالیشەوە ڕاستن.( سەیری پرسیاری ٤٧ بکە)

# ٤ – مافەکانی تاک و بەرگری لەو

## ٥١– مافەکانی مرۆڤ چییە؟

مافەکانی مرۆڤ وئازادییە بنەماکان،مافەکانی تاکین کە ڕیشەیان لە نیازو لێهاتوییەکانی ئینساندا هەیە. ڕەنگە بتوانی بڵێی بە ڕەسمی ناسینی مافی مرۆڤ و دەستپێشخەری ئامادەیی بۆ بەرگری لەو لە قانوونەکانی نێونەتەوەییدا، گرنگترین پێشکەوتنی ئەخلاقی مرۆڤە لە سەدەی دواییدا. کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە بارەی مافی مرۆڤ گەیشتۆتە ڕێککەوتن وپەیمانی زۆر. مەبەست لە ئامادە کردنی ئەم بەڵگانە بریتییە لە: گەیشتن بە تەعریفێکی لە سەر ڕێککەوتووە لە بارەی سنووری ئازادییەکان ومافەکانی مرۆڤ و بەڵێندانی دەوڵەتەکانیش بە هاویشتنی هەنگاوی پێویست بۆ دەستەبەری قانوونی و کردەوەیی بەرگری لەو مافانە لە وڵاتەکانی پێوەندیدار.



## بەیاننامەی جیهانی

سەرچاوەی سەرەکی بیری مافی مرۆڤ لە دنیای ئیمڕۆدا بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤە کە لە تاریخی دەی دیسامبری ساڵی١٩٤٨ لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسند کراوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی ١٩٦٦ دوو دوکۆمێنتی نێونەتەوەیی پەسند کرد کە بنچینەی ئەوان مافی ڕاگەیەنراوی نێو بەیاننامەی جیهانی بوون. ئەم دوو دوکۆمێنتە بریتین لە: پەیمانی نێونەتەوەیی مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری وپەیمانی نێونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسی.

ئێستا دوو لە سێی وڵاتانی دنیا ئەم بەڵگانەیان قبوڵ کردووە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەر وەها پروتوکۆڵی بەناوی پروتوکۆڵی ئیختیاری بۆ پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان پەسند کردووە کە لە کاتی پێشێلکردنی مافی تاکەکان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە لە دەستەی چاوەدێری ئەم پەیمانە واتە کومیسیۆنی مافی مرۆڤ داوای پرس و پێڕاگەیشتن بکەن. بەڵام کاتێ لەم مافە کەڵک وەردەگیرێ کە دەوڵەتی جێگای باس پەیمانی ناوبراو و ئەم پرۆتکۆڵەی قبوڵ کردبێت. بەڵام تا ئێستا کەمتر دەوڵەتێک تا ئێستا ئەوەی کردووە.

## پەیمانە ناوچەییەکان

ئەم بەڵگانە- واتە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ، دوو پەیمانی باسکراو و پرۆتوکۆڵی ئیختیاری - بە چەشنی گشتی وەک پلاتفۆرمی نێونەتەوایەتی مافی مرۆڤ ناسراون. جگە لەو بەڵگانەی سەرەوە، پەیمانە ناوچەییەکانی زۆر لە بارەی مافی مرۆڤ هەن کە ئیعتیباری جیهانیان هەیە، لە وانە کۆنوانسیۆنی ئەمریکایی مافی مرۆڤی، بەیاننامەی ئەفریقایی لە بارەی مافی مرۆڤ و مافەکانی خەڵک و کونوانسیۆنی مافی مرۆڤی ئوروپایی کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نییە. ئەوانەی دەیانەوێ زانیاری زیاتر وەر بگرن. سەیری بەشی موتاڵای ئاخری کتێب بکەن.

## ٥٢- چۆن مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی گرنگی دابەشدەکرێن؟

دەکرێ مافەکانی مرۆڤ بە ڕێگای جیاوازدا دابەش بکرێن. بەڵام قبوڵکردنی شکلی ئەو، دابەشکردنی مافەکانی مرۆڤە بە مافی مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی. ئەم شێوە دابەشکردنە لە لایحەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤیش بەکار هاتووە. هێندێ لە مافی مەدەنی و سیاسی بریتین لە: مافی ژیان، پارێزگاری مرۆڤ لە ئەشکەنجە دان، وەلانانی کاری زۆرە ملێ، مافی کەڵک وەرگرتن لە دادگای عادلانە، ئازادی بیر، ویژدان، دین یابیروباوەڕ، ئازادی لە ژیانی تایبەتی، ئازادی



دەربڕین و ئازادی بەشداری لە ئەنجومەنەکان، تێکۆشانی کۆمەڵایەتی. ئازادییەکانی سیاسی و مەدەنی، پێویستیان بە دەوڵەتێک هەیە کە دەست دەکاروباری گرۆ و کەسان وەرنەدا. بەڵام هەر لەوکاتەشدا هەر ئەم ئازادیانە، بۆ ئەنجام دانی هێندێ هەنگاو، هێندێ ئیجباری بە سەر دەوڵەت دا دەسەپێنن. بۆ نموونە دەکرێ لە بەرچاوگرتنی بودجە بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی قانوونی بۆ یارمەتی ماڵی بە هەژار و توێژی کەم داهات بۆ بەرگری لە مافی خۆیان لە دادگاکاندا لە کاتی توشبوونی تاوانی حقووقی، یا لە بەر چاوگرتنی تێچوونی دەوڵەتی بۆ دەستەبەریی دەستپێڕاگەیشتنی کەمایەتییەکانی نەتەوەیی بە ڕاگەیێنەرەکان، باس بکرێن

## مافەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی و کلتوری

بۆ باسی چەند نموونە لە مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری دەتوانێ ئاماژە بەو بابەتانە بکرێ: مافی کەڵک وەرگرتن لە خوراکی سەلامەت، کەڵک وەرگرتن لە ڕادەی ژیانی شایانی قبووڵ، کەڵک وەرگرتن لە داهاتی هاوسان لە بەرانبەر کاری هاوساندا، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کار، مافی مانگرتن، شوێنی لێ ژیان، خوێندن و مافی بەشداری لە تێکۆشانی کلتووری. مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی، جۆرە مافێکن کە دەوڵەتێکیان دەوێ کە کاتێ تاکەکان بە دەلیلی وەک بێکاری یاکەم ئەندامی دەستیان

وەمافی خۆیان ڕاناگات، بۆ دابینکردنی ئەو مافە هەنگاو بنێ و هەوڵ بدات.

## ئازادی لە بەندی فەرق و جیاوازی دانان

ئەسڵێکی گرنگ کە لەبارەی تەواوی جۆری ئەو مافانە وەراست دەگەڕێ، ئەوەیە کە کاتی بەخشینی وان بە خەڵک، هیچ جۆرە فەرق و جیاوازی، لەوانە جیاوازی لە جنسیەت، ڕەگەز، ئایین یا بیرو باوەڕ لە ئارادا نەبێ.

## ٥٣– داخوا هێندێ لە مافەکان لە هێندێکیان گرنگترن؟

باشترین وەڵام بە پرسیاری سەرەوە ئەوەیە کە تەواوی لایەنەکانی مافەکانی مرۆڤ کە جیهان لە سەریان ڕێککەوتووە، پێکەوە لە پێوەندی دان و یەکتر بەهێز دەکەن. لە هێندێ کۆمەڵگادا، بەستراوەتەوە بە ڕادەی پەرەگرتوویی ئەو مافانە، هاوولاتیان کەڵک وەرگرتن لە هێندێ ماف بە تەواوی بە پێویست دەزانن و لە بنەڕەتەوە بە شایانی باسی نازانن. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای دەوڵەمەندتر ئەو مافانەی کە ئاشکران و بۆ بیر لێکردنەوە نابن، بریتین لە : مافی کەڵک وەرگرتن لە ڕادەی ماقووڵ و گونجاو ژیان و کەڵک وەرگرتن لە خواردنی پێویست، لیباس، شوێنی لێ ژیان و خوێندن. بەڵام لە ڕوانگەی خەڵکی



کۆمەڵگای فەقیرتر، دەست گەیشتن بەو مافانە لە پلەی هەوەڵی گرنگی دانە، هەر چۆنێک بێ لە کۆمەڵە دێموکراتیەکاندا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش، ڕاست وەک مافە مەدەنی و سیاسییەکان – واتە مافی ژیان لە سایەی حکوومەتی قانووندا، هەبوونی پارێزگاری لە بەرانبەر گرتن و ڕاگرتنی لەخۆوە و کەڵک وەرگرتن لەئازادی دەربڕین و کۆبوونە– بە بنچینەیی دەزانرێن و دەبێتە ئەنجامدانی وان دەستەبەربکرێ. لە مافەکانی نێونەتەوەییدا برەوی ڕێزگرتن لە تەواوی مافەکانی ئینسانی هاوولاتیان بە بێ قایلبوونی جیاوازی لە بەینیاندا، لە ئەرکی دەوڵەتەکانە.

## ٥٤– داخوا مافەکانی مرۆڤ واتەیەکی جیهانین؟

بەڵێ، پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ نیاز و لێهاتویی هاوبەشی تەواوی خەڵک لە هەموو شوێنی جیهان دەگرنەوە. دیارە دنیا لە تێکەڵیی ناوچە و کلتووری جۆراوجۆر پێکهاتووە و بە وڵاتی دەوڵەمەند و فەقیر دابەشکراوە. هێندێ کەس بەڵگەیان ئەوەیە کە پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، کە مەسەلەی تاکیان کردۆتە سەر خەتی خۆیان، لە گەڵ ئەو کلتوورانە کە تاک لە کۆمەڵ بە جیا نازانن و لە پلەی هەوەڵدا لە سەر ئەرکی تاک سەبارەت بە کۆمەڵ پێدادەگرن، لە ناتەبایی دایە. ئەوە کە بیروڕای تازەی بەرگری لە مافی تاکی ئینسانان بۆتە هۆی

پێداچوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵ و ئەندامەکانی، مەتڵەبێکە لە هەموو شوێنێ مەسەلەی باسی بەردەوامە. دیارە دوور نیە کە ئەم بیرورِایانە بوونە هۆی پێداچوونەوە. بەڵام بۆ رووشاندنی یەکپارچەیی و یەکێتی ئینسانان لە ئەنجامی بە رەسمی ناسین و بەرگری لە مافەکانی تاک، بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی میللەتان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە رەسمی ناسینی نیازی تاکەکان بە پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ یەکتر، لە رێگای زمانی هاوبەش و نیازی هەستی هۆگری بە کلتوور و ئایین و داب و نەریتی ژیانی خۆیان و بەشداری لە گشتیان، هەوڵ دەدا. قانوونە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە پلەی هەوەڵدا مافی بنەڕەتی و هاوبەشی تەواوی تاکەکانی مرۆڤ بە رەسمی دەناسن و لە پەنا ئەو مافی گەشەکردنی تەواوی کلتوورەکان و لە وانە کلتووری ناوچەییش قبوڵ دەکات و پشتیوانیان لێدەکات.

## ماف و ئەرکەکان

بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ باسی ئەرکی تاکیش دەکا سەبارەت بە کۆمەڵگایان. لەوێدا ڕوون دەکرێتەوە کە پێگەیشتنی ئازادی کەسایەتی تاکەکان، تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ یەکتر بە ئەنجام دەگات. لە گەڵ ئەوە بوونی بیری مرۆڤ لە گەڵ بڕوا بە نرخی تاکی هەر یەک لەتاکەکانی مرۆڤایەتی دەست پێکراوە. (



سەیری پرسیاری٢ بکە)

## پێوانە باس نەکراوەکان

بوونی جیاوازی نێوان کلتووره جۆر بەجۆرەکان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هێندێ ڕەخنە لە پێوانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ وەک ئارمانی جیهانی و بەربڵاو. بەشێک لەو ڕەخنانە لە ناکۆکی بیرورِا سەر هەڵدەدەن کە داخوا دەبێ مافی تاک بە پلەی یەک بی یا ئەرکەکان. بەڵام ڕیشەی سەرەکیتری ئەم ڕەخنانە لە بوونی جیاوازی کلتوورەکانە و لە ئەنجامدا ناکۆکی بیرورِایە سەبارەت بە دانی پلەی یەکدانان بە تاک یا بە کۆمەڵ. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە بە سەرنجدانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی مافی مرۆڤ کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، دەتوانی بەبێ وەلانانی جیهانی بوونی ئەوان، شایەدی بوونی پارسەنگێک بی لە نێوان ئەولەویەتەکان لە کلتووره جیاوازەکاندا. ئەوەی کە زیاتر تەشەنە بەم ڕەخنانە دەدا، بوونی شایەدی حاشالێ نەکراوە بەو مانایە کە دەوڵەتە جیاوازەکان لە ڕادەی جیهانیدا بێلایەنانە لە گەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نابزوونەوە. هێشتا لە ڕاست مەحکومکردن یا نەکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکانە. بە واتەیەکی تر، زۆرینەی دەوڵەتەکان پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی موخالیفی خۆیان مەحکووم دەکەن و لە مەحکووم کردنی هاوگرانی خۆیان

لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ خۆ دەبوێرن. ئەگەر دەمانەوێ پشتیوانی جیهانی لە مافەکانی مرۆڤ وەدەست بێنین، پێویستە ڕێزگرتنی گەلانی جیهان لە مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە پشتیوانی لە پێوانە جیهانییەکان لە سەر نیزامێکی وەلامدەرەوەی نێونەتەوەیی دابڕێژین. نیزامێک کە بنەمای وی بۆچوونی هەڵنەبژێری و بێلایەن بێت لە کاتی دادوەری و سەبارەت بە پێشینەی دەوڵەتەکان.

## کۆنفرانسی ڤێنا

لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ کە مانگی یونی ١٩٩٣ لە شاری وییەن بەڕێوەچوو، لە سەر ئەم ڕێککەوتنە گرنگانە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی پێداگیراوە.

تەواوی مافەکانی مرۆڤ، جیهانی، پێکەوە بەستراو و پێوەندیدار بە یەکتر و لێک جیا نەکراوەن. کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە لە تەواوی جیهاندا، لەگەڵ مافی مرۆڤ هاوسان و دادپەروەرانە بجولێتەوەو لە هەموو شوێنێ بەیەک ئەندازە لە سەریان پێدابگرێ و لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان شوێنی هاوسان و وەک یەکیان بۆ قایل بێ. هەر لەو کاتەشدا دەبێ گرنگی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی جۆربەجۆری بە ستێنی مێژوویی، کلتووری و ئایینی لە بەر چاو بگرێ. ئەرکی



دەوڵەتان ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری و کلتووری، ماف وئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی پەرە پێبداو پشتیوانی لێبکات. (بەڵگەی کۆتایی، بەندی ٣)



## ٥٥– داخـوا دەربڕینی نیگـەرانی نێـونەتەوەیی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتێکدا قانوونییە؟

ئەسڵی دەست تێوەرنەدانی وڵاتەکان لە مەسەلە خۆجێییەکانی یەکتر، یەکێ لە ئەسڵە بنچینەییەکانی نەزمی نوێی١ جیهانیە کە لە بەیاننامەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا بە ڕوونی ڕاگەیەنراوە. بەڵام هەڵدانی جیهانیی بزووتنەوەی لایەنگری لە مافی مرۆڤ و فراژوی بەردەوامی پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەسڵی تازە کە ڕەفتاری دەوڵەتەکان لە گەڵ میللەتەکانی خۆیان بە دەر لە قەڵەمڕەو و کاری گشتی و جیهانی نازانێ و ئەم ڕەخنانەی لە لایەن دەوڵەتانی بێگانە یا ڕێکخراوەکانی غەیرە دەوڵەتی دەگیرێن وەک دەست تێوەردان لە کاروباری خۆجێیی ئەم وڵاتە حیساب ناکات. لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ پێی لەسەر دادەگیرێ کە :« بەرز بوونەوەی مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە ئەرکی ڕەوای کۆمەڵی نێو نەتەوەییە،» (بەڵگەی کۆتایی، پاراگرافی دووەم )

١- Modern International Order



## ٥٦– پەیوەندی لە نێوان دێمووکراسی و مافی مرۆڤدا چییە؟

لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە پەیوەندی نێوان چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی و (هەروەها پەرە گرتنیش) وەک  ئەو توخمانەی کە بۆ پتەو کردنی یەکتر پێویستن، یاد کراوە. بەواتایەکی تر دەکرێ بگوترێ کە ئێستا کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەم نەتیجەیە گەیشتووە کە باشترین ڕێگای وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ و حکوومەتی قانوون، نەک هەر لە وڵاتی پەرەگرتوو، بەڵکوو تەنانەت لە وڵاتانی خەریک بوژانەوەش بەستراوەتەوە بە ئوسوڵی دێموکراسی. پێشتر وادەگوترا کە لە کۆمەڵگا نا دێموکراتییەکانیشدا، بە تایبەت لەم وڵاتانە کە زێدەیی بە پەرەگرتنی ئابووری دەدەن، دەکرێ مافەکانی تاک دابین بکرێن و بپارێزرێن، بەڵام شایەدی زۆر بەدەستەوەن کە ئەم جۆرە نیزامانە زۆر زووتر لەوەی خەیاڵ بکرێ پەسندییان نامێنێ و دەبنە نیزامگەلێکی سەرکوتکەرو گەندەڵ ولەرزۆک.

## کەڵک وەرگرتن لەدەوڵەتی دێموکراتی وەک یەکێ لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ

بڕوا بە هەبوونی پێوەندی نێوان دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، فیکرێکی تازە نییە. لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤیش دا

له سەر پێویستیی بوونی دەوڵەتی دێموکراتی پێداگیراوە. لەوێ، ئەوە کە« بنەماو سەرچاوەی دەسەڵاتی حکوومەت، ئیرادەی خەڵکە»( مادەی ٢١) وەک یەکێ لە ئارمانەکانی مافەکانی مرۆڤ هاتۆتە گۆڕێ. پەیمانی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی داوا لە دەوڵەتەکان دەکا کە مافی تەواوی هاوولاتیان بۆ« بەشداری لە بەڕێوە بردنی کاروباری گشتی یا لە ڕێگای ئەو نوێنەرانەی کە ئازادانە هەڵدەبژێردرێن؛ دەنگدان و هەڵبژێران لە هەڵبژاردنەکانی دەورەیی، واقیعی و گشتی کە بە مافی دەنگی بەرانبەر و نهێنی بەڕێوە بچێ و دەربڕینی ئازادانەی ئیرادەی هەڵبژێراوەکان بگرێتەوە؛ و بە مافی بەرانبەر و بە گوێرەی هەل و مەرجی تەواو، گەیشتن بە شوغڵی گشتی وڵاتی خۆی» دەستەبەربکات(مادەی ٢٥)

## مافی پەرە گرتن

ڕاگەیاندنی ئاشکرای بوونی پەیوەندی بەرانبە لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتی دێموکراتی، پاش کۆتایی شەڕی سارد بەم لاوە، یەکێ لە گرنگترین پێشکەوتەکانی نێونەتەوەیی بووە. هەروەها مل ڕاکێشانی تەواوی وڵاتەکانی خەریک بوژانەوە بۆ ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ ومافی کەڵک وەرگرتن لە حکوومەتی دێموکراتی وەک ئامرازی بنەڕەتی دەستگەیشتن بەمافی پەرەگرتن، پێشکەوتنێکی تربووە کە لەم دەورەیەدا



قبووڵکراوە.،

## ٥٧– پەیوەندی لە نێوان دێموکراسی و مافە مەدەنی– سیاسییەکاندا چییە؟

دەستەبەریی مافە سیاسی مەدەنییەکانی یەک یەکی ئەندامانی کۆمەڵ لە سیستێمە دێموکراتیەکاندا، نەخشی دوو فلیقە ئەنجام دەدا. یەکەم ئەوەیە هەبوونی ئەو مافانە بۆ پاراستنی دوو ئەسڵی بنەڕەتی دێموکراسی. واتە چاوەدێری خەڵک بەسەر دەوڵەتدا و بەرانبەریی سیاسی، لە سیستێمی بڕیاردانی بەکۆمەڵدا پێویستە. دووەم ئەوە ئەم ماف و ئازادیانە، سنووری ئازادی تاکیش کە لەدەرەوەی مەیدانی بڕیاردانی زۆرینەیە دیاری دەکات و بەم چەشنە تەنگەبەرییەک بۆهەنگاوی کۆیی پێک دێنێ. ئەم نەخشە دوو فلیقەییە بە لێکۆڵینەوەیەکی سەر پێیی مافەکانی سیاسی و مەدەنی کە پەیوەندی تۆکمەیان بە نیزامی دێموکراسییەوە هەیە، ڕوونتر دەکەینەوە.

## ئازادی و ئەمنیەتی تاکی

خەڵک بە بێ کەڵک وەرگرتن لە پارێزگاری لە بەرانبەر گرتن و حەبس ودوور خستنەوەی لە خۆوە ناتوانن لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا بەشداری بکەن. ئەم خاڵە مەنتقییە لە پاراستنی قانوونی نوێنەرانی پارلمانیشدا ڕوونکراوەتەوە. بەڵام ڕێز گرتن لە

مافی ئازادی تاک دەبێ لە ئاست تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ پەرەبستێنێ. کۆمەڵی دێموکراتی تەنانەت لە مافی ئازادی و پارێزگاری تاکیش بەرگری دەکات کە ویستی ئەوان موخالیفی ویستەکانی زۆرینەش بێت.

## هەنگاوی پێویست

مەتڵەبی وەک یەکیش دەکرێ لە بارەی نیازی بە پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵ لە بوختانی بێجێ، ڕەفتاری خەراب، ئەشکنجە و دادگایی دادپەروەرانە باس بکرێ. ڕاونانی موخالیفانی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا کە فیکری دێموکراسیان قبوڵ نەکردووە بە تەواوی برەوی هەیە. کۆمەڵی دێموکراتی پێویستی بە بوونی دەستەیەکی دادوەری سەر بەخۆ و ئیدارەیەکی دادرەسی سزادان لە سەر بناخەی حکوومەتی قانوون و دوور لە هەموو جۆرە نفوزێکی سیاسی یا بیر وباوەڕی و فریوکارییە.

## ئازادی بیروڕا

لە کۆمەڵگای دێموکراتیدا هەموو تاکێک ئازادە کە چۆنی خۆی دەیەوێ بیر بکاتەوە و بیروڕاو ڕێبازی گشتی ژیانی خۆی هەبێ. کۆمەڵی دێموکراتی هەروەها ئازادی پابەندی بە مەزهەب یا بیروڕایەکی تایبەت و ئاشکراکردن و کار پێکردن دەدا بە تاک بەو مەرجە زیان بە مافی ئیدیکە نەگەیێنێ. ئازادی بیروڕا بێ



ئەوە کە نێوەرۆکی ئاینی هەبێ یا غەیرە ئاینی، دەبێ وەک یەکێ لە مافەکانی تاک، هەمیشە لە بەرانبەر بیروباوەڕی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵدا بپارێزرێ. بە تایبەت کەمایەتییە ئاینییەکان و بیروباوەڕی جۆراوجۆر دەبێ لە هەمان دەستەبەری کە زۆرینە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئازادی هەیانە، بەهرە وەر گرن.

## ئازادی ڕادەربڕین و دەنگبەرەکان

جەوهەری دێموکراسی ئەوجۆرەی ئێمە باسمان کردووە، ئەوەیە کە هەموو هاووڵاتییەک مافی ئاشکرا کردنی بۆچوونی خۆی هەیە و مافی ئەوەشی هەیە بیروڕای خۆی وەک خەڵکی تربە گوێی خەڵک بگەیێنێ. ئێستا کە هەموو هاو وڵاتیەک دەبێ ڕێگای هەبێ بیر و ڕای خۆی بۆ خەڵکیتر نەقڵ بکات، کەوابوو دەکرێ بگوترێ ئازادی ڕا دەربڕین یەکێ لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە. لە پێوانەکانی جیهانیدا لە بارەی ئازادی وتە دەربڕین نەک هەر لە سەر مافی دەربڕینی بیروباوەڕ پێداگیراوە، بەڵکوو مافی لێگەڕان ودەست پێڕاگەیشتنیش بە هەموو جۆرە زانیارییەکان و فیکرەکان لە ڕێگای تەواوی دەنگبەرەکان بێ لەبەرچاوگرتنی سنووردانان پێی لەسەر داگیراوە. لە کۆمەڵگایانی ئیمڕۆدا، ئەم مەتڵەبە بەو مانایەیە کە دەنگبەرە گشتییەکان دەبێ سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن ولە چوار چێوەی قانوونی دیاریکراو بۆ پاراستنی ئابڕو و ئاسایشی تاکەکان گەڵاڵە کراوە، بۆئاگاداری بەشێ لە



خ



خـەڵک و ڕەخنە لـە دەوڵەت و پاڵپـێـوەنانی بیـروڕای گـشـتی بە شێوەی قورس کردنی سیاسـەتەکانی ئەو هەنگاو باوێژن.(بڕوانە پرسیاری ٦)

## ئازادی دەستگەیشتن بە زانیارییەکان

ئەسڵـی ئازادی دەست گەیشتن بـە زانیـارییـەکان ، خـاسـیـەتی کراوەیی بوونی دەوڵەت لە کۆمەڵێکی دیموکراتیدا، بە هێز دەکات. ئازادی دەست گەیشتن بە زانیارییەکان بەو مـانایەیە کە زانـیاری وبەڵگەکانی دەوڵەتی،جگە لە بابەتی تایبەت وریزپەڕ، بکەونە بەر دەستی خەڵک و وەک بەڵگە نهێنیەکان چینبەندی نەکرێن.

## ئازادی کۆبوونەوەکان

بەبێ دەستـەبەری ئازادی خـەڵک بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەکـان و گۆڕینەوەی بیروڕا لە بارەی مەسـەلە کۆمـەڵایەتییەکان، پێکهێنانی یەکێتییـەکانی پیشـەیی و ئەنجومەنـەکانی لەو دەسـتـە، سـەپاندنی ویست و بەرژەوەندی خـۆیان بە دەوڵـەت، و پێکـهـێنانی حـیـزبی سیاسـی یا بەشداری لـەوان، کۆمـەڵگای دیموکراتی ناتوانن وەک پێـویست نـەخـشی خـۆیان ئەنجـام بدەن. ئەم ئازادیانە مـافی بەڕێوەبردنی کـۆمـەڵ و ڕێپـێـوان و ویسـتی پێـڕاگـەیشـتن بە نارەزایەتەکانیش دەگرێتەوە.

## ٥٨– داخوا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پێوەندییان بە دێموکراسییەوە هەیە؟

لە هەرەمی دێموکراسیدا کە لە پرسیاری ١٥شکڵی کێشراوە،مافە بنچینەییەکان کە کار و خانوو و خواردن و داهاتی تەواو وخوێندن و پێداویستی تری مرۆڤ دەگرنەوە، بناخەی کۆمەڵی مەدەنی پێک دێنن. لە کۆمەڵگایەکدا کە فەقیر و برسیەتی برەوی هەیە، بە شێوەی ناتەواو نەبێ ناتوانن دەستیان بە دێموکراسی ڕابگات. پێکهاتنی نیازە سەرەتاییەکانی ئینسان بۆ درێژە پێدانی ژیان مەرجی پێویستی دەست گەیشتنە بە کۆمەڵگای بەڕاستی دێموکراسی. بە گوێرەی ئەسڵی دێموکراسی هەموو دەنگدەر و یا هاووڵاتییەک دەبێ لە مافی بەرانبەری دەربڕینی بیرورا کەڵک وەربگرێ. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا بۆ کەڵک وەرگرتن لە نیعمەتی ژیان، بۆ نموونە لە خوێندندا کەلێنی قووڵ هەبێ، لێهاتوویی ئەو کۆمەڵگایە بۆ دەست گەیشتن بە دێموکراسیش کەمتر دەبێ. هەر لەو کاتەشدا دەبێ بیری خەینەوە کە دێموکراسی وەک کاری گشتی، ئامرازێکە بە کەڵک وەرگرتن لەو دەتوانێ ئەو نابەرانبەریان بناسی و کەمیان کەیەوە.

## پەرەگرتن ومافەکانی مرۆڤ

مەتڵەبەکانی سەرەوە لە بارەی پەرەگرتنیشدا ڕاستن. تەنیا کاتێ دەتوانی لە درێژ خایەندا پەرەگرتن بپارێزی کە



سیاسەتمەدارەکان لە ئاست بەرنامەکانی وی، وەڵامی خەڵک بدەنەوە و ئەم بەرنامانە لە چوار چێوەی ڕێزگرتن لە تەواوی مافەکانی مرۆڤ و حکوومەتی قانوون داڕێژرابن، (بڕوانە پرسیاری ٦٦)

## ٥٩– داخوا حکوومەتێکی دێموکرات دەتوانێ لە هەل ومەرجێکدا هێندێ ماف بە شێوەی قانوونی تەنگە بەر بکات؟

لە سەر بنەمای پێوانە نێونەتەوەییەکان دەتوانێ کەڵک وەرگرتن لە هێندێ ماف سەبارەت بە هێندێ مەسڵەحەت لەوانە پاراستنی مافی کەسانی دی، نەزمی گشتی، ئەخلاقی کۆمەڵگاو ئەمنیەتی میللی، تەنگە بەر بکات. بەڵام هێندێکی تر لە مافەکان هەن کە ناتوانین تەنگە بەریان بکەین و یا تاک لەوانە بێبەش بکەین. دەستەبەری بنچینەیی کە دەبێ بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەبێت؛ وەک پارێزگاری لە ئەشکەنجە، نەهێشتنی فەرق و جیاوازی و پارێزگاری لە ئازادی بیرورا، ئەوانە مافێکن کە هەرگیز لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیدا، ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ.

## حوکمی تەنگەبەر کردنی مافەکان

ئەو حوکمانە کە بە گوێرەی ئەوان دەتوانی هێندێ ماف تەنگەبەر بکەی یاسەنگ وسووکیان لەگەڵ بکەی، لە مافەکانی

نێونەتەوەییدا دیاری کراون. ئەم حوکمانە بریتین لە: دیاریکردنی بابەت وچەشنی تەنگەبەر کردنی مافەکان لە قانووندا؛ ڕەوابوونی ئامانج، بەو مانایە کە ئەم ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدرێ لە گەڵ پێوانەکانی نێونەتەوەیی هاودەنگی هەبێ؛ وپێویستی ئەنجامدانی کارێکی وا، لە سەر بنچینەی ئوسوڵی حاکم لە سەر کۆمەڵگا دێموکراتیەکاندا، بە ئیسبات گەیشتبێ. تەواوی ئەمانە بەومانایەن کە دەوڵەت دەبێ بتوانێ بیسەلمێنێ کە هەنگاوەکانی بۆ تەنگەبەرکردنی هێندێ ئازادی و مافەکان، ماقووڵ وموناسبن و لە ئەنجامی کردەوەی هەڵەشەیی خۆی بواردووە.

## هەل و مەرجی ئاوارجە

نەتیجە ئەوەیە کە، هیچ کاتێ سەرکوتکردنی حیزبێکی سیاسی ناکرێ بە ڕەوا بزانرێ مەگەر لە بەستێنێکی تایبەتی و تەواو ئاشکرادا. ئەوەش کاتێکە کە ڕێکخراوەیەک دەستی دابێتە کارێکی نا قانوونی و توندوتیژی. هەر بەم چەشنە سانسۆری چاپەمەنیش لە سەر بنچینەی پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ تەنیا لە هەل و مەرجێکی تەواو و نائاسایی ڕێگای پێدەدرێ.

هەل ومەرجێکی ئەوتۆ کاتێ دێتە پێش کە بڵاوکراوەیەک بخوازێ زانیارێکی فرە ناسک چاپ بکا. لەم حاڵەتەدا دەبێ لە دادگا سابیت بێت کە چاپکردنی زانیارێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی مەترسی ژیانی خەڵک یا دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئاسایشی وڵات



## ٦٠– داخوا لە هەل و مەرجی زەروریدا دەکرێ مافەکانی مرۆڤ ڕابگیرێن؟

بە گوێرەی پێوانە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، هەڵپەساردنی کاتی هێندێ مافی سیاسی و مەدەنی لە هەل و مەرجێکدا کە پێویستیی گشتی بخوازێ و «هەڕەشە بێ بۆ ژیانی نەتەوە» بە ڕەوا ناسراوە. بەڵام دەبێ بوونی ئەم هەل و مەرجە بە ڕەسمی ڕابگەیەنرێت. بیانوێکی کە بە گشتی دەوڵەتەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیختیاراتی نائاسایی پەنای بۆ دەبەن، بوونی کێشەی توندوتیژی قەومی و سیاسی خۆجێیی وڵاتە. لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا، دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ گرتن و لێکۆڵینەوە دەدرێ بە پۆلیس و حەبسی بێدادگایی وەبرەو دەکەوێ.

## مافەکانی کەتەنگە بەری قبووڵ ناکەن

کۆمەڵگا دێموکراتییەکان بە نابەدڵی پەنا بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی نائاسایی خۆیان دەبەن و ئەسڵی کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی تایبەتی لە کەمترین ڕادەی خۆ ولە کورتترین ماوەی گونجاو و بەوپەڕی ئاگاداری بۆ پێشگری لە کەڵک وەرگرتنی خەراب، بەکار دێنن. بەمحاڵە هێندێ مافیش هەن کە تەنانەت لە هەل ومەرجی تایبەتیش ناکرێ لە بەرچاو گرتنی ئەوان بخرێتە پشت گوێ یا تەنگەبەر بکرێ. لەو مافانە وەک مافی ژیان، ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان و پارێزگاری لەبەکار هێنانی



یٔ



ئەشکەنجە. ئەم مافانە بە مافی تەنگەبەر قبووڵ نەکەر دەناسرێن و هەر بۆیە بە مافەکانی ئازادییەکانی ڕەها- موتڵەق -حیساب دەکرێن.

## ٦١- داخوا حکوومەتێکی دێموکراتی دەتوانێ بە شێوەی قانوونی کەسێک لە مافی هاووڵاتی بێبەش بکات؟

وەڵام ئەوەیە کە لە ئەسڵدا دەوڵەتەکان مافی ئەوەیان هەیە کەچ کەسێک دەتوانێ وەک ئەندامی کۆمەڵگا قبوڵ بکرێ و چۆن مافی هاو وڵاتی وەر بگرێ. بەڵام کاتی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوایانە نابێ فەرق و جیاوازی دابنرێ. بۆ نموونە گرتنە بەری سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی کاتی وەرگرتنی بێگانان کارێکی دزێوە. هەر وەها دەوڵەتەکان دەبێ لە بارەی وەرگرتنی پەنابەران ڕێک کەوتنەکانی نێو نەتەوەیی لە بارەی قبووڵکردنی بێگانان، کە خۆشیان پەسندیان کردووە، بەڕێوەبەرن.

## مافی دانیشتوانی بێگانە

هەرچەند کۆمەڵگا دێموکراتیەکان دەیانەوێ مافی بەشدار بوونی سیاسی، لەوانە مافی دەنگدان بە گوێرەی ماوەی دانیشتنیان لە وڵات، بدەن بە بێگانان( سەیری پرسی ٢١بکەن.) بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەوڵەتەکان دەتوانن کە مافی سیاسیان

لێ بستێننەوە. بەڵام جیایی لە مافی سیاسی کە پێویستی بە بوونی تەبەعیەتە، دەوڵەتەکان ناچارن ئازادییەکان و مافی بنچینەیی تری ئەو دەستەیە لە دانیشتوانی بێگانە کە بە شێوەی قانوونی لە وڵات دا نیشتەجێن، بەبێ فەرق و جیاوازی دەستەبەر بکەن.

## ٦٢- داخوا کەمایەتییەکان هیچ مافێکیان لە دێموکراسیدا هەیە؟

لە پێوانە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەرکردنی تایبەت بۆ کەمایەتییەکان وەک: ئایینی، کلتووری، نەتەوەیی، قەومی و زمانی لەبەر چاو گیراوە. ئەم کەمایەتییانە نەک هەر مافی بە ڕەسمی ناسینی بوونی خۆیان هەیە، بەڵکو مافی ئەوەشیان هەیە کە دەوڵەت وا لێبکەن تا لە ناسنامەی تایبەتی ئەوان بەرگری بکات و هەل و مەرجێک پێک بێنێ کە ئەوان بتوانن ئەو ناسنامەیە بە ئیدیکەش بناسێنن. ئەوکەسانەی سەر بە کەمایەتییەکانن دەبێ لە تەواوی مافە دێموکراتییەکان کەڵک وەرگرن. مافەکانی وەک کەڵک وەرگرتن لە مافی هاوسان بۆ بەشداری لە مەسەلەکانی وڵات و هەروەها مافی بەشداری لەو بڕیارانەی کە کار دەکەنە سەرکۆمەڵگا و یا ناوچەیەکی ئەوان تێیدا دەژین، مافی مسۆگەری کەمایەتییانە.



## بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوەکان سەبارەت بە کەمایەتییەکان

ئەم ئەسڵانە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ لە بارەی مافی تاکەکانی کە سەر بە کەمایەتیەکانی نەتەوەیی، قەومی، ئایینی و زمانی بن، ڕوونکراوەتەوە و لە دیسامبری ساڵی ١٩٩٢ لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان دا پەسند کراون. ئەگەر نەبێژین هەموو وڵاتەکان،لانی کەم دەتوانین بێژین زۆرینەی ئەوان، خاوەنی کەمایەتین و هەڵوێستی لەبار بە مافی کەمایەتییەکان پێوانەیەکە بۆ دێموکراتی بوونی کۆمەڵگاکان. پیادەکردنی ئەسڵەکانی بەیاننامەی تازەی ڕێکخراوی نەتەوەکان، دەبێ ئامانجێکی گرنگ و ڕوون بێ بۆ تەواوی وڵاتەکان.

## ٦٣- چۆن دەکرێ بە کردەوە لە مافی مرۆڤ بەرگری بکرێت؟

کۆمەڵگا دێموکراتییەکان بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ ڕەوشتی جیاوازیان هەیە. بەڵام پێوانە نێونەتەوەییەکانیش لەم بەستێنەدا ڕێنوێنی خۆیان هەیە. لەوانە : لە کاتی دیتنی پێشێلکردنی ئەو مافانە لە بارەی هەر تاکێکی کۆمەڵ، ئەو تاکە مافی قەرەبۆکردنەوەی هەیە. تاکەکان دەبێ لە چوار چێوەی پەیمانە نێونەتەوەییەکاندا کە لە بارەی مافی مرۆڤ بەستراون ودەوڵەتەکانیش پشت ئەستوریان کردوون، مافی خۆیان وەدەست

بێن. دەتوانین بێژین کە ژمارەی ئەو دەوڵەتانە زۆر کەمن کە لە قانوونی ئەساسی ئەواندا، شان بە شانی ڕەوەندی نیزامی دێموکراسی لەسەر پەیمانی مافی مرۆڤیش ڕوونکرابنەوە و وئەو مافانەش دەستەبەر کرابن. ئەوە دادگاکانن کە لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری لە مافی تاکەکان دان وەک لە« پەیمانی ماف»دا تاریف کراوە. تاکەکان دەبێ بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان بە هاسانی دەستیان وە داداگا ڕابگات و ئەگەر پێویست بێت لە یارمەتی دادوەریش کەڵک وەربگرن. بریارو کارکردەکانی دادگاش، کە لە کاتی ڕوونکردنی قانوونی ئەساسی،، هەڵوەشانەوەی قانوونەکان و دانی تۆڵەش بەشێک لەوییە، بەدەستی دەوڵەت ئەنجام دەدرێ. بەڵام پێویستیی پارێزگاری لە مافەکان، بریتییە لەهاویشتنی هێندێ هەنگاوی لەباری دیکەی وەک دانانی هێندێ قانوون بۆ دەستەبەر کردنی مافە سەرەتاییەکانی توێژەکانی داماوی وەک منداڵان، بێبەشان و کەم ئەندامان وپێشگری لە شکڵی جۆر بە جۆری فەرق و جیاوازیدانان.

## بنیاتگەلی دیفاع لە مافەکان

لە سیستێمە دێموکراتییەکاندا، خەڵک زۆر جار بۆ وەر گرتنی یارمەتی و پاراستنی داد و مافی خۆیان پەنا بۆ نوێنەرە هەڵبژێراوەکانیان دەبەن. دەنگبەرەکانیش وەک پارێزەرانی مافی خەڵک لەم بەستێنەدا گرنگی سەرەکیان هەیە. بە کردەوە بنیاتی



جۆر بە جۆر بۆ بەرگری لە مافەکانی خەڵک ساز کراون. بۆ نموونە دەکرێ بە  ئامبودزمەن یا مەقامی سەربەخۆی کە ئەرکی وی چاوەدێرییە بە سەر کارکردی ئیجرایی دەوڵەتدا، ئاماژە بکرێ. بەڵام جگە لە هەمووی ئەوانە، باشترین هۆکار بۆ بەرگری لە دێموکراسی، بڕوابوونە بە ئوسوڵ و ئامانجەکانی ئەو، لە بەر ئەوە فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە تەواوی بەستێنەکاندا پێویستە، بەرنامەکانی فێر کردن نابێ بە مەدرەسەو زانستگاکان سنووردار بکرێ، بەڵکو پێویستە بگاتە کاربەدەستان و لەوانە بنیاتەکانی پۆلیس و ئەرتەشیش.

# ٥- كۆمەڵگای دێموكراتی ومەدەنی

## ٦٤- كۆمەڵگای مەدەنی چییە؟

بیری كۆمەڵی مەدەنی وەک بەشێكی جیانەكراوە لە دێموكراسی، زیاتر لە ئەنجامی ئەزموونی خەڵک لە دیكتاتۆرەكانی فاشیستی و كۆمونیستی سەدەی بیستەم هاتۆتە گۆڕێ. ئەم ڕێژیمانە هەرتكیان دەیانویست بەسەر تەواوی بنیاتە كۆمەڵایەتییەكاندا چاوەدێری بكەن وئەوان بخەنە ژێر دەسەڵات و نفوزی دەوڵەتەوە. چەمكی كۆمەڵی مەدەنی دەكرێ لە دوو لایەنەوە شی بكرێتەوە: یەكیان لایەنی نێگاتف، بەو مانایە كەدەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ سنووورداربێت بە چەشنێ نەتوانێ تەواوی تێكۆشانەكانی كۆمەڵایەتی كۆنترۆل بكات و نفووز بكاتە تەواوی بەشەكانی ژیانی خەڵک و هەموو هێزەكانی لێهاتوو و كاربڕ بۆ لای خۆی ڕابكێشێ. لایەنی دیكەی پۆزیتیف ، بەومانایە كە لە كۆمەڵگادا دەبێ ناوەند و بنكەی سەربەخۆ هەبن كە خەڵک بتوانن



بۆ چاری گیروگرفتی خۆیان لە چوار چێوەی ئەواندا دەست بە تێكۆشانی گرۆیی بكەن، و وەک كەناڵێكیش بۆ ڕاگەیاندنی بیروڕای گشتی و گوشار بۆ سەر دەوڵەت كار بكات و هەر وەها حەسارێكیش بێ لە بەرانبەر ئەو زوڵم و زۆرییەی كە لە خەڵک دەكرێ.

## توخمەكانی كۆمەڵی مەدەنی

هێندێ لە توخمەكانی كۆمەڵی مەدەنی بریتین لە: ئابووری بازاڕ( سەیری پرسیاری ٩بكە)[١] ڕاگەیێنەرە گشتییەكانی سەربەخۆ ( پرسیاری ٦)؛ هەبوونی پسپۆری سەربەخۆ لە دەوڵەت لە تەواوی بەستێنەكانی سیاسەت داناندا؛ وگرنگتر لە هەمووان هەبوونی ڕایەڵكەی سلامەت و چالاكی كۆڕو كۆمەڵی هەڵقولیو لە تەواوی بەستێنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیدا، تا خەڵک لە ڕێگای وانەوە بتوانن كاروباری خۆیان ڕێک و پێک بكەن. ئەم كۆڕو كۆمەڵانە لە هەر چەشنێک بن، یەكێتی كرێكاری، یانەی پسپۆران، ئەنجومەنی ژنان، ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و پەرەگرتن، گرۆی یارمەتی بەخۆ[٢] ئەنجومەنی ئاینی و ڕێكخراوی جۆر بەجۆری جەماوەری، هێندێ جار لە كات و شوێنی

١- لە پرسیاری ٩ دا نووسەرانی كتێب خاڵی لاواز و قەوی ئابووری بازاریان باس كردووە، بەڵام بە ڕوونی پێویستیی ئەویان وەک یەكێ لە رەگەزی سەرەكی كۆمەڵی مەدەنی ئاماژە بۆ نەكردووە.

٢- Self-help groups

جیاوازدا، بۆ توکمەی دێموکراسی و بەرگری لەو، گرنگی تایبەتییان دەبێ. لە کەش و هەوایەکدا کە ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوانی تێدایە، کاتێ کە خەڵک بۆ ڕێکخستنی کاروبار و پتەو کردن وبەرگری لە بەرژەوەندی خۆیان، ئاگاداری پێویستی تێکۆشانی بە کۆمەڵ دەبن، ئەم جۆرە کۆڕو کۆمەڵانەش بە شێوەی هەڵقوڵیو سەر هەڵدەدەن و پێدەگەن. دیارە هێندێ جاریش هۆی پێکهاتنی ئەم کۆڕو کۆمەڵانە ئاگایی خەڵکە لە نەخشی کاریگەری خۆی لە سیاسەتدانانی دەوڵەتدا.

## ٦٥- داخواکۆڕو کۆمەڵەکانی مەدەنی دەتوانن نادێموکراتی بن؟

ئەم واقعیەتە کە کۆڕو کۆمەڵ وبنیاتگەلی کۆمەڵگای مەدەنی، سەربەخۆ و لە باری ماڵی بە خۆیان پشت ئەستوورن، بەو مانایەیە کە دەتوانن کار بکەنە سەر هێندێ لایەنی سیاسەتدانانی دەوڵەت و تەنانەت لە هێندێ بەستیندا توانای پووچکردنەوەی ئەوانیشیان هەیە. ڕوونکردنەوەی ئەوی کە کوێی ئەم کارە نادێموکراتییە، کەمێک دژوارە. زۆربەی ئەم دەوڵەتانەی کە بە شکڵی دێموکراتی هەڵدەبژێردرێن لە گەڵ گرۆی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو، ڕاوێژ وسازش دەکەن، وئەوە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بنەڕەتی دەوڵەتێکە کە خەڵک هێناویانەتە سەر کار. بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە هێندێ لە گرۆگەلی فشار سەبارەت



بە هەبوونی ڕێکخراوی بە هێزتر وسامان و پێوەندی بەرینتر. لە سەر هێندێ گرۆگەلی دیکەی فشار کارکردی زۆرتریان هەیە. ئەگەر ڕیشەی ئەم تەئسیر دانانە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانی و ئەندامەتی کۆمەڵانی خەڵک بێ، دەکرێ ئەوی بە فرە دێموکراتی دابنێین. بەڵام ئەگەر ئەم تەئسیر دانانە ڕیشەی لە کۆکردنەوەی سامان یا دەسەڵات دابێ لە دەست ژمارەیەکی کەمدا، ئەو دەم ناتوانی ئەم بارودۆخە بە دێموکراتی بزانرێ.

جگە لەوە ئەو کۆڕوکۆمەڵانەی کە شێوەی ڕێکخستنیان دێموکراتییکە و ڕێبەرەکانیان نوێنەرانی واقیعی ئەندامەکانن، دەبێ لەو کۆڕوکۆمەڵانەی کە وانین، بە جیدیتر دابنرێن. لە ئاخردا، لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دا بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرانی کەسانێکن لە بەر بێتوانایی بەدەنی، ئابووری یا کۆمەڵایەتی ناتوانن دەنگی خۆیان بگەیێننە گوێچکەی سیاسەتدانەران، جێگای تایبەتی ڕاوێژیی لە بەر چاوبگیرێ و بەم چەشنە پێشی ئەوە بگیرێت کە دەسەڵاتیان لێ بستێندرێت.

## ٦٦- داخوا لە بنیاتەکانی ئابووریدادەبێ دێموکراسی حاکم بێ؟

زۆر لە دێموکراتەکان لەم بڕوایەدان کە شوێنی کاری خەڵک گرنگتری هۆکاری دیاریکردنی چۆنیەتی ژیانی ئەوانەو بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەنگ پێگەیاندنی کۆمەڵگای بەڕاستی

دێموکراتیەوەن. دێموکراتیکردنی شوێنی کار دەبێ ئەولەویەتێکی زۆر گرنگی بۆ دابنرێت. ئەم وتەیە.لانی کەم بەمانای لابردنی کۆسپێکە کەکارفەرماگەل دەیخەنە سەر ڕێگای کۆبوونەوەی کرێکاران لە یەکێتییەکانی کرێکاریدا، تا کرێکار بۆ بردنە سەری پلەی ژیان و باشکردنی بارو دۆخی کار تێکۆشانی بە کۆمەڵ بکەن. بەڵام جگە لەم خاڵەیە ئامانجی گرنگترینیش لەم وتەیەدا شاراوەتەوە کە یەکێ لەوانە دانانی بەرنامەی بەشداری لە بڕیاردان و دابەشبوونی قازانجە کە بەڵێن و بەرپرس دەخاتە سەر ئەستۆی تەواوی کارگێڕان لە بەرانبەر سەرکەوتنی ڕێکخراودا. لەوانەیە هێندێ کەس لایان وابێ کە بەرنامەگەلی ئەوتۆ وەدەرنانی کرێکاران بۆ کارفەرمایان فرە گران دەکات و بەم چەشنە نەزمی کار لە دەست کارفەرمایان دێنێتەدەر؛ بەڵام شایەدی زۆر هەن کە نیشانی دەدا لە ئابووری مۆدێرن، ئەم شیرکەتانە سەر کەوتووترن کە توانایی ئەوەیان هەیە هەمووی کارمەندانی خۆی و کەڵک وەرگرتن لە هێزەکانی داهێنەری ئەوان تەشویق بکا؛ ئەم کارەش پێک نایە مەگەر بە قبوولکردنی ئەوان وەک( هاو وڵاتی» نەک وەک( ڕەعیەت). بە واتایەکی ترئەشێ بگوترێ کاربڕی و دێموکراسی لە گەڵ یەکتر ناتەباییان نییە، هەر چەند دێموکراتیسازی شوێنی کار دەبێتە هۆی پێکهێنانی گوشار بۆ گۆڕینی تەفاوەتی زۆر کە لە نێوان مافەکان و هەل و مەرجی کاری مودێران و کرێکاراندا هەیە.



## وەڵامدانەوەی ناوەندە ئابوورییەکان

لە کۆمەڵگا دێموکراتییەکاندا، ناوەندە ئابوورییەکان بە تایبەت سەبارەت بەو کارکردانەی کە دەیخەنە سەر دەور و بەری خۆیان، لە بەرانبەر کۆمەڵدا بەرپرس و وەڵامدەرەوەن. هەر وەک کە هاو وڵاتیان بەو دەلیلە کە لە ئەنجامی تێکۆشانی ناوەندە دەوڵەتییەکاندا بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، تۆڵە وەرگرنەوە، شیرکەتە تایبەتیەکانیش، لە کاتی ئیسباتبوونی مەترسی بۆ سەلامەتی یا ئاسایشی هاووڵاتیان، دەبێ بۆیان ببژێرن. لە بەر ئەوە ناوەندی تایبەتی ئابووری ئەرکی سەرشانیانە کە لە چوار چێوەی قەراردادەکانی قانوونی بۆ پاراستنی ژینگە دەست بەتێکۆشان بکەن.

## ٦٧- داخوا دێموکراسی پێویستی بە خاوەنداریەتی تایبەتی هەیە؟

جگە لە بەڵگەکانی ئابووری لە بارەی پێویستیی بوونی خاوەندارییەتی تایبەتی بۆ بناخە داڕشتنی ئابووری بازاڕ، لە ڕوانگەی سیاسیشەوە بەڵگەی بەهێز سەبارەت بە گرنگی ئەو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و پاراستنی تێکۆشانی سیاسی لە دەست تێوەردانی دەوڵەت هەیە. کە وابوو دەکرێ خاوەندارییەتی تایبەتی بە توخمێکی سەرەکی لە کۆمەڵگای مەدەنی و پاراستنی ئازادییەکانی سیاسی بزانی.

## تەنگە بەریەکانی خاوەندارییەتی تایبەتی

دیارە نابێ وابزانین کە هەموو دەست تێوەردانی دەوڵەت لە خاوەندارییەتی تایبەت دا ، هەڕەشەیەکە بۆ ئازادیەکانی تاکی و دەبێ بەربەرەکانی بکرێ. خاوەندارییەتی تایبەتی ، خۆی لە سە بناخەی فیکری تەنگەبەر کردنی ئازادیەکانی تاکی ڕاوەستاوە و ئەم فیکرەش، لە کۆمەڵگادا هەیە و قبوڵ کراوە. کەڵک وەرگرتنی تایبەتی لە هەر سەروەت و سامانێک بەو مانایەیە کە ئازادی خەڵکی تر بۆ دەست گەیشتن بەو تەنگەبەر دەکات. لە بەر ئەوە هەل و مەرجێکی کە لەوێدا ئازادی نەفی دەکرێ، دەبێ بە وردی تاریف بکرێ و لە گەڵ گۆڕانی هەل و مەرج، ئەو تاریفانەش بە گوێرەی قانوون گۆڕانیان بەسەر دابێت. بە کورتی کۆنترۆڵی چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە خاوەندارییەتی، مافی ڕەوای قانوونیە و نموونەی دابەشکردنی ویش یەک لەو مەسەلانەیە کە سیاسەتکارانە دەبێ خەریکی بن. کەوابوو دەکرێ بگوترێ کە هەر چەند ئەسڵی خاوەنیەتی تایبەتی بۆ پاراستنی دێموکراسی گرنگە، بەڵام بە مافێکی ڕەها و سروشتی حیساب ناکرێ بەڵکوو تەنیا لە ژێر هەل و مەرجێکداو لە چوار چێوەیەکدا کە کۆمەڵگا ئەوی قبوڵ کردووە، بۆ قبووڵکردن دەبێ.



## ٦٨- داخوا دێموکراسی لە گەڵ نابەرانبەری ئابووری سازگارە؟

ناکرێ بە« بەڵێ» و « نا »ی ساکار وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیەوە. چونکە لێرەدا مەسەلەی پلە و ڕێژە لە گۆڕێدایە. بەو ڕادەیە کە لە کۆمەڵگادا نا بەرانبەری ئابووری هەبێ، پێکهاتنی بەرانبەری سیاسیش دژوارتر دەبێ. چونکە کۆ کردنەوەی سەروەت رەگەزێکی گرنگە بۆ حیسابکردنی سەرکەوتنی سیاسی. لە مەسەلەکانی فرە توند ئاژۆیی، دەڵەمەندەکان، دەنگی فەقیران بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە هەڕەشە دەزانن. ئەم بەراوردە دەستکاری و بە فەساد کێشانی ڕەوەندی هەڵبژاردنیان بۆ پینە دەکات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر فەقیران لە کۆمەڵگای دێموکراتیدا شوێنەوارێکی بەختەوەری لە دوورەوە دیمەنی دواڕۆژی خۆیاندا نەبینن، ئیتر پشتیوانی لێناکەن. لێرەدا ئیتر مەسەلەی چۆنیەتی و چەندیەتی دێموکراسی لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو لەم قۆناخەدا مەسەلەی پاراستنی ئەو لە گۆڕێدایە بە هەر شکڵێکی هەبێ.

## گەیاندنی نابەرانبەری سیاسی بەوپەڕی کەمی

لە گەڵ هەمووی ئەوانە دەرەجەیەک لە نابەرانبەری ئابووری لە ئابووری بازاڕدا، لەوانەیە هەم بە لە پاراستن نەهاتوو دابنرێ و هەمیش پەسند کراو. دێموکراتەکان بۆ ئەوەی کارتێکەریی سیاسی ئەم نابەرانبەرییە بگەیینە ئەو پەڕی کەمی، دەبێ هەوڵی

زۆری بۆ بدەن. هەروەک تا ئێستا هەر وابووە. لە لایەک دەبێ قانوونی جیدی و ڕوون لەم بەستێنەدا هەبێ، بۆ نموونە قانوونێک بۆ بەکار هێنانی سنووردانانێک لەو برە پارەیە کە چ لە لایەن حیزبەکان و چ لە لایەن کاندیدای سەربەخۆوە بۆ خەباتی هەڵبژاردن خەرج دەکرێ. پێشگری لە هەڵدانی بێ سنووری خاوەندارییەتی مێدیا و ئاشکراکردن و ناساندنی سەر چاوەی ماڵی حیزبەکان و تەواوی ئەو بنیاتانەی کە بە جۆرێک لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن. لە لایەکی دیکەوە دەبێ دابینکردنی لانی کەمی پێداویستەکانی ژیانی تاکی کۆمەڵ دەستەبەر بکرێ کە بەشداری وان کار دەکاتە سەر تێکۆشانی کۆمەڵایەتی.

## ٦٩- داخوا دێموکراسی بەستراوەتەوە بە پەرەگرتنی ئابووری؟

شایەدی زۆر لە سەر ئەوە هەن کە هەر چەندی کۆمەڵگا لە باری ئابوورییەوە پێشکەوتووبێت، زیاتر هیوای ئەوە هەیە کە دێموکراسی بپارێزرێ و دوور بێ لە مەترسی گەڕانەوەی حکوومەتە سەرەڕۆکان. بەڵگەی ئەم کارتێکەریی پەرەی ئابوورییە لە سەر سروشت و جەوهەری تاکی کۆمەڵ و هەروەها لەسەر قەوارەی کۆمەڵگای مەدەنی دا. هەڵدانی سیاسی و وریایی دەنگدەران نەتیجەی فێربوون و خوێندنی بەربڵاوە. ئەگەر لە






ک

ۆمەڵگایەکدا چینی مام ناونجی کە کاری جۆر بە جۆر بە دە ئەوان بەڕێوە دەچێ، هەڵبدا، بەربەرەکانی لە بەرانبەر دەوڵەتەکانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆریشدا زیاتر دەبێ. ڕەوەندی پەرەگرتنی ئابووری دەبێتە هۆی هەڵدانی گرێ و گۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی و سەر هەڵدانی گرۆ و بنیاتی جۆر بە جۆری خۆ سازدەر کە بۆبەرگری لە سەربەخۆیی خۆیان لە بەرانبەر دەست درێژی و ستەمی دەوڵت دا، تەواو بڕوایان بە خۆ هەیە.

## ٧٠- ئایین یارمەتیدەری دێموکراسییە یا کۆسپیەتی؟

ئەم پرسیارەش یەکێ لە وانەیە کە ناتوانی وەڵامی ساکاری« بەڵێ » ویا« نا » ی پێبدەیەوە. چونکە وەڵامی لێبڕاو زۆرتر بەستراوەتەوە بە ئاقار و هەلو مەرج. تەنانەت ناتوانی ئایینەکان بە گوتەی لێبڕاو و سنوور بەندی دابەش بکەی و هەر یەکە تاریفێکیان وەپاڵ بدەی وەک« موافیقی دێموکراسی » « بێلایەن » یا « دژی دێموکراسی». چونکە هەر ئایینێک لە ناخی خۆیدا ،باڵ و هۆگری جۆراو جۆر و لێک جیاوازی هەیە. بۆ نموونە مێژوو نیشانی داوە کە دینی مەسیحیەت هەر باسی مەلەکوتیی پاشایانی کردووە و هەم لە کۆمارەکانی هاوسانی خوازیش پشتیوانی کردووە. هەڵکەوتووە کە لە یەک کات دا دەستەی خۆجێیی هێندێ دین لە بارەی مەسەلەیەکەوە دژی یەکتر بوون و



لە کاتێکا یەکێ لە دەستەکان پشتیوانی لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ کردووە. ئەندامانی دەستەیەکی دیکە لە دوژمنایەتی ئەو ڕێژیمە و بۆ لەقاودانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە دەستی وی، گیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە.

## ئایین و حکوومەت

دەتوانی بێژی گیانی دێموکراسی لە گەڵ ئەم دینانە کە سیستەمی زنجیرە مراتیب بە سەریاندا حاکمە و پێرەوانی ئەوان بە بێ ئەملاوئەولا، ئەم ڕاستیە قبووڵ دەکەن کە لە سەرەوەڕا پێیان ڕادەگات. لە گەڵ ئەو دینانەی کە پێڕەوانی ئەوان بۆ باسی داهێنەر لە بارەی مەسەلەکانی بیروباوەڕی ولێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیان دادەنیشن، خزمایەتی کەمتریان هەیە.

بەڵام ئەوەی لەبارەی دێموکراسی زیاتر لە ڕێکخستنی نێوخۆیی ئایینەکان گرنگی هەیە، پێوەندی ئەوانە بە دەوڵەتەوە. هەرچەندی ئایینێکی خاس لە حکوومەت نێزیکتر بێ، گریمانی ئەوە کە رەفتاری ئەو حکوومەتە لە گەڵ پێڕەوانی ئایینەکانیتر لە سەر بناخەی بەرانبەری بە ڕێوە بچێ، کەمترە. لە حاڵەتی هەرە توندئاژۆییدا، کە کار بەدەستانی ئایینی حکوومەت بە چاوی ڕاپەڕاندنی ڕیسالەتی ئایینی تەماشای دەکەن ، سیاسەت شکڵی خەزای مەزەبی بە خۆوە دەگرێ و پێرەوانی ئایینەکانیتر دەکەونە بەر گوشارو ئازارەوە و ئازادی دەربڕین بە تەواوی لەبەین دەچێ.

## ڕەوایی مەزهەبی

بیری ڕەواداری مەزهەبی لە ئەنجامی ئەم ئەزموونە داخدارانەی مێژوویی و بیرەوەری ئەم زوڵم و شەڕانەی خۆجێیی و توندو تیژی دەستـەیی، شکڵی گـرتووە. تـەنانـەت ئـەگـەر پێـمـان وابێ کـە حەقیقەتی نیهایی بە تایبەت لەو مەزهەبە دایە کە ئێمە بڕوامان پێیە، دیسان لە دنیایەکدا کە ژمارە و زۆری مەزهەبەکان لە تایبەتییەکانی ویە، دیسان مەجبور کردنی خەڵکیتر بە قبووڵکردنی ئەو، نرخێکی قورسی بۆ ئینسانیەت بەدواوەیە بە هیچ جۆر قبووڵ ناکرێ. ڕەواداری بەومانایە نییە کە لە بیروباوەڕی خۆ دەست هەڵگرین، یا لە بڵاوکردنەوەی فیکرەکانی خۆ واز بێنین، بەڵکو بەو مانایەیە کە شان و شەوکەت بۆ خەڵک قایل بین کە ڕێگایان هەبێ خۆیان لە بارەی خۆیانەوە بڕیار بدەن، هەرچەند لەم کارەدا توشی هەڵەش بن.

## مەزهەبی کەمایەتیەکان

باشترین هەل و مەرجێک کە بتوانی لەوێدا ڕەوایی و قبووڵی ژمارەی مەزهەب و بیرورا دەستەبەر بکەی، کاتێکە کە هیچ مەزهەبێک لە چاو مەزهەبەکانی دیکە سەرپشکی و مافی تایبەتی لە حکوومەت دا نەبێت. حکوومەتێکی ئەوتۆ لە ڕێگای باج دانانی هاوسان و بە جۆرێک یارمەتی بە مەزهەبانی جیاواز بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕیان، دەتوانی پشتیوانی بێلایەنانەی



هەموانی هەبێ. بەڵام کاتێکی کە حکوومەت بخوازێ دەستوور و حوکمەکانی مەزهەبی زۆرینە بەسەر ئەوانەدا بسەپێنێ کە بڕوایان بەو حوکمە نییە، ئەو دەم لێ ئەستاندی ئازادییە سەرەتاییەکانی دێموکراتی، واتە ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوە لەو کەسانەی کە پێڕەوی لەو حوکمانە ناکەن، لە پاراستن نایە و دووریش نییە لە نێوان ئەو تاکانەدا کەسانێک هەبن کە خۆیان سەر بە مەزهەبی زۆرینە بن. لێرەدا بابەتێک لە ناکۆکی نێوان ویستی زۆرینە لە ماوەیەکی زەمانی تایبەت دا و ئەوەی کە پێویستیی چاوەدێری خەڵک بەسەر حکوومەت وبەرانبەری سیاسییە .دەبینرێ.

## ٧١- داخوا لە وڵاتێکدا کە کێشەی مەزهەبی و قەومی هەبێ، دێموکراسی سەقامگرتوو دەبێت؟

نابێ گومان لەوەداهەبێ کە بە بێ هەبوونی ناسنامەی هاوبەشی سیاسی لە نێوان تەواوی خەڵکی وڵاتێک، پاراستنی بنیاتە ئازادەکان دژوارە. ئەم ناسنامەیە دەتوانێ لە ئەزمونێکی مێژوویی هاوبەش-سەرەڕای ناکۆکی مەزهەبی، قەومی، زمانی و ئەو جۆرە- بەدەست بێت. هەروەها بنیاتە سیاسیەکان کە لە گەڵ هەموو توێژەکان بۆچوونی بێلایەنەیان هەیە و جێگای رازیبوونی هەموویانن، دەتوانن ئەم ناسنامەیە برەو پێبدەن. ئەوەی لە هەمووی زیاتر ئاگری دوژمنایەتی گرۆیەکان خۆش دەکات،

وەلانانی یەکێ لە دەستەکانە لە مەیدانی سیاسی و بە دوای ئەودا سەر هەڵدانی جیاوازی دانان، بێبەشی و زوڵم یا پێکهێنانی ترس لە دەرکەوتنی ئەو چەمکانە. ڕێبەرانی بیرکورتی سیاسی ڕەنگە ماوەیەک لەو ترسە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن. بەڵام واقعیەت ئەوەیە تەنانەت لەکاتێکدا کە بڵاو گردن و لەتکردنی خەڵک بە شێوەیەکی موناسبیش بزاندرێ، دەبێ بە زەحمەت و وەک ئاخرین ڕێگا چارە بەکار ببرێت. چونکە تەنیا دەبێتە هۆی پێکهاتنی کەمایەتیەکی ستەم لێکراوی تازە و بەم کارە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکە دەگۆردرێت. ئەو زوڵمانەی لە ڕابردوودا کراون، نابێ بە شکڵ گرتنی زوڵمێکی لە داهاتوودا دەکرێ، قەرەبۆ بکرێنەوە.

## دەستە بەری قانوونی

بە سەرنجدانی تێکەڵاوی قەوم و ڕەگەز و مەزهەبی جۆراوجۆر کە تایبەتمەندی کۆمەڵگاکانی ئیمڕۆن، دەبێ ئامادەیی قانوونی بۆ پارێزگاری کەمایەتیەکان لە بەرانبەر جیاوازی دانان و زوڵمی ڕێکخراودا، بیری لێ بکرێتەوە.( سەیری پرسیارەکانی ١٠، ١٢، ٤٨،و٦١ بکە) کۆمەڵی نێونەتەوەیی نابێ هیچ دەوڵەتێکی تازە پێگەیشتوو بە ڕەسمی بناسێ، مادام ئەو دەوڵەتە شایەدی بڕوا پێکراو بۆ بیرکردنەوە لەم ئامادەییە لە وڵاتەکەیدا نیشان نەدات.



## ٧٢– چ پەیوەندییەک لە نێوان بنیاتی بنەماڵە ودێموکراسیدا هەیە؟

لە ڕابردوودا، دابەشبوونی بەر پرسی بنەماڵە بەم چەشنە بووە کە ژنان لە ماڵدا بەر پرسی منداڵبوون و پەروەردەی منداڵ و ئەنجامدانی کاروبار وئامادەکردنی نیازی پیاویان لە ستۆ بووە. لە زۆر کۆمەڵگای ئیمڕۆشدا هەر وایە. ئەم بەرپرسیەتییەی نێو ماڵ کە بە ڕواڵەت مەسەلەیەکی تەواو تایبەتییە، کارتێکەری گرنگی کۆمەڵایەتیشی بە بەرەوەیە؛ بەو چەشنە توانا و کاتێکی کە ژنان بۆ بەشداری لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیانە، سنووردار دەکات و نەخشێک دیاری دەکا کە ژنان بۆ ئەنجامدانی ئەو بە لە باری دەزانن. تا ئەو کاتە کە ئەم جۆرە دابەشکردنەی بەرپرسییەکان و ئەو ڕوانگەیە کە ئەوە بە باش دەزانێ، هەیە، بەرانبەری سیاسی ژنان لە گەڵ پیاوان، سەر ناگرێ و لە ڕاستیدا لە بەر نەبوونی وان لە مەیدانی سیاسیدا، دێموکراسی توشی نسکۆ و زیان دەبێ. بەڵام دەکرێ بە سیاسەت دانانی لەباری دەوڵەت و نفوزێکی کە ژنان خۆیان دەتوانن لە ڕێگای ڕێکخراوی ژنان و گرۆی خۆ یاریدەری و ئیدی بە کاری بێنن، هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی ژنان بەریە سەر.( سەیری پرسیاری ٢٦بکە)

## منداڵان و دێموکراسی

کارتێکەری دیکە کە بنەماڵە لە کۆمەڵگادا هەیەتی، نەخشێکی لە بارە کە دەتوانێ لە پەروەردە و هەڵدانی هاووڵاتانی دوارۆژی کۆمەڵدا یاری بکات. لە سەردەمی منداڵیدا ئەزموونی کەڵک وەرگرتن لە نرخ و ڕێزی بە ئەندازەی ئەوانی دیکە، کەڵک






وەرگرتن لە مافی دەربڕینی بیروڕا لە سەر مەسەلەکانی ماڵ، هەروەها فێرکردنی ڕێز گرتن لە بیروڕاکانی دیکە، تێگەیشتنی ئەم نوکتەیە کە کەڵک وەر گرتن لە ماف پێویستی بە ئەنجام دانی هێندێ ئەرکە لە وانە: فێرکردنێکن کە بۆ مەشقی بەشداری لە کاروباری کۆمەڵی دێموکراتیک وەک هاو وڵاتی گرنگیان هەیە. هەروەها لە ڕێگای بنەماڵەیە کە منداڵ بۆ هەوەڵین جار سەبارەت بە کۆمەڵگای بەرینتر لە ماڵ، چاوی دەکرێتەوە ولە بارەی مەسەلە سیاسییەکان دەبێتە خاوەنی بیروباوەڕێک کە هێندێ جارتا سەردەمی گەورەساڵیش درێژەی دەبێ.

## ٧٣- مەدرەسەکان دەتوانن لە فێر کردنی دێموکراسیداچ ڕۆڵێک یاری بکەن؟

فێرگەکان، جگە لە پێکهێنان و بەرزکردنەوەی پیتۆڵی و لێهاتوویی جۆر بە جۆر لە قوتابیاندا، بە تایبەت خوێندەواری و گواستنەوەی زانست، لە گواستنەوەی کلتوورو داب و نەریتیش دا. نەخشی شایان ئەنجام دەدەن. نەخشێکی دیکەی گرنگی مەدرەسەکان هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی کلتوورەکان و یارمەتی بە منداڵان بۆ ناسینی جێگای خۆیان لە دنیایەکدا کە مەزهەبەکان و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکانی زۆر هەن وهەمووشیان پێکەوە پێوەندی بەرانبەریان هەیە. فێرکردنی دێموکراسی بە منداڵان، دەبێتە هۆی تێگەیشتنی قانوونی

ئەساسی وڵات و چۆنیەتی شکڵگیری و پێگەیشتنی وی، وەدەستهێنانی زانیاری بە قازانج لە بارەی ماف و ئەرکی هاو وڵاتی و تێگەیشتنی مافی مرۆڤ و دەرەجەی گرنگی ئەو. دیارە فێرکردنی دێموکراسی تەنیا فێربوونی زانست نییە، بەڵکو دەبێ لە ڕێگای دیکەشەوە پەرەی پێ بدرێ. بۆ نموونە دەبێ منداڵان بێنە نێو باسێک کە گرنگی لێبڕاوی هەیە. ئەوان والێبکەی کە دەلیلی خۆیان پێشکێش بکەن و گوێ بدەنە بیروڕای کەسانی دیکە ولەو بڕیارە کۆمەڵیانەدا بەشداری بکەن کە کار دەکەنە سەر



چۆنیەتی بار و دۆخی مەدرەسە. دەکرێ ئەم کارە لە ڕێگای کۆبوونەوەکانی کلاسەکان یا ئەنجومەنگەلی مەدرەسەکان کە قوتابی خۆیان ئەندامەکانیان هەڵدەبژێرن و ڕەوشتی دیکە ئەنجام بدەن. تەمەنی لەبار بۆ فێربوونی ئەو لێهاتوویيانە و وەدەستهێنانی زانیاری جۆراوجۆرلە وڵاتانی جیاواز و بە گوێرەی شێوەی سیستمی فێربوونی ئەوان فەرق دەکات. لەبەرچاو نەگرتنی ئەو مەسەلانە ، بۆ نموونە بەو دەلیلە کە زیاترلە« ڕادە» سیاسین، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەترسی جیدی بۆ لاواز بوونی پایەی جەماوەریی دێموکراسی.

## ٧٤– کلتووری دێموکراسی چۆن پەرە پێدەدرێ؟

خاوەن بیرانی دێموکرات هەمیشە لایان وابووە کە کارتێکەری بنیاتەکانی کۆمەڵگای دێموکرات یارمەتییە بۆ گەشە کردنی فەرهەنگی دێموکراسی. ئەم بنیاتانە هۆی وریا بوونەوە لە بارەی ئەو مەسەلانەی کە پێویستە لە بارەی ئەوانەوە بڕیار بدرێ لە خەڵکدا پێک دێنن و جوری ڕوانگە و توانایی ئەوان لە گەڵ بەشداری کردنیان لە هەموو ڕادەکانی مەسەلە سیاسیەکانی ڕەسمی و چ لە بنکە و بنیاتەکانی مەوجوود لە کۆمەڵی مەدەنیدا، پێویستە ئەوەندە بکرێ بەربڵاو بێت. ئەم بنیاتانە کە حیزبی سیاسی و یان خۆ سازبووەکان دەگرنەوە، دەتوانن ئامرازێکی

کاریگەر بن بۆ فێر کردنی سیاسی ئەندامانی خۆیان.

## برەوپێدانی کلتووری دێموکراسی

کلتووری دێموکراسی، جگە لە ڕێگای فێربوونی قوتابخانەیی کە لە پرسیاری ٧١ دا باسکرا، دەتوانی لە زۆر ڕێگای تریشەوە برەوی پێبدەی. دەکرێ لە هونەرەکان وەک ئامرازی گرنگتر بۆ بڵاو کردنەوەی بیری دێموکراسی؛ و ڕەنگدانەوەی گیرو گرفت و نارەزاییەکانی مەوجوودو بۆ نیشاندانی شکڵی کۆمەڵگا سوود وەربگیرێ. دەکرێ بە سازکردنی ئاهەنگی ساڵگەڕی ڕووداوی جەماوەری و ئازادیخوازی کە لە مێژووی وڵات دا هەبووە و جێژن گرتنی ئەم ڕووداوانە گرنگیی ئەوانە وەبیر بێنرێتەوە. لە هەمووی گرنگتر، نەخشێکی حەیاتییە کە ڕاگەیێنەرەکان لە ڕاهێنانی سیاسی خەڵک بە مانای گشتی یاری دەکەن.

ڕاگەیێنەرەکان دەتوانن پلەی ئاگاداری خەڵک بەرنە سەر وسیاسەتەکانی دەوڵەت بە ڕوانگەیەکی ڕەخنە گرانە هەڵسەنگێنن و وەک ڕێچکەیەک بۆ پێوەندی تاکی کۆمەڵگا لە گەڵ یەکتر کار بکەن.

# ٦- داهاتووی دێموکراسی

## ٧٥- ئەم گیروگرفتە سەرەکیانەی کە ئیمڕۆ دێموکراسی لە گەڵیان ڕووبەرو بووە، کامانەن؟

ئەم گیرو گرفتە توندانەی کە ئیمڕۆ دێموکراسی لە گەڵیان بەرەو ڕووە، ئەمانەن کە لە مەسەلە ئابوورییەکانەوە دزە دەکەن و کار دەکەنە سەر ژیانی خەڵکی زۆر لە وڵاتەکانی جیهان. ئەم وڵاتانەی کە ئابووری پێشکەوتوویان هەیە، توشی جۆرە بێکارییەکی بەر دەوام بوون کە لە ساڵەکانی ١٩٣٠بەم لاوە بێ پێشینە بووە. ئەم وەزعە بۆتە هۆی نیگەرانیی لە بارەی بودجەی وڵات و نیشاندانی کەل و پەلی گوزەرانی خەڵک. ئەم وڵاتانەی کە سیستێمی کۆمۆنیستیان وەپشت سەر داوە کەوتوونە بەر زەبری تایبەت سازی ئابووری خۆیان و گۆڕینی ئەو بە ئابووری بازاڕ و ئەم کارە بۆتە هۆی پێکهاتنی نائەمنی بەربڵاو و نابەرانبەری توند و ئاوسانی هەوسار پساو. زۆر لە وڵاتانی کەمتر پەرە گرتوو



چەند ساڵە کە هەڵدانیان لە پلەی سیفر یا هیچ دا بووە کە ئەنجامی ئەو بۆتە لە بەینچوونی بناخەی ماڵی خەڵک ، کەمی سیاسەتەکانی ئاسایشی و دەرکەوتنی مەترسی قاتی و برسیەتی.

## تەنگانەی ئابووری

بوونی تەنگانەی ئابووری کە ئیمڕۆ بە ڕادەیەکی زۆر وڵات و گەلانی جیهانی گرتۆتەوە ئەنجامی لە چار نەهاتووی سیاسیشی هەیە. حاڵەتێکی ئەوتۆ توند بوونی کێشە بۆ وەدەستهێنانی هەڵکەوتی باشتری کۆمەڵایەتی و لە دەستدانی سەرمایە بۆ تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵ و بەم چەشنە دوژمنایەتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی پەرە پێدەدا. یەکیتر لە ئەنجامی گیرو گرفتی ئابووری، پێکهاتنی ئاوارەییە کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی پێکهاتنی هەستی دوژمنایەتی لە ئاست ئاوارەکان و داوای گرتنی سنوورەکان بۆ وڵاتانی پەرە گرتوو. هەل و مەرجی گوشاری ئابووری بە جێگەیاندنی ئارمانی کۆمەڵایەتی دژوار دەکات و دەبێتە هۆی نەبوونی دڵنیایی بە لێهاتوویی حکوومەتانی دێموکراتی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی تەنگانەی ئابووری. لە وانەیە نیزامە دێموکراتە تەندروست و بەهێزەکان بتوانن لە بەرانبەر ئەم زەبرانەدا خۆ ڕابگرن. بەڵام نیزامەکانی تازە پێگەیشتووی دێموکرات کە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە هەل

و مەرجێکی باشتر هەیە لە بەرانبەر ئەم زەبرانەدا زیانیان پێدەگات.

## نەبوونی چاوەدێری سیاسی

ئیمرۆ بە گشتی سێ لایەن لە گوشاری ئابووریدا دەبنە هۆی لاوازی بڕوا بە حکوومەتە دێموکراتەکان، هەوەڵیان ئەوەیە کە گەلێک لەو بنیات و هۆکارانەی کە چارەنووسی ئابووری وڵاتەکان دیاری دەکەن، لە دەرەوەی سنوورەکانن و بەم چەشنە لە کۆنترۆلی دەوڵەتی بە ڕواڵەت سەر بەخۆ دەچنە دەر. ئەم نەبوونی کۆنترۆلی ئابووریە، بە سەر وڵاتەکان بە تایبەت وڵاتەکانی کەم پەرە گرتوو تەئسیر دادەنێ و دەسەلاتی ئەوان لە دیاریکردنی قیمەتی کەرەسەی خاو یا هەل و مەرجی دانەوەی قەرزەکان و چۆنیەتی سەرمایە دانانی خۆجێیی کە گرنگی زۆریشی بۆیان هەیە، تەنگە بەر دەکا. نوکتەی دووەم کە دەبێتە هۆی شپرزەتری بارودۆخی قبوولکردنی ئەم سوننەتی ئابووری لە دوو دەیەی دواییدا کە دەوڵەتەکان ناتوانن تەئسیری زۆریان لە سەر شکڵدان و هەڵدانی ئابووری وڵاتیانی خۆیان هەبێ، چونکە چارە نووسی ئابووری هێزەکانی بازاڕ و دژکردەوەی خەڵک و شیرکەتەکان لە بەرانبەر هەڵکەوتی بازاڕدا دیاری دەکەن.

مەسەلەی سێیەم کە بە دوای خاڵی پێشەوە دادێت بریتییە لە پێکهاتنی گیانی سوودخوازی تاکی وبنەماڵەیی کە دەبێتە هۆی



لاواز بوونی گیانی بەر پرسیەتی بە کۆمەڵ کە ئەوەش دەبێتە هۆی پاراستنی دەوڵەتێکی چالاکتر و ڕوانگەیەکی دەست بڵاو تر لە ئاست ئەو کەسانە کە سەرمایە وەکار خستنەکانیان لە نێو خۆو یا لە دەرەوە ئەوەندە سەر کەوتوو نە بووە. بۆ ئیسباتی ڕاستی ئەم شێوە بیروڕایە کە گیرو گرفتی پەیدا بووی لە کار کردی بەرانبەری مەسەلەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری پێویستیان بە ڕێگاچارەی بە کۆمەڵ هەیە. لە دنیایەکدا کە سۆسیالیزم ئیعتباری نە ماوە و هەر چەشنە بیرو باوەڕێکی ئینترناسیۆنالیستی گرنگی پێ نادرێ دەبێ بەڵگەی زیاتری دڵنیاکار نیشان بدرێت.

## ٧٦- داخوا کۆمەڵگا فەقیرەکان بە ڕاستی دەتوانن دێموکراسی بپارێزن؟

ئەم شێوە بۆ چوونە کە کۆمەڵگا فەقیرەکان توانای ماڵی پاراستنی دێموکراسیان نییە، چەند خاڵێکی جیاواز دەگرێتەوە. یەکیان ئەوەیە ڕێکخستنی نیزامی دێموکراتی پڕ خەرج و کاتگرە و باشتر ئەوەیە کە دەرەتانی سنوور داری زەمانیی و ماڵی وڵاتێک بۆ پێداویستەکانی لازمتری خەڵک خەرج بکرێ.

ئەو پێداویستیانەی وەک لەشساخی، فێر کردن، دەستەبەری مانەوەی سەلامەتی ئابووری ئەوانە لە ڕیزی هەوەڵدان. لە بەرانبەر ئەو پێویستیانەدا کاری وەک ڕێکخستنی هەڵبژاردن و

فێـر کـردنی کـەسـانێک کـە دەبێ لە نیـزامی دێـموکـراسی دا، نەخشـیـان هـەبێ، وەدوا خسـتنی سیاسـەت دانان و ڕاپەڕاندنی ئەوان کە پێویستی وەڵامدانەوەیە بە خەڵک و بە پارلمان، وا دێتە بەرچاو جگە لە خۆڕانان و ڕەنگ تێهەڵسوون بەدەر، شتێکی تر نییە کە لە توانای ئابووری کۆمەڵدا نییە.

## زیانەکانی دێموکراسی

هێندێ کەس لە سەر ئەم بەڵگانەی سەرەوە کە تەواو باری مادییان هەیە، لایەنی گشتی تریشی لێ زیاد دەکەن. بەم واتایە کە لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئابووری و سیستەمی حکوومەتی ئەوان لە حاڵی گەشە کردندایە زیانی دێموکراسی لە قازانجی زیاترە.

ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە پێشبڕکەی هەڵبژاردن لەو کۆمەڵگایانەداسەر هەڵدەدا کە حکوومەتەکانیان تازە خۆی گرتووە و ناسنامەی نەتەوەییان هێشتا بە تەواوی نە کەوتۆتە جێ، زیانی لە کۆمەڵگاکانی تر زیاترە. جگە لەوە هەبوونی دەنگدەرانی وریاو پێگەیشتوو کە بۆ پێشگری لە کەوتنی دێموکراسی دەگێژاوی زوو تێپەڕی و عەوامفریوی و وەر نەگرتنی بیروڕای موخالیف پێویستە، بەرهەمی پەرەگرتنی ئابووری کۆمەڵگایە. لەم ڕوانگەوە نەک هەر یەکێتی نەتەوەیی و پەرەگرتنی ئابووری، پێویستی خێراترن لە دێموکراسی، بەڵکو لە ڕوانگەی پاش و پێشی زەمانی دیاردەکان، ئەم شتانە دەبێ بەر لە



دێموووکراسی توکمە بکرێن چونکە ئەوانە پێش نیاز و زەمینە سازی دێموکراسین.

## دێموکراسی و پەرە گرتن

لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، باسی هێندێ لایەنی ئەم ڕەخنانەمان کردووە کە لە دێموکراسی دەگیرێن و هێندێ گیروگرفتی بەرەوڕووی ویمان ڕوون کردۆتەوە.(بۆ نموونە لە پرسیارەکانی ١٣ ، ٣٤،و ٦٧) بەڵام لێرەشدا خەراب نییە کۆکەرەوەیەک لە هەمووی ئەوانە بدەینە دەست. لە سەرەتاوە دەبێ بێژین پەرەگرتنی ئابووری گۆتەیەک نییە کە بتوانی وەک مەفهوومی چەندیی بۆ نموونە لە گەڵ بەرهەمی سەرانەی نا خالیسی میللی ئەندازەی بگرێ. بەڵکو مەفهومێکی چۆنییە کە کار دەکاتە سەر ئاسایشی تاکی کۆمەڵ و گۆشە نیگایەکی وەک بڵاو کردنی داهات و چۆنیەتی بڵاو کردنی خەرجەکانی دەوڵەتی(بۆ نموونە بڵاو کردنی خەرجەکان لە نێوان بنیاتەکانی لەشساخی، فێرکردن و هێزەکانی چەکدار) لە پێوەندی پەتەودان. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم لایەنانەی چۆنیی پەرەی ئابووری بەستراوەتەوە بە سروشتی ڕێژیمی سیاسی و ڕادەی وەڵامدانەوەی بە خەڵک. ئەو دەنگدەرانەی کە بیر لە دێموکراسی دەکەنەوە، زیاتر ویستیاری ئەو سیاسەتانەن کە نابەرانبەرییە توندەکانی ئابووری ڕاست دەکەنەوەو تەنیا کار کردی دەوڵەتێک



پشت ئەستوور دەکەن کە لە جیاتی تێچوونی کاروباری نیزامی و یا پرۆژەی ناوبانگ دەرکردن کە فایدەی زۆری کۆمەڵایەتیشی



نییە، بۆ لەشساخی، فێر کردن و کاروباری ژێر بینایی و سەرمایە وەکار بخات. جگە لەوە رێژیمێکی کراوە و کۆنترۆل فرە باشتر و کاریگەر ترە لە رێژیمەکانی بەستراو و سەرەڕۆ لە کانگا میللییەکان بەهرە وەر بگرێ. هەر وەها لە ڕێژیمێکی ئاوادا ڕیسواییە گەورەکانی وەک پێشێلکردنی بەربلاوی مافەکانی مرۆڤ، فەساد وکەمبوونی پێداویستییەکانی خەڵک ناتوانێ ساڵەهای ساڵ شاراوە بمێنێ. لە یونی ساڵی ۱۹۹۳ لە بەڵگەی کۆتایی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ویيەن لە بارەی مافی مرۆڤ، لە سەر پێوەندی حاشا لێنەکراوی دێموکراسی، بەرەو پشتیوانی لە مافی مرۆڤ پێداگیراوە.

## کاربڕترکردنی دێموکراسییەکان

بەم چەشنە، لە گەڵ سەرنجدان بە بەربڵاوی و پلەی نەبوونی وەڵامدانەوەیی کە دەرەتانی ئەوە هەیە حاکمانی سیاسی توشی بن. دەبێ پرسەکە بەم جۆرە گەلاڵە بکرێ کە ئایا کۆمەڵگا توانای دانی خەرجەکانی نەبوونی دێموکراسی هەیە یا نا. یەکی دیش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لە جیاتی هیوا بڕانی یەکجاری، دێموکراسی کاربڕتر بکرێ و بتوانێ لەگەڵ هەل و مەرجی تایبەتی و پێویستییەکانی وڵاتانی لەبەرچاو گیراو زیاتر بێتەوە.

## ٧٧– دێموکراسییە پەرەگرتووەکان، چۆن دەتوانن یارمەتی بە دێموکراسییە سەرهەڵداوەکان بکەن؟

سیستێمە دێموکراتە پەرە گرتووەکان دەتوانن یارمەتیەکی زۆر بە سیستێمەکانی خەریک بوژانەوە بکەن. لە شکلێکی فرە گشتیدا دەتوانن مافی وڵاتەکان بۆپەرە گرتن و، بە دوای ئەوەدا ئەرکی کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە بەرانبەر وڵاتانی خەریک بوژانەوە بە ڕەسمی بناسن. شکلی ڕونتری یارمەتی دەتوانێ نیشاندانی فێر کردن و برەو پێدانی داب و ڕەسمی دێموکراسی بێت. دەکرێ بە فێرکردن و پەروەردە کردنی کارمەندانی دەوڵەتی لە هەموو بەستێنەکان و لە وانە کارمەندانی چاوەدێری بە سەر هەڵبژاردندا و نووسەرانی پارلمان، پارێزەرانی حقوق، چاوەدێرانی ماڵی، ئەندامانی هێزی قانوون دانان، کار بەدەستانی حیزبی و لەوانە، یارمەتی بە دێموکراسییەکانی خەریک بوژانەوە بکەن. برەو پێدانی شێوەکانی دێموکراسی لە بەستێنی پێشبڕکەی هەڵبژاردن کاتێک دەتوانی بە پلەی ئاوات دابنرێ کە دەستەکانی داوەری نێونەتەوەیی وەک وەسیلەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەجەی دادوەرانە وئازاد بوونی هەڵبژاردن بە چەشنی هەراو قبوڵ کرابن؛ و لە بەستێنی مافی مرۆڤ ڕادەی ئاوات کاتێکە کە پێوانەی ڕووناکی نێونەتەوەیی، هەم بۆ ناوەرۆک و هەم بۆشێوەی لە بەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ بەکار ببردرێن. بەڵام ئەم پێوانانە دەبێ بۆ بەستێنەکانی تریش لەوانە دەوڵەتی کراوە وکۆنترۆلیش



بڵاو ببتەوە. لە تەواوی ئەم بەستێنانەدا کار کردی نیزامەکانی پەرەگرتووی دێموکراتی دەتوانێ کارتێکەرییەکی لەباری زۆر دابنێ، یارمەتی ئەم نیزامانە بە وڵاتانی دیکە،کاتێ ئیعتیباری زۆر تری دەبێ کە ئەم وڵاتانە خۆشیان بۆباشبوونی هەل و مەرجی دێموکراسی لە وڵاتەکەیان و بردنە سەری پلەی ئەو ونیزیک کردنەوەی لە ڕادەی ئاواتی پێوانەکانی نێونەتەوەیی، ئامادەیی زیاتر نیشان بدەن.

## سەربەخۆیی وڵاتان و دەست تێوەردانی نێونەتەوەیی

ئەوەی زیاتر لە یارمەتی بەم لایەنانەی دێموکراتسازی جێگای باسە، نیشاندانی یارمەتی ئابوورییە بۆ پەرەگرتنی وڵاتان و لە هەمان کاتیشدا هەڕەشە لە بڕینی ئەو یارمەتییانە وەک گوشارێک بۆ ئەنجامدانی خێرای هەڵبژاردنی چەند حیزبی،یا ناچار کردنی دەوڵەتان بە قبووڵکردنی لانی کەمی پێوانەکانی مافی مرۆڤ. (سیاسەتی ناسراو بە مەرجی سیاسی[1]).

بەڵگەی لایەنگرانی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە بەم جۆرە یارمەتیانە ماوەیەکی زۆر بۆپاراستنی ڕێژیمە سەرەڕۆکان کە ڕابردووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان هەیە، بەکار هێنراون و ئێستا ئەم مەرج دانانە بۆتە هۆی دڵگەرمی گرۆگەلی مەخالیف و

١– Political Conditioality

کەسانێک کە لە نێو خۆی وڵاتدا بۆ وەدەستهێنانی دێموکراسی خەبات دەکەن.

نەیارانی ئەم سیاسەتەش بەڵگەیان ئەوەیە کە سیاسەتێکی ئەوتۆ لە کردەوەدا سەقامگرتوو نییە، چونکە پێڕەوی ئامانجی سیاسەتی دەرەوەیە. هەروەها کاربڕی ئەم سیاسەتەش جێگای گومانە، چونکە تەنیا دەبێتە هۆی مل ڕاکێشانی ئەو ڕێژیمانە لە ڕادەیەکی سنوور داردا. جگە لەوەش لە چەمکی هەوڵدان بۆ سەقامگرتوویی دەسەڵاتی خەڵک بە سەر چارەنووسی خۆد لە ڕێگای گوشاری دەرەوە، جۆرە ناتەباییەک هەیە. بە بڕوای ئێمە واقعیەت ئەوەیە کە ئەوانە گشتیان بەستراونەوە بە هەل و مەرجی تایبەت و چۆنیەتی کارکردن بەو سیاسەتانە. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە هەموو ڕۆژێ زیاتر لە ڕابردوو پێ دەخەینە دنیایەک کە چاودێری «سەربەخۆیی» وڵاتان، ئیتر بۆ پاراستن و ڕاگرتنی ئەو حکوومەتانەی کە مافەکانی خەڵکی خۆیان لە بەر چاو ناگرن، بۆ قبوڵ کردن نابێ. (سەیری پرسیاری٥٣ بکە) لە گەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە گوشارانە دەتوانێ لە ڕێگای قەراردادە قبوڵ کراوەکانی مافی مرۆڤ بە هۆی دەستەکانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار بهێنرێ تا بە هۆی ئەوانەی دوو قۆڵی بە دیاریی دەیدەن[1].

١– ڕەنگە مەبەستی نووسەر لە« دیاریی دووقۆڵی» ئەوە بێ لە لایەک دانی یارمەتییەکانی ماڵی بە ڕێژیمەکانی سەرەڕۆ و لە لایەکی دیکەش هەوڵدان بۆ دانی دێموکراسی بە خەڵکی ئەم وڵاتانە– و



## دێموکراسی و « سازکردنەوەی قەوارەیی»١ (سازگاریی قەوارەیی)

ئیرادێکی دیکە کە لە بارەی مەرجی سیاسی دێتە گۆڕێ، ڕاستەوخۆ ڕووی لە سیاسەتەکان نییە، بەڵکو ڕووی لەو ناتەباییەیە کە پشتیوانی لە دێموکراسی لە لایەک و درێژە پێدانی سیاسەتی ئابووری (سازکردنەوەی قەوارە) و دانەوەی قەرزەکان لە لایەکی ترەوە دەردەکەوێ. چونکە ئەم سیاسەتانە دەبنە هۆی لاواز بوونی هەرچی زیاتری نیزامەکانی تازە پێگرتوو و شکێنەری دێموکراسی. قازانجێکی لە یارمەتی ئابووری بەم وڵاتانە دەگات، لە دانەوەی قەرزەکان و سوتی کە دێتە سەری، بزر دەبێ و هەر نایەتە حیساب. پێداویستییەکانی سازکردنەوەی قەوارە دەتوانێ لە ڕێگای کەم کردنەوەی موخاریجەکانی دەوڵەتیشەوە بێ دانانی جیاوازی لە نێوان ئەولەویەتەکان، ئامادەییە بۆ ئەو بەرنامانەی کە فەقیری وڵاتەکان چاویان تێبڕیوە، ئەنجام بدرێ. ئەو بەرنامانەن کە دەبنە گرنگترین هۆکاری پاراستنی پشتیوانی جەماوەر لە دێموکراسی و ئەم دڵنیاییە لەواندا پێکدێنێ کە دەوڵەتەکەیان چارەنووسی ئابووری وڵاتەکەی خۆیان دەگرێتە دەست.

١– Structural adjustment






## ٧٨ـ داخـوا بنیـاتە نێـونەتەوەییـەکـان دەتوانن دێموکراتیزە بکرێن؟

یەکێ لەو گیروگرفتە گرنگانەی کە سیستمگەلی دێموکراتی لە گـەڵی ڕوو بەڕوو بـوون، لاوازی و کـەم بـوونی دەسـەڵاتە بە سـەر چارەنووسـی خـۆیاندا. دەلیلی ئـەمکارەش ئەوەیە کـە زۆر لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی کۆمـەڵانی خەڵکی ئەم وڵاتانە پێک دێنن لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەواندان. لە پرسـیـارەکـانی ٧٣و٧٥ بوعدی ئابووری هێنانە خواری پلەی خودموختاری میللیمان باس کردووە. بەڵام ئەم گیرو گرفتە بۆ بەستێنی جۆراوجۆری دیکەش وەک : خـەرابی ژینگە، کۆنترۆل بەسـەر کانگا سروشتییەکاندا، ڕاگـوێزتنی حـەشـیـمـەت و هەر وەها ئامـادەیی نیـزامـیش پەرە دەسـتێنێ. ئیمڕۆ هیچ کۆمـەڵگایەک ناتوانێ لەم ڕووداوانە جیا بمێنێتەوە کە لەودیوی سنوورەکانی ڕوو دەدەن.

## شکلی جیاوازی وەڵامدانەوە

بەم چەشنە گـرنگـترین پرسـیـارەکـانی کـە سـەبارەت بە دێمـوکراسـی لە گۆڕێ دان، یەکیان چۆنیـەتی پێکهێنان یا پتەو کردنی ئەو بنیاتانە کە هـێزەکانی جیهانی و شـیرکـەتەکانی بان نەتەوەیی کـە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکـانیـان بـەدەسـتـە ئیـدارە و کـۆنـتـرۆلی دەکـەن. ئەویدیکەیان چۆنیـەتی ڕاگـرتنی وەڵامـدانەوەی ئەم بنیـاتانـەیە لە بەرانبـەر دێمـوکـراسـیدا. هەر

ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەم بنیتانە. لە ڕادەی ناوچەیی و لە ڕادەی جیهانیشدا بە شکلی پەیمانگەلی نێو دەوڵەتی هەن؛ بنیاتگەلی ئەوتۆش هەن کەمەیدانی تێکۆشانی گشتیتر و پتەوتریان هەیە وەک سندوقی نێونەتەوەیی پارە، دیوانی نێونەتەوەیی[1] و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش. ئەگەر لە ڕوانگەی دێموکراسیەوە سەیری ئەم بنیاتانە بکەین، خاڵی لاوازیان ئەوەیە کە ڕانی بە گوێرەی نموونەی ویشکی وەڵامدانەوەی نێو دەوڵەتان کار دەکەن. بەو مانایە کە لە جیاتی وەڵامدانەوە بە بیروڕای گشتی جیهان، وەڵامی دەوڵەتەکان دەدەنەوە و لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتانەی ئەندام کە کەللە ڕەقی و نە حاوانەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، دەسەڵاتی بەکار هێنانی نفوزیان نیە ؛ و زیاتر پێوانەی مەیلی وان، لە جیاتی بیروڕای گشتی نەتەوەکان، پێشینەی ئیمپراتوری دەوڵەتیان ودەسەڵاتی ئیستا پێوەریانە.

## پارلمانی جیهانی

چوونە پێش بۆ لای دێموکراتیزە کردنی بنیاتە نێونەتەوەییەکان، هەرەکەتێکی ئارامە و شکڵی پەرە گرتنی نفوزی بنیاتەکانی مەوجود، وەک: ئەنجومەنگەلی بەرگری لە مافی مرۆڤ و دادگاگەل وپارلمانەکانی ناوچەیی وەک پارلمانی ئوروپا،

---

١- International court of justice ( یەکێ لە شەش ئۆرگانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ناوەندی لەلاهە یەو هێندێ جار بە دیوانی لاهە ناو دەبرێ- و.



دەگرێتە بەر.

بەڵام پێویستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی نێونەتەوەیی بۆ تەنگ و چەڵەمەی جیهانی، دەبێتە هۆی ئەوە کە دووره دیمەنی پێکهاتنی پارلمانێکی جیهانی کار بڕ وچەمکی « هاووڵاتی جیهانی» ئیتر نەبێتە قسەی ئاواتخوازی وهەوایی، بەڵکوو وەک ئامانجێکی واقیعی دابنرێت.

## ٧٩- داخوا «کۆمەڵی جیهانی» (global society) ناسنامەی نەتەوەیی لەناو دەبات؟

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ناتەبایی ڕوو لە زیادی« جیهانی سازی »تازە ئەوەیە کە لەو کاتەدا کە چارەنووسی خەڵکی جیهان تا دێ زیاتر پێکەوە دەبەسترێتەوە، دەشبێتە هۆی پێداگرتن لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتور و مێژووی نەتەوەکانیش. لە کاتی ئێستا دا نەمانی جیاوازی نێوان کلتورو داب و نەریتی نەتەوەکان بە مەترسی جیددی حیساب ناکرێ. لە ڕاستیدا پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی پێش مەرجێکە بۆ دڵنیایی کردنی ڕەوەندی جیهانی سازی. ئەوەی لە داهاتوودا ڕەنگە پێک بێت ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی وەک تاقە شکڵی ڕەوای کۆمەڵگا کە قابیلی پشتیوانی سیاسی نەتەوەکەی بێت جێگای خۆی بدا بە ناسنامە گەلی جۆراوجۆری سیاسی و کەش و هەوای فرەخواز. خەڵک ورده ورده خۆیان سەر بە یەک شوێن،



ب



به یەک نەتەوە یا فیدراسیۆنی چەند نەتەوەیی، یەک ناوچە یا یەک قـارە و لە ئـاخـردا خـۆ بە هاووڵاتی دنیـا هەست پێـدەکـەن. دێموکراتەکان پێویستە لە هەڵدانێکی وا پێشوازی بکەن چونکە جـیـهـانـی کـردنی بڕوا بە دێـمـوکـراسی و ئەسـڵـەکـانی وی، لایەنگرانی دێمـوکـراسی بەرەو ڕووی ئەو دیوی سنوورەکـانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و پێیان نیشان دەدا کـە دەکرێ پێ لە پابەندی تـایبـەتی بـە یەک بیری سـیـاسـی تایبـەت ، بەرەو ئەولاتر هەڵبڕی.

## ٨٠- چۆن دەکـرێ دێمـوکـراسی لەگـەڵ ژیانی خەڵکی ئاسایی موتۆربە بکەی؟

جـێی خـۆیەتی کـە کـتـێـبی پرسـیـارو وەڵام لە بارەی دێمـوکـراسییـەوە بەم پرسـیـارە کۆتایی پێ بێنین کە پرسـیـاری هەرە بنچینەییە. ئەگەر خـەڵکی ئاسایی تایبـەتییـەکی خاسیان لە دێمـوکـراسـی دەست نەکـەوێ و لـەگـەڵ ژیـانی ڕۆژانـە و هـەل و مـەرجی ژیانی خـۆیان لە هـاوپێـوەندیدا نەزانن، هیـچ بەرگـریشی لێناکـەن. ئەگـەر خـەڵک لە نێـوان کـاندیداکان و بـەرنامـەکـانیـان جیاوازییـەک دانەنێن. بەو دەلیلە کە سیاسـەتمەداران ناتوانن یا نایانەوێ بارو دۆخـەکـە بە لای ویستی خـەڵکدا بگۆڕن؛ ئەگـەر دەسـتـەبەریی تەواو بۆ وەدەسـتـهـێنانی مـافـە سـەرەتاییـەکـانی مـەدەنی و سیـاسی لە گـۆڕێدا نەبێ و خـەڵک نەتوانن بەبێ ترس

دەست بە پێکهێنانی ڕێکخراو وخەبات بۆ چاری مەسەلە کۆمەلایەتییەکان بکەن؛ و گرنگتر لە هەمووی، ئەگەر خەڵک دەسەلاتی کارتێکەریان تەنانەت لە شوێنی کار و ژیاندا بەسەر بارو دۆخی خۆدا نەبێ، ئەو دەم ئیتر دێموکراسی دەبێتە وتەیەکی پوچ و بێ مانا و شکلێکی ڕواڵەتی کە لە جەوهەر و نێوەرۆک خاڵیە. ئەرکێکی کە لەستۆی دێموکراتەکانی گشت جیهاندایە، بریتیە لە: بەهێز کردنی نێوەرۆکی دێموکراسی لە پشت شکڵە ڕواڵەتییەکەی و کاربڕی و بناخە داڕێژی ئەسڵی چاوەدێری خەڵک و هاوسانیی سیاسی.

ئەم ئەرکانە هەم لە ئەستۆی ئەم دێموکراتانەیە کە کۆمەڵگایان لە حاڵی تێپەڕ بووونداپە لە نیزامی سەرەڕوییەوە بەرەو دێموکراسی و هەم لە ئەستۆی ئەو دێموکراتانەشە کە ماوەیەکە دێموکراسی لە ولاتەکەیاندا سەقامگیر بووە و دەیانەوێ دێموکراسی نوێ بکەنەوەو قووڵتری بکەن.

# بۆ زانیاری زیاتر

Arblaster, Anthony,1994.Democracy, Buckingham: Open University press, 2nd edition.

Bobbio, Norberto,1987.Future ofDemocracy,Politi press.

Dahl, Robert, 1989. Democracy and its Critics, New Haven and Lon don: Yale University press.

Dunn, John ed.,1992.Democrcy: the Unfinished Journey, oxford: ox ford University press.

Hannum, Hurst,1990. Autonomy, Sovereignty and Self-Determination, philadelphia: University of Pennsylvania press.

Held, David ed, 1993. prospects for Democracy, Cambridge: Polity press.

Huntington, Samuel,1991. The Third Wave:Democratization in the Late Twentieth century, Norman and London: University of Oklahoma press .

Keane, John, 1991. The Media and Democracy, Cambridge:Polity press

Lijphart,arend,1984.Democracies, New Haven and London: Yale Uni versity press.

Nickel, James W., 1987.Making Sense of Human Rights,Berkeley: uni cersity of California press.

Plattner, Marc and Diamond, Larry eds,1992. Capitalism,Socialism and Democracy (Journal of Democracy special issue no.3,3) ,Baltimore: Johns Hopkins University press.

Rodley,Nigel, 1987. The Treatment of Prisoners under International Law,OxfordUniversity press.

Rosas,Allan and Helgesen,Jan eds,1992.Human Rights and pluralist Democracy, Dordrecht: Martinus Nijhoff.

United Nations, 1993. Human Rights Fact Sheet Series.United Nations, 1993. Human Rights: a Compilation of International Instruments, two volumes.

## بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر

١- کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران

٢- وەڵامێک کوردی و فارسی

٣- ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی

٤- لە دەوری ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات کۆبینەوە

٥- ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی حوسێنی مەدەنی

٦- چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات

٧- کوردو فەرهەنگی بێگانە

٨- لێکۆڵینەوەی (کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم) کوردی و فارسی

٩- تایبەتی کۆنگرەی شەشەم

١٠- کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خودموختاری

١١- یادی هێمن

١٢- لە پێناو چی دا؟

١٣- بادانەوە

١٤- کڕوکاش

١٥- سەفەر بۆ کوردستان

١٦- لە بیرەوەرییەکانم بەرگی: ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠

١٧- پێداچوونەوە، بەرگی یەکەم (بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران

١٨- حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

١٩- پێداچوونەوە، بەرگی دووەم (بزووتنەوەی.........)

٢٠- گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا

٢١- کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکوومەتانی ناوچەدا



## ئەو بەرهەمانەی نووسەر کردوونی بە کوردی

١- دایک - ماکسیم گۆرکی

٢- ژیان و کردەوەکانی لێنین

٣- زەوی بچوک - برێژنێڤ

٤- کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە

٥- مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید

٦- یاسای بنچینەیی ئابووری سۆسیالیستی- چاپ نەکراوە

٧- حەمە چکۆڵ- ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ - چاپ نەکراوە

٨- ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە- ژۆرژ پۆلستەر- چاپ نەکراوە

٩- نامەکانی گوللە بارانکراوەکان - چاپ نەکراوە

١٠- ڕەوشی کوردان- مێژووی ئەردەڵان و بابان

١١- ئازادی یامەرگ - کازانتزاکیس

١٢- مەسەلەو زار گۆتنی لوڕی

١٣- ڕۆژەکانی ئێران - ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت

١٤- ئەفسانە کوردییەکان - ڕۆدینکۆ

١٥- لە کوردستانی ئێرانەوە تا ئەوبەری ئاراز (ڕێبڕینی مێژووی بارزانییەکان.

١٦- نان و شەڕاب - ئینیاتسۆ سیلونە

١٧- دێموکراسی چییە؟ ئاشنایی لەگەڵ دێموکراسی.